# هەڵوێست

گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتییە

وەرزی جارێک دەردەچێ

ژمارە
-٤-
١٩٨٥



chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# هەڵوێست

گۆڤارێکی ڕووناکبیریی گشتییە

وەرزی جارێک دەردەچێ

ژمارە
-٤-
١٩٨٥

سەرۆکی نووسین
ڕەوەند کوردستانی

سکرتێری نووسین
زیبکۆ

chalakmuhamad@gmail.com


# الموقف

مجلة ثقافية عامة

تصدر فصلياً

العدد

-٤-

١٩٨٥


***********

** هەر کۆڵینەوەو وتارێک لەم گۆڤارەدا بڵاودەبێتەوە، خاوەنەکەی بەرپرسیارە.

**دروشمی ئێمە " کۆڵینەوەی زانستیانەیە لە پێناوی مەسەلەی کورد دا " بە هەموو لایەنەکانیەوە.

**ئەم گۆڤارە پێشوازی هەموو جۆرە کۆلینەوەیەکی بیری دەکا، بە مەرجێ بابەتی نووسرابێ و پەیڕەوی بناغەکانی کۆڵینەوەی زانستی تێدا کرابێ.

** هەر نووسینێک لێرەدا بڵاوبکرێتەوە. دوای شەش مانگ، خاوەنەکەی بۆی هەیە لە کتێبدا یا شوێنی دیکەدا بڵاوی بکاتەوە.

** دەبێ نووسین بۆ ئەم گۆڤارە تایبەت بێ‌و بۆ شوێنی دیکە نەنێرێ.

** چ کۆڵینەوەو نووسینێک بڵاوبکرێتەوە، یا نا، بۆ خاوەنەکەی نانێرێتەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

## بۆ قسە لێکردن

# ئامانجی سەرەکی شۆڕشی کوردان

# یەکبوون

_ سکرتێری نووسین _

دەی گەلی برادەرینە ، با جارێکی دیکەش ، خۆمانە ، هەندێک دەردە دڵ بکەین ، دیارە لەخۆمان خوردبوونەوەو کۆڵینەوە ،زێدەتر دەبێتە تێگەیشتن و بەرەو پێشەوە چوون ، نیشانەکردنی کێشەو کەمو کورتی ، سەرەتاو بناغەی چارەسەرو دروستکردنە ٠ ئێوەش پێتان وانیە ؟! دیارە وەرامی مەنتیقی ئەوە هەر وایەو بەڵێیە ٠٠٠ پێشمان خۆشە ئەوە بڵێین لەو باسانەدا چونکە دڵسۆزانەیەکی پەتیو بێڕووپامالیە ٠ لەبنی هەمبانە دەدرێو چی غەوش و لەکەیەک هەیە ئەوەندەی بتوانرێ دەخرێتە مەیدانی قسەلێکردن و بگرەوبەردەوە ٠ ئێجگاریش خۆش بەخت دەبین خەڵکی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارو ئەوی ڕاستەوخۆتر لەگۆڕێیە ، بۆ وەدەستکەوتنی ئەنجامی بەجێ ، قەڵەم لەو باسانەوە وەردەن ٠

## سروشتی دروست بوونی بزوتنەوە سیاسیەکانمان

ئەگەر خاترو خۆتری تێدا نەبێو لە پیاوی هەڵا نەدەن ، ئەوا دەتوانرێ بووترێ: گەلێک لە بزووتنەوە سیاسیەکانی کورد ، پێوانەیەکی زانستی تەواو بۆ پەیدابوونیان نیە ٠ هەر کامێکیان ، کۆمەڵێک هۆی بابەتی! بۆخۆی دێنێتەوە ٠ هۆکانیش هی هەر

chalakmuhamad@gmail.com

هەموویان جگە لەگۆڕینی شێوەی داڕشتن و یاری بە ووشەکردن لەنێوەڕۆکدا یەکن . کەچی لە کارو کردەوەیاندا هەر یەکی لە دۆڵێکدان . ئەمە راستیەک دەسەلمێنێ: کە ئەو بزووتنەوانە لە زەمینەیەکی ناجۆری بەش بەشکراودا هاتوونە گۆڕێ . پاکیشیان لەو سنوورەدا واتا سنووری لێکدابڕان درێژە بە چالاکی خۆیان دەدەن .

ئامانجو هیوای شۆڕشی کورد، یەکگرتنەوەو هاوخەباتیو قەوارە دروستکردنە، هەستی خەڵکی گۆشکراوی پەروەردەی مرۆڤانە لە گەڵ ئەو ئامانجو هیوایەدا جووت دەبێتەوە، بەڵام وەکی ئەو بار، سنوری لێکدابڕانی بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد لە تەک بەرژەوەندی ئامانجی شۆڕش و هەستی جەماوەری کورد وێک نایەنەوەو راست و چەپ لێک دەوەستن .

## دەبێ ئامانجی شۆڕش چ بێ ؟

هەندێک جوڵانەوەی کورد، بەر لەنیوەی یەکەمی چەرخی بیستەمو دابکشێ بۆ چەرخی نۆزدەم . یەکگرتنەوە . یەکێک لە گەورەترین ئامانجیان بووە . ئێستاو تا دنیا دنیایە، دەبێ ئەو ئامانجە پیرۆزە لەبەر چاوی هۆش و لەبەر چاوی دڵ و لە بەرنیگای کردەوەدا بێ . نەبوونی ئەو تێڕوانینە گشتیو هەمە لایەنیە، خۆی لەخۆیدا برەو بە دابەشکردن و دووبەرەکی دانە، بۆ ئەمە قسە بە زۆراندان هەڵناگرێو بەشێوەی بیردۆزێکی سەلمێنراوی بیرکاریو زانست بەڵگە نەویستە .

chalakmuhamad@gmail.com

پەیمانە نێو دەوڵەتییەکانی نێوان داگیرکەرانی کوردستان خۆ بەخۆو ئەمان و دەوڵەتانی ئەورووپایی دوورو نزیک پێش هەموو شتێک ئەوەیان بە نەزەر وەرگرتووە کە هەوڵی نەپساوی خۆیان بۆ دابەش بوونو براڵەبرا کردن بدەن، ئەمە سیاسەتی دامەزراوی ئەوانە. تا ئێستاش لە هەموو لایەکەوە پتر لەسەری سوورن و گورِو تینی تازەیان بەبەردا دێتەوە. شۆڕشگێڕی کورد دەبێ زۆر بەچاکی ئەوە بزانێ کە کورد پەرتکردن بەردی بناغەی یەککەوتن و دروست بوونەوەی هاوپەیمانیە لەنێوان ئەوان دوژمنانەدا .

ئەو سیاسەتە، لەوە ترازاوە، تەنها لەلایەن داگیرکەرەکانەوە پەیرەو بکرێ . بەداخەوە لەنێو بەشێکی کوردانیشدا بۆتە داموو دەزگای سیاسیو کۆمەڵایەتی ـ پیاوی تایبەت و نەخشەی شەیتانانەو بەرژەوەند پەرست و بێگانە پەرست کەم نین ، نموونەی هەرە زەقی ئەو داموو دەزگا سیاسیو کۆمەڵایەتیانە خۆی لە پارت و ڕێکخراوە کارتۆنیو داتاشراوەکاندا و لە جاش و کەسانی خۆفرۆش و هەڵخەڵەتاواندا دەبینرێنەوە .

ئەوانە لەوێ بووەستن ، شتێکی دیکە هەیە، کە نابێ وابێ، ئەویش لێکدابڕانی پارتە خۆماڵییە دڵسۆزەکانە، تەماشاکردنیان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە پەیوەندی ستراتیژییەتی دوور ڕەو لە سیاسەت و ئابوریو لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستاندا دۆخی تەسەلی نەگرتووە، ئێمە لێرەدا دەپرسین : ئایا بێ گرێدانی ستراتیژیەتی سیاسیو ئابوریو پێشمەرگایەتی، یەک بوون دروست دەبێ؟ ئایا پێشکەوتنی ئابوریو ڕووناکبیری دەخەملێ؟ ئایا هێزی لەشکری

chalakmuhamad@gmail.com

شۆڕشگێڕمان دەتوانێ لە بەرامبەر کەڵەگایەتی ئەم چەرخو دوژمنەکانماندا بووەستێ؟ برا گەلینە با لە وەرامی زانستیو ئازایانە بگەڕێین . با برینەکانمان دەرزی ئاژن بکەین تا چارەسەر بدۆزینەوەو بە ئامانج بگەین .

لەم ڕوانگەوە، یەک بوون، بە مەسەلەی چارەنووس دەزانین. یەک بوون کاکڵەی نهێنی مانەوەو بەپێوەمانمانە . جارێکی دیکەش با بپرسین، ئایا ئامانج جوداییو هەریەکە ڕێگەی خۆگرتن بە یەک بوونمان دەگەیەنێ؟ ئایا هەڕەشەی دوژمنانمان لەهەر گشتمان نیە؟ ئایا داگیرکەر لە هێرش و تالآن و بردەو کاول کردن و کوشتنو بریندا دەست دەپارێزێو جودایی دەکا ؟

زانست و ڕووداوەکانی ڕۆژگاری دوێنێو ئەمڕۆ، بانگمان دەکەن لە جەوهەری شۆڕشی کوردان، یەک بوون. کەم تەرخەمی نەکەین . با خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە، بیری ڕاستەقینە، لە یەک بوون نەکەینەوە، دەنا وەک بەفری بەر تاوی بەهارمان لێدێ .

سەرکردایەتیو سیاسەتمەداری کوردو ڕووناکبیران لەم ڕووەوە زێدەتر بەرپرسیارن . دەبێ بیر لە واقیعی دابەش بوونی هێزو توانستی کورد بکەنەوە، بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی بگرنەبەر. دەبێ قانعی تایبەت وەلاخرێ، کێشەی ئێمە،کێشەی ئەوە نیە کێ سەرکردەو ڕابەرە! چ دەستەیەک پێشڕەوە یا دواڕەوە. بەتەواوی دڵنیاییەوە هۆیەکی سەرەکی چۆکدانی بزوتنەوە سیاسیەکانی کورد بێ دەسەڵاتیان بووە لە تێگەیشتنی یەک بوون . ئەگەر دروشمیشیان یەک بوون بووبێ،نەیان توانیوە بیکەنە کردارو بیخەنە مەیدانی

chalakmuhamad@gmail.com

کــــاری ڕۆژانەوە .

دەبا تێگرا پێکەوە ، خەڵکی کوردستان ، بە دروشمو کردەوەی یەک بوون هۆشیار بـــکەینەوە . لەهەمان کاتیشـــدا ســـەرجەم بیری دابەش بوون ڕســـوا بـــکەیـن .

ـ زرێبکۆ ـ

****

من ئەو دیلـــەم لەزیندانی تاریکا
هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەر چاوم
بەتاو هەزار حەڵقەی داوی باریـکا
قەفی زنجیر ئەپچڕێنی هەنـــگاوم

××

من ئەو دیلـەم لەپشت شورای پـۆڵاوە
ئاسۆی هیوای گەشم هەرگیز وون ناکەم
لەڕووی ئاسمان بەگڕی سوور نووسراوە
بەندە بەندەی ئایینامەی بڕواکـەم

(( گـــۆران ))

chalakmuhamad@gmail.com

# چوار چێوەی ئیش

ـ دۆستی ـ

( ١ )

تەنیا ئاوات خواستن بەس نیە ... تەنیا نیازی چاک بەس نیە .. تەنیا ( ڕاستە ، وایە ) بەس نیە .

نیازی چاک پیرۆزە .. بیرکردنەوەی ڕاست پێویستە .. خواستی باش گرنگە ..

بەڵام نیاز ، بیر ، خواست ، ئەو ساتە دەبێتە هێزێکی ماددی،هێزێکی مێژوویی ، هێزێکی هەرەوەزی کاریگەر ، کە بگۆڕدرێ بە کردار ... کە بخرێتە ئیش ...

مەودای نێوان نیازی چاک و بیرکردنەوەی ڕوون و خواستی دڵسۆزانەو کردەوەی ڕۆژانە ، چەندین بۆشاییان تێدایە کە دەبێ پڕبکرێنەوە .

ئەوەندە بەس نیە .. کە کورد بی ..

ئەوەندە بەس نیە خۆت بە کورد بزانی ، بە کوردی چاک بزانی، سەرکەوتنی کوردت گەرەک بێ .

ئەمە لە ئاستی نیاز بەدەر نیە .

مانەوەت لەم ئاستەدا وەک ئەوە وایە ژمارەیەکی ڕووت بی . ببی یان نەبی ، دەورێکی کاریگەرت نابێ .

بە چ دەچێ بڵێین : کورد بیست ملیۆنە . نەبا بە . بیست و

chalakmuhamad@gmail.com


مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه: مه‌سه‌له‌ی ژماره‌ی ڕووت نیه. ئێمه ژماره‌یه‌کمان ده‌وێ که مانای هه‌بێ... ژماره‌یه‌کمان ده‌وێ که شوێنی هه‌بێ.. ژماره‌یه‌کمان ده‌وێ که له موعاده‌له‌ی سیاسی بزوتنه‌وه‌ی مێژوویی گه‌لی کوردستاندا جێی خۆی بگرێ... ئه‌رکی خۆی هه‌بێ.. کاریگه‌ری خۆی بنوێنێ .

که‌می به‌کارو کاریگه‌ر، له زۆری زڕو بێبه‌ر باشتره .
پێشینان وتوویانه: که‌م‌و پوخت ، نه‌ک زۆرو بۆر .
به‌ڵام ئێمه که باوه‌ڕمان به مرۆڤه.. که باوه‌ڕمان به توانستی له‌بن نه‌هاتووی مرۆڤه.. که باوه‌ڕمان به هێزی گه‌ردوونی‌و خواستی مێژوو- درووستکه‌رانه‌ی مرۆڤه :
باوه‌ڕمان وایه که‌هیچ مرۆڤێک ژن یا پیاو ژماره نیه.. که هیچ مرۆڤێک ، گه‌ر هه‌ل و مه‌رجی دروستی بۆ بڕه‌خسێ ، گه‌ر هێزی مرۆڤایه‌تی خۆی بدۆزێته‌وه‌و بخاته کار، دره‌ختێکی زڕ نیه....
ئاژه‌ڵێکی بێ هۆش و گۆش نیه... به‌ڵکو هێزێکی بنیاتنه‌رو داهێنه‌ره. باوه‌ڕیشمان وایه که مرۆڤی کورد، هه‌ر مرۆڤێکی کورد ده‌توانێ ده‌وری خۆی ، نه‌ک ته‌نیا له‌ناو چوارچێوه‌ی خه‌باتی گه‌لی کوردستاندا ، به‌ڵکو له چوارچێوه‌ی خه‌باتی دیموکراسی و گه‌ردوونی مرۆڤایه‌تی هاوچه‌رخدا ، ببینێ .
ده‌وری خۆی ببینێ ، وه‌ک ئه‌رکێکی مرۆڤانه‌ی پیرۆزو مه‌زن ، نه‌ک وه‌ک ژماره‌یه‌کی ڕووت .
به‌ڵام له‌سه‌رمانه ئه‌م ده‌وره وه‌ک کورد ببینین: نه‌ک بیژووه کورد،

chalakmuhamad@gmail.com

کوردی ـ تـــوا وە ، کـــوردی کۆزمۆپۆلیتا ن .

ئێمە ، بە درێژایی مێژوو، دوژمنا نما ن ، دوژمـــنا نـی مـرۆڤ و مرۆڤا یەتی ، ئەو هەل و مەرجا نەیا ن لێ سەندووین کە وەکو مرۆڤـی کورد، وەکو کوردەوا ریو کۆمەڵگا ی کورد، وەکو نەتەوەی کـــورد، بەشدا ری خۆما ن لە ڕێڕەوی پێشکەوتنی شا رستا نێتی جیهـــا نیـــدا بنوێنین .

دوژمنا نما ن جگە لە هێرش و شا ڵاوی دڕندا نەو وێرا نکەرا نەو دا گـیر کەرا نەی ڕا ستەوخۆ، توا نیو یا نە، لەبەر زۆر هۆی جوگرا فـــی و مێژوویی، ( چوا رچێوەیەکی توا ندنەوە ) لە دەوری گەلەکەما نـــدا درووست بـــکەن ... توا نیویا نە : سەربا ری تا ڵانکردنی ئا بـــووری وڵاتەکەما ن ، هێزو وزەو توا نست و لێها توویی مرۆڤی کوردیش بـــۆ خۆیا ن بدزن، بمژن ، بیتوێنـــنەوە .

جەنگا وەری گەورە دڵ ، سەرکردەی بێ ها وتا ، زا نا ی بیـــر فرا وا ن ، سیا سەتمەدا ری لێزا ن ، مێژوو نووس و شا عیرو نووســەری بە نا وبا نگ ، کەڵە رووناکبیرا نی تا زەخوا ز، سنعەتکا رو هونـــەر زا نا نی بێ وینە ...

هەموو ئەما نەو زیا تر لەما نە، بە درێژا یی مێژوو، خا کی پیـــرۆزی کوردستا ن ژیا نی پێ بەخشیون ، ئا وو هەوا ی پا کی چیا کا ن پەروەردەی کردوون ، با وەشی گەرمو لایلایەو مەتەڵ و دا ستا نی‌دا یکـی کـــورد پێی گەیا ندوون : کەچی لەنا و ( چوا رچێوەی توا ندنەوە )دا سەریا ن هەڵدا وە... گەرچی زۆریا ن مۆرک و نیشا نەی تا یبەتێتی کوردستا نیا ن بزر نەکردووە.. بەڵام هەرچۆنی بێ ، بوونەتە مڵکی کەلـــتووری

chalakmuhamad@gmail.com
بێگانە... بوونەتە سامان و جێگەی شانازی بێگانە... بوونەتە بەشێک لە مێژوو ـ و شارستانێتی بێگانە ....

هۆکانی ئەم دیاردەیە گەلێکن... تێکەڵ و بەگوێ و گۆڵن... وەنگە لە دەرفەتێکی دیدا بە درێژی لێیان بدوێین .

بۆ ئێستا، دەڵێن: هۆی بنچینەیی سیاسییە... واتە نەبوونی هەوێتی نەتەوەیی سەربەخۆ لە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، یان دەسەلاتێکی سیاسی سەربەخۆدا ...

ڕەگە مێژووییەکانی ئەم هۆیەش زۆر لە مێژینەن: سەرەتا لە ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا بەدەستی فارسەکانەوەو ، دوایی پێ هاتنی یەکەم پێک هاتووی نەتەوەیی ـ کوردستانی لە مێژوودا ...دەست پێدەکا ـ لەوساوە کوردستان بوو بە مەیدانی بەربەرەکانی ئیمپراتوریەتە دراوسێکان....

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیشەوە بوو بە مەیدانی بەربەکانی هێزە ئیمپریالیستەکان .

لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمیشەوە پارچە پارچەو دابەش کرا .

بەم جۆرە ، گەرچی گەلی کورد هەمیشە ئازادی خۆی پاراستووە ، بەردەوام میرنشینی سەربەخۆی هەبووە ، بڵێسەی شۆڕشی نەکوژاوەتەوە ، لە هیچ کاتێکدا کوردستان نەیتوانیوە یەکێتی یەکی نەتەوەیی ( سەربازی ـ سیاسی ـ شارستانی ) وەک سەردەمی میدیا بەدەست بێنێتەوە...

بەڵکو هەر لەوساوە ( چوارچێوەی تواندنەوە ) خۆی درووست کردووە . تواندنەوەکە ، وەنەبێ لە شێوەی لەناوبردنی کەلچەری میدیا

chalakmuhamad@gmail.com

( کوردستان )و سەپاندنی کەڵچەرێکی دیکە بووبێ .

هیرۆدتس ، باوکی مێژوو ، لە کتێبەکەیدا ، باسی ئەوە دەکا چۆن فارسەکان شەیدای کەلچەرو شارستانێتی میدیا بوون..چۆن تەواوی شێوەی ژیانی خۆیان لە خواردن و جل و بەرگ و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵیی گۆڕیو شێوەکانی میدیایان وەرگرت و لە دوابیدا، کردیانن بەهی خۆیان!! ( سترابۆ ) هەر ئەو ڕاستییە، لە ڕوانگەیەکی ماددیـ زانستییەوە شی دەکاتەوە..ئەمە یەکەم نمونەی(توانەوەی بەراوەژوومان) لە مێژوو دا دەداتێ...

واتە : کەلچەری خاکێکی داگیرکراو، هێزی داگیرکەر لەناو خۆیدا دەتوێنێتەوە!! .

وەنەبێ ئەمە تەنها ڕێکەوتێکی مێژوویی بێ .

دۆزینەوە ئارکیولۆجییەکانی کوردستان ، بە تایبەتی لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا : ئەو ڕاستیە مێژووییە گرنگەیان دەرخست کە کوردستان یەکێکە لەهەرە کۆنترینی ئەو ناوچانەی شۆڕشی(نیولوتیکی) ( واتە گوازتنەوەی لە سەردەمی بەردییەوە "لە ئەشکەوتەوە" بۆ نیشتەجێ بوون لە گوندی کشت و کاڵیدا ) تێدا ڕوودا وە ...

بەلای کەمەوە (٣٥٠٠) پێش ئەوروپا ، کوردستان ـ نشینەکان توانیویانە دەست بەسەر هونەرە مەزنەکانی بنیات نانی شارستانیەـ تدا بگرن .. توانیویانە سروشت ڕام بکەن ، زەوی بکێڵن و بچێنن و کشت و کاڵ بەرهەم بێنن.. توانیویانە چنین بێننە کایەوەو جل و بەرگ دروووست بکەن.. توانیویانە ئاژەڵ ماڵی بکەن وبەخێوکەن و بەرهەمەکەی وەک خواردەمەنی جیاواز درووست بکەن ـ توانیویانە

chalakmuhamad@gmail.com

قاپ و قاچاغی ناومال دروست بکەن .

ئەورووپا ، لە ڕوانگەی یورو- ناوەندییەوە ، کە لە ناوەڕۆکدا ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانەو ئیمپریالیستانەیە ،هەموو پێشکەوتنێکی زانستی بەهی خۆی حسێب دەکا ......

لەم ڕوانگەیەوە ، زانست تەنیا لەم دووسێ سەدەی دواییەوە دەست پێ دەکا ...

بەڵام وەک زاناو ( ئەنثرۆپۆلۆجیست )ی بەناوبانگی فەرەنسی (کلود لیڤی ستراوس ) زۆر زانستانە ڕوونی کردۆتەوە : ( ئەو ڕاستییەی کە زانستی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەکی کەم ، گیرو گرفتێک دێنێتە پێشەوە کە " ئیثنۆلۆجیستیەکان " بە تەواوی لێی ورد نەبوونەوە .... " ناکۆکی نیولوتیکی "Neolithic Paradox ناونانێکی گونجاوی ئەم گیرو گرفتەیە ) .

لیڤی ستراوس دەری دەخا ، کە هەر هونەرێک لەو هونەرە مەزنانەی بنیاتنانی شارستانێتی نیولوتیکی ، هەر تەکنیکێک لەو تەکنیکانە بە شانس و ڕێکەوت دروست نەبوون ، بەڵکو لە ئەنجامی (چەندەها سەدە تێڕوانین و ووردبوونەوەی چالاک و میتۆدی- یانەو گریمانی ئازایانە کە بەهۆی ئەزموونی بێ - کۆتایی دووبارەکراوەوە ڕاست و چەوتیان دەرکەوتووە ، هاتوونە کایەوە ).

*******

کەوایە : کە ئێمە دەڵێین کوردستانەکەمان لانکەی شارستانیەت و زانستە ، تفەنگ بە تاریکییەوە نانێین و ئێمە تەنیا ڕاستییەکی مێژوویی ، زانستی دەخەینە ڕوو .

chalakmuhamad@gmail.com

بەهەرحاڵ ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێ: درووست بوونی شارستانیەت، خۆی لە خۆیدا، نیە...بەڵکو بەردەوامبوونی شارستانیەتە....

بەر لەوەی جارێکی دی، دەستنیشانی هۆیە مێژوویی‌یەکان بکەین، مەرجە بزانین بەردەوامبوونی شارستانیەت، چیەو چۆنە........ ناوەرۆکی شارستانێتی هەر نەتەوەیەک کەڵچەرەکەیەتی .

کەڵچەریش لەهەر قۆناغو سەردەمێکی مێژووییدا، لە سێ جۆرە (بوون)دا خۆی دەنوێنێ. ١ ـ شێوەی بوونی ماددی کەڵچەر: واتە ئەو بەرهەمو کەرەسەو درووستکراوە ماددیبیانەی لە ئاردانو وەک بابەتی بەرهەم هێنان، یان ژیان بەکاردەهێنرین .

٢ ـ شێوەی پراوەکردنی کەڵچەر: کەڵچەر شتێک نیە تەنیا بوونێکی بابەتی هەبێ... کەڵچەر نێوەندی ژیانە: کەڵچەر پراوە دەکرێ، کاری پێ دەکرێ، دەخرێتە ئیش، (موماڕەسە)دەکرێ. کەڵچەر: لەگەڵ هۆشیاری مرۆڤدا تێکەڵ دەبێ.. ناوەوەیی دەکرێ: لە شێوەی خووـ ڕەوشت و سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەبڕێ، لە شێوەی هەڵسوکەوت و پێوەندی کۆمەڵایەتی دا خۆی دەنوێنێ.. دەبێتە نێوەندی بیروباوەڕو بۆچوون و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی، دەبێتە بۆتەی ڕەگەزو بنەکانی جیهان ـ بینی نەتەوە... زمان و شێوەکانی دەربرین و بەکارهێنانی زمان سەر بەم جۆرە بوونەی کەڵچەرن وەک پراکتیک .

٣ ـ شێوەی تۆمارکراوی کەڵچەر، چ وەک وێنەو نەخش و نووسینی سەر بەردو پێست و چ وەک جۆرە نووسینەکانی تر. کەڵچەری نووسراوو تۆمار کراو ڕاستەو خۆترین بەڵگەی مێژوویی پێشکەش دەکاو

chalakmuhamad@gmail.com

دەرگای زانین سەبارەت بە رابردووی نەتەوەکان دەخاتە سەر پشت . کەڵچەری بە زمانی نەتەوەیی نووسراو دەبێتە موڵک و میراتی نەتەوەو سامانی زیندووی شەوەیەک لە دوای یەکان .. دەبێتە بنەمای هەوێتی نەتەوەیی . دەبێتە تۆماری ژیان و شارستانێتیو مێژوویی نەتەوە .

ئەم سێ شێوە بوونەی کەڵچەر لێک دابڕاو نین.. بەستراون بە یەکەوە ، بەهەرسێکیان یەکێتی کەڵچەری نەتەوەیەک لە قۆناغی مێژوویی دیاریکراودا پێک دێنن .

دۆزینەوە ئەرکیۆلۆجییەکانی کوردستان : کۆنیو مەزنی شارستانێتی کۆنی کوردستان نیشان دەدەن . گۆزەو دیزەو هیزەو کوپەو کەندوو و کاسەو کەوچک و قاپ و قاچاغی ناومال و بەڕەو مافوورو جۆرەها چنینی تر ، ئەو بابەتانە نین کە ڕەنگە ئێستا زۆرمان بەچاوێکی سووکەوە سەیریان کەین... گرنگی ئەوانە ...وەک لیڤی ستراوس ڕوونی کردۆتەوە ـ لەو پرسیارە مەزنانەدایە کە دەیانخەنە بەردەم هۆشی ئیستای مرۆڤ : داخۆ ئەو بابەتانە لە ئەنجامی چەندەها ئەرک و هەڵەو ماندوێتی و تاقیکردنەوەو پێشکەوتنی بیرکردنەوەی شارستانیو کۆمەڵی مرۆڤ ، داهێنراونو درووستکراون ؟!

بەڵام گومانی نیە شێوەی زیندوو و کاریگەری کەڵچەر : شێوەی بوونێتی وەک پراتیکە.. ئەنترۆپۆلۆجیستە بۆرژوازییەکان ، لە ڕوانگەی یورو ـ ناوەندیو ڕەگەزپەرستییەوە بۆ مەبەستی ئیمپریالیستانە ، چاوپۆشی لەم لایەنە زیندووەی کەڵچەری نەتەوەکان ،

chalakmuhamad@gmail.com

بەتایبەتی نەتەوەکانی جیهانی سێ ، دەکەن ، یان لە چوارچێوە مێژووییەـ ماتریالیییەکەی دەردەهاون ، پەیوەندی لەگەڵ رابردوودا ، دەپچڕێنن ، ئەو لایەنانە هەڵدەبژێرن و دەخەنە بەر چاو کە بەلای ئەوانەوە سەیرو سەمەرەو عەنتیکەن و نیشانەی دواکەوتوویی‌و ( بەربەرێتی ) ئەو نەتەوانەن.. تەماشاکەرانی تەلەفزیۆنی بەریتانی بۆ نموئە ، زۆر جار بینیویانە ، چۆن لەهەر گەشتێکی شاژن دا بۆ ئەفریقا ، ئەفریقیەکان وا نیشان دەدرێن کە " بەربەرین "و لە سەماو هەڵپەڕین و خۆ ڕەنگ کردن بەولاوە هیچ نازانن.. بەڵام ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کەهەر باب و باپیرانی ئەو ئەفریقیە ڕەشانە بوون کە مەزنترین شارستانیتیان لە مێژوودا درووست‌کردووە ، کە دەورێکی گەورەیان لە دامەزراندنی شارستانێتی میسری کۆندا هەبووە ، کە ئەو سەماو عادەت ونەریتانەی ئەمرۆشیان ، بەردەوامی ئەو ڕەگە شارستانییە کۆنانەن کە ئۆبالی دواکەوتنی ئەمڕۆی ئەفریقاو گەلانی جیهانی سێ ، بەشێوەیەکی سەرەکی ، لە ئەستۆی ئیمپریالیستان و جیهان خۆرانی سەرمایەداری ڕۆژئاوادایە !!.

******

گەلی کوردستانیش ، شارستانێتی کۆنی خۆی ، نەک هەر لەبەهێزیو بەپێزیو جوانی زمانەکەی و دەوڵەمەندی و فراوانی فۆلکلۆرەکەیدا پاراستووە ، بەڵکو ( مرۆڤی کورد ) خۆی وەک کەسێتی‌و ڕوانگەی جیهانی بینی ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ، خوو ڕەوشتی شارستانێتی کۆنی هەڵگرتووەو پاراستووە... بنچینەی سەرەکی ئەو پاراستنەش :

chalakmuhamad@gmail.com

پەیوەندی ڕۆحیو ماددی نێوان مرۆڤی کوردو خاکە پیرۆزەکـــــەی کوردستان ، بووە!!.. خاکی کوردستان چیا سەرکەشەکانیو کـــــەژو گردە ڕازاوەکانیو دەشتە بە پیتو دەوڵەمەندەکانی ، سەرچـاوەی هێزو ووزەی ڕۆحیو جوانی خوازیو ژیان پەرستی مرۆڤی کورد بـوون. شاخ... گەرچی لە هەندێ ڕووەوە ڕێی لە یەکێتی نەتەوەییو تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گرتووە ، لە لایەکی ترەوە : بۆتە گۆڕانێکی ڕۆحی هاوبەش لەنێو هەموو تیرەو هۆزەکانی خەڵکی کوردســـــتانـدا...

جوانی چیا بەفرینەکانی کوردستان: بەستەی سەر زاری هەموو لایەکی کوردەواری بـــووە...

داستانەکانی ئەوینی چیا ، وەک ، خەجو سیامەند، لەم شاخەوە بـۆو شاخ، لەم دۆڵەوە بۆو دۆڵ ، لەم گوندەوە بۆو گوند، دەنـــگیـان داوەتەوە... دانیشتوانی هەر بەشێکی کوردستان بە زاری خـۆیـان دایان ڕشـــتووە...

لە بادینان و بۆتان ، لە سۆران ، لە بابان ، لە مــــوکریـانو ئەردەلان، داستانی خەجو سیامەند بێژراوەو گیردڕاوەتەوە .

داستانی خەباتی مێژوویی هەر پارچەیەکی کوردستانیش ، وەک قـەڵای دمدم ، دەنگدانەوەی لەناو ویژدان و دڵ و دەروونی جـەمـــاوەری سەرانسەری کوردستاندا بەرپا کردووە...

بۆیە سەیر نیە : کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤیاتیش قەڵای دمـــــدم بەشێوە زاری خۆیان بڵێنەوە .

پەندەکانی پێشینان ، کە تۆمارێکی زیندووی تاقیکراوەی لەمێژینەی کۆمەڵیو شارستانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن ، لەهەر لایەکـــی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستاندا ، بە شێوە زمانێکی جیا هەن: بەڵام ناوەڕۆکەکەیان یەکە : هەموویان دەربڕینی جۆرە ژیانی جیهان بینیو لێکچووی مرۆڤی کوردن. جیا لە هەموو گەلانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەند ، کورد نەبوتە یەخسیری بیری ئاینی... جیاوازی کەرتی دینی لە نێو گەلی کوردستاندا نیە ... پروپاگەندەی ئاینی ناتوانێ کار بکاتە سەر خەباتی نەتەوەییو دیموکراتی زەحمەتکێشانی کوردستان و ڕێبازیان لێ بگۆڕێ .

مرۆڤی کورد زیرەک و وریایە...چاوکراوەو بیرفراوانە ..تازەخوازە ... ئازاو لەخۆ بوردووە.. ژیانی خۆش دەوێ و بەتەنگەوەیە ئاشتیو بەختەوەری بۆ کۆمەڵەکەی زامن کا .. بە هاوبایەخی مرۆڤانەیبەرزی هەن و دەیان پارێزێ... باوەڕی بە فێڵ و فوتو تاوان نیە ... باوەڕی بە (یەکێتی مرۆڤ) و برایەتییەکسانیو هاوچارەنووسی هەموو مرۆڤ هەیە.. لە درێژایی خەباتیدا ، شۆڕشگێری کورد شێوەی ( تیروریزم )ی بەکار نەهێناوە.. دیلی نەکوشتووە.. نەیویستوە لەسەر حسێبی پان کردنەوەی بێ هیز ، هێز بۆ خۆی درووستکا.. پێشمەرگەی کوردستان، هەمیشە تا ئێستاش، نەیویستووە ـ سەربازی ئاسایی بکوژێ ، گەر بە حوکمی ـ بەرگری کردن ـ ناچار نەکرابێ . کوردستان ، هەمیشە قەڵای سەختی ئازادیو بەربەرەکانی ئیمپریا ـ تۆریەتە گەندەڵ و ستەمکارەکان بووە.. باوەشی داڵدەی ئازادیخوازو دیموکراتانی گەلانی براو دراوسێ بووە... کورد شەڕی نەویستووەو ناوێ ... پیلانی ئەهریمەنانەی ئیمپریالیزمە، کە ئەم داوە جوگرافییەی بۆ کورد ناوەتەوەو ، شەڕێکی دڕندانەو نا مرۆڤانەی

chalakmuhamad@gmail.com

بەسەردا سەپاندووە......

شاعیری کورد،نووسەری کورد، ڕوناکبیری کورد هەمیشە چاوی لە هەموو جیهانە- لە قەڵەمەکەی خوێنی هەموو گەلانی خەباتکەر دەتکێ ... گۆرانی بۆ هەموو ئازادیخوازانی دنیا دەڵێ! خەباتی هەموو چەوساوەکانی جیهان بەهی خۆی دەزانێ - هەستی ئینتەرناسیونالی خاسیەتێکی مێژوویی ئەدەبی کوردە.....

ئەمانە هەموو بەشێکن لە کەسێتی شارستانی - مێژوویی بەردەوامی گەلی کوردستان .

بەڵام - چوارچێوەی تواندنەوە- لە زۆر کاتدا، زوربەی ئەو خاسیتانەی هەڵلووشیوە.....

ئێستاش ، وای کردووە ، وەک شێوەیەکی بێ ناوەرۆک بمێننەوە..وەک بۆتەیەکی بۆش ...

ئەم بۆشاییە- لە کەسێتی مرۆڤی کورد خۆشیدا ، زیاترو زیاتر ڕەنگ دەداتەوە..

تا دەسەڵاتی هێزەکانی داگیرکەر بەسەر کوردستاندا زیاتر بێ، تا شالاوی تواندنەوەی کەڵچەرو شارستانێتی کورد، بەهێزتر بکرێ ، تا دیواری( پەروەردەییو کەڵچەری) بێگانە زیاتر لە نێوان مرۆڤی کوردو هەوێتی تایبەتی خۆیدا دروست بکرێ، زیاترو زیاتر، مرۆڤی کورد دەبێتە ژمارەیەکی ڕووت ، شێوەیەکی بێ ناوەرۆک ، قسەیەکی بێ کردەوە... نیازێکی ڕووتی بێ نەخشەو ڕێباز....

ئەم دیاردەیە لە زۆر هەڵوێستدا ڕەنگ دەداتەوە...

زۆر جار کەسێک دەبینێ خۆی زۆر بە کورد دەزانێ ، بەڵام زمانەکەی

chalakmuhamad@gmail.com

خۆی نازانێ ، بەخۆشی ڕەوا نەبینیوە فێری بێ ، گەرچی زمانی داگیرکەرانی وڵاتەکەی، یان زمانە ئەوروپاییەکان ، باش دەزانێو شانازی پێوە دەکا ...

کوردێک دەبینی زمانەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ ، بەڵام هیچ نووسینێک بەزمانەکەی خۆی ناخوێنێتەوە !!

کوردێک دەبینی لە ووت و ووێژو قسەو گوفتاردا تا بڵێی کوردە !بەڵام کە دێیتە سەر ئیش و کردار ، دێتەوە سەر سفر !!

هەیە ، خۆی لەسەر کورد ئاوارە کردووە؟ یان وای دادەنێ؟ کەچی ئامادە نیە ( سێ دولار ) بۆ گۆڤاریکی کوردی ، یان پاڵپشتی کردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی کورد سەرف بکا .. لە کاتێکدا بەلایەوە زۆر ئاساییە کە (٣٠) دۆلار لە بارێکدا سەرف بکا ..

******

لەم دیاردانەوە دەبێ: جۆری بیرکردنەوەمان دیاری کەین...، دەبێ بە خۆماندا بچینەوە... دەبێ بیربکەینەوە تووشی چ نەعلەتێکی مێژوویی بووین کەوامان لێ دەکا : ئەو بۆشاییە لە هۆش و کەسێتیماندا درووست بێ.. کەوا ( دوو ڕوو ) دەرکەوین ، کەوای دانێین: بۆ کورد خۆ بەخت دەکەین ، چەوساوەییو کوێرەوەری ئاوارەییمان لەسەر ئەوەیە کە کوردین: کەچی بچوکترین کار ، یان هەڵوێست چییە ، کە خزمەتی گەلەکەمان بکا ، خۆی لێ دوور بگرین، ئەرکی یەکەممان ئەوەیە ، هەر یەکە لە شوێنی خۆمانەوە ، چوارچێوەی تواندنەوە لە ناو بەرین .

ئەوەش تەنیا بەوە دەبێ کە بە خۆتدا بچیتەوە... کە خۆت لەو

chalakmuhamad@gmail.com

بۆشایی‌یه دەربازکەی کە پەروەردەو بیرو سیاسەتی داگیرکەران لە مێشک و کەسێتی تۆدا درووستیان کردووە.. تەنیا بەوە دەبێ، کە لە ژمارەیەکی ڕووتەوە ببیتە ئەندامێکی کاریگەر .....

ئەو کاتە دەبیتە ئەندامێکی کاریگەر کە لە پێناوی نەتەوەکەتدا بژی... وەک ئەندامێکی نەتەوەکەت بژی ..

ژیان لە پێناوی نەتەوەدا، گرنگترە لە مردن لە پێناوی نەتەوەدا، مردن لە لەحزەیەکدا تەواو دەبێ .

بەڵام ژیان لە پێناوی نەتەوەدا لە تۆ دەخوازێ هەموو لەحزەیەکی ژیانت بۆ نەتەوەکەت بەخت بکەی . ڕێگا نەدەی سات و ڕۆژو ساڵەکانی تەمەنت لە چوارچێوەی تواندنەوەدا بەسەربچن.. ڕێگا نەدەی (کات) تۆ سەرف کا .. بەڵکو تۆ کات سەرف کەی... ڕێگا نەدەی خەوو خواردنەوەو تەمبەڵی‌و بێزاری‌و دوودڵی‌و گومان و دوورەپەرێزی: تەمەنت گەمارۆدەن .

ئەو کاتە لە چوارچێوەی تواندنەوە دەرباز دەبی کە وەک ئەندامێکی ڕاستەقینەو کاریگەری نەتەوەکەت بژی .

ژیان، وەک ئەندامێکی نەتەوە، مانای خۆ گەورە کردنە بەقەدەر گەورەیی نەتەوە....

نەتەوە لە تاکە کەس گەورەترە، لە عەشیرەت گەورەترە، لە پارت و دەستەیەک گەورەترە، لە شارو ناوچەیەک گەورەترە....

ژیان بۆ نەتەوەکەت، تێکۆشان بۆ کوردستانەکەت، بەر لە هەموو شتێکدا ئەو گەورەیی‌یەی لەتۆ دەوێ...

گەورەتر بی لە خۆت ... لە هەستی خۆپەرستانەی خۆتە.. لەڕەوشت و

chalakmuhamad@gmail.com
خووی ئەمەن بەفیرۆدەرانەی خۆت ، لە هەڵوێستی دوور لە کردەوەی خۆت ..... ئەو کاتە وەک نەتەوەکەت گەورە دەبی ، کە ببیتە بەشێکی کاریگەر لە نەتەوەکەت ....

وەک نەتەوەکەت گەورە دەبی ، چونکە نەتەوەکەشت لە تۆدا ، لە هەڵوێستی تۆدا ، لە بیرکردنەوەی گەورەی تۆدا ، لە کردەوەی سوود بەخشی تۆدا ، گەورە دەبێ ! بۆ ئەنجام دانی ئەمەش : مەرج نیە کاری گەورە بکەی ! مەرج نیە خۆت بە کوشت دەی !!

نەء .. بچوکترین کار .. بەڵام کار .. دەتکاتە بەشێک لە نەتەوەکەت . تۆش و نەتەوەکەشت گەورە دەکا ..

چارەکە ملیۆنێک کوردی ئاوارە ، لە ئەورووپادا هەیە . گەر هەر یەکێک مانگی تەنیا ( پاوەنێک ) بۆ پرۆژەیەکی نەتەوەیی، یان بۆ پێشمەرگەی کوردستان ، پێشکەش بکا : دەکاتە چارەکە ملیۆنێک پاوەن .

ئایا ئەم کارە بچووکە نەتەوە گەورە ناکا ؟

یان هەر یەکێک لەوانەی ئەم یارمەتییە دەبەخشن گەورە ناکا ؟

با بڵێین (٢٠٠٠) خوێندەواری کوردی لە ئەورووپادا هەیە . ئایا گەر هەر یەکێک لەوانە گۆڤاریکی ( هەتیو )ی وەک ( هیوا )، ( چریکەی کوردستان )، ( هەڵوێست )، بکڕێ .

ناکرێ لەجیاتی ئەوەی ئەو گۆڤارانە بەچەند مانگێک جارێک دەرچن، هەموو مانگێک دەرچن و هێزو ووزەیەکی نوێ بە کەڵچەری گەلەکەمان بدەن ؟ ئایا ئەمە نەتەوە گەورە ناکا ؟ ئایا گەر هەر یەکە ( ئیمزایەک ) بۆ پاڵپشتی مافی چارەنووسی کوردستان کۆ بکاتەوە ،

chalakmuhamad@gmail.com

ئەمە نەتەوە گەورە ناكا ؟...هتد .

******

تەنیا ( ڕاستە ، وایە ) بەس نییە ....

گەرچی دڵنیام ( بۆشاییەكە ) ئەوەندە گەورەیە ، زۆر كەس ئامادە نین ئەم گۆقارە بكڕن و بخوێننەوە : تا ( ڕاستە ، وایە )یان بەدەمدا بێ ..

بەڵام باوەڕمان بەهێزە ، كە ئەمڕۆ نا سبەی ، مرۆڤی كورد هۆشیار دەبێتەوە ، هۆشیارییەكی نوێ ، هۆشیارییەكی زانستی ...ڕەسەنێتی شارستانێتی خۆی دەستێنێتەوە .. خۆی لە چوارچێوەی تواندنەوە دەرباز دەكا .. بۆ ئەم مەبەستەش یەكەم هەنگاو ئەوەیە : لەنیازی چاكەوە بەرەو بیركردنەوەی ڕاست بڕۆین .. بیركردنەوەشمان لە كردەوەدا بنوێنین :

** نیازی چاك ـ بیركردنەوەی ڕاست ـ

** كردەوەی سوود بەخش :

** بچووكترین كاری باش گەورەت دەكا :

** نەتەوەكەت گەورەیی لە تۆ دەوی .

( نیسانی ١٩٨٤ )

************

روون كردنەوە :

ئاركیولۆجی : كۆڵینەوەی زانستی لە پاشماوەو پەیكەرەكانی ڕابردووی دوور .

ئەنترۆپۆلۆجی : زانستی لێكۆڵینەوەی سروشتی مرۆڤ لە ڕووی خاسیەتە

chalakmuhamad@gmail.com

سایکۆلۆجی‌و تایبه‌تی‌یه کەلچەرییەکانی‌و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە .
ئیثنۆلۆجی:کۆڵینەوەی زانستی لە ڕەگەزەکان و کەلچەرو نەریت و ڕەوشتەکانی مرۆڤ .

( شایانی باسە کە ئەم دوو لکە زانیارییانە داهێنراوی زانستی بۆرژوان و زۆر جاربۆ مەبەستی ئیمپریالیستی‌و ڕەگەزپەرستی بەکاردەهێنرێن . جگە لەوەی ڕوانگەی زانستی بۆ پەرەسەندنی مرۆڤ لەت دەکەن و لە تێگرای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی جیا دەکەنەوە ) .

************

گوێم لە شریخەی لێدانی دارە
قامچی لەپشتی داغان بێزارە
کەمن دڵسۆز بم بۆ سزادراو
چۆن بم بە قامچی بۆ ئەو زوردارە

××

بۆ ڕەش و ڕووت ، چینی برسی
هەرچییەک ئەکەی ناترسی
هەریەک ئۆخەی ئەم میللەتە
نادەم بە هەرچییەک هەتە

(( کامەران موکری ))

chalakmuhamad@gmail.com

# تێگەیشتنی یاسایی
# مافی خۆ-بڕیاردانی چارەنووس
# و
# مەسەلەی کورد

- دکتۆر فؤاد محمد -

لەم باسەدا هەوڵ دەدەم تێگەیشتنی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس Self-determination لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە چارەسەربکەم.. من باسی ئەو پەرەسەندنە گرنگانە دەکەم کە لە بواری یاسای جیهانیدا دەربارەی ئەم بابەتە هاتوونە کایەوە- و هەوڵ دەدەم ئەڵقەی پێوەندی نێوان مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس و داخوازییەکانی گەلی کورد دابمەزرێنم .

دەتوانرێ تێگە- ی (Concept) مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس لە بوارەکانی سیاسی و قەزاییدا بە چەمکێکی شیاوی گۆڕان flexible دابنرێ ،بە واتایەکی دی ، زۆر لێکدانەوەو جۆری پێناساندنی جیاوازی ئەم مەسەلەیە لە ئارادا هەن . بە نیسبەت زۆر گەلانەوە ، بە تایبەتی لە وڵاتەکانی جیهانی سێدا ، خۆ- بڕیاردانی چارەنووس تەنها سەرەتاگەیەک principle نیە کە خەباتی خۆیانیان بۆ ئازادی لە سەر بنیات دەنێن ، بەڵکو ئامانجێکیشە کە بۆ بەدەست هێنانی دەجەنگن .

chalakmuhamad@gmail.com

یەکێ لەو گیروگرفتانەی کە لە چارەسەرکردنی ئەم بابەتەدا بەرەو رووی دەبینەوە چەند لایەنێتی ئەم مەسەلەیە . ئێمە دەتوانین لە روانگەیەکی یاسایی یا سیاسی، یا ئابوورییەوە لێی بدوێین ... دەشێ بۆ دەستنیشانکردنی توانستی گەلێک یا کۆمیتەیەک بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە لەمەیدانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا ، وەک هەڵبژاردنی سەربەخۆ بوون یان یەکگرتن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ، بەکار بێ . یان دەشێ دەستنیشانی خەباتی هاونیشتمانیانی دەوڵەتێک بکا بۆ بەشداربوون لە رێڕەوی درووستکردنی سیاسەتی ئەو دەوڵەتەدا . بە واتایەکی دی، دەشێ بە رواڵەتێکی مافە دیموکراتییەکانی گەل لەناو چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا دابنرێ .

بەهەرحاڵ ، مافی خۆبریاردانی چارەنووس هێشتا مافی گەل دەگرێتەوە تا ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکا .. ئەمە مافی جیابوونەوەو هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆش دەگرێتەوە .... خۆ- بریاردانی چارەنووس نابێ تەنها وەک مافێکی بەکۆمەڵی ( نەتەوە ، کەمێتی ، چین ..) دابنرێ ، بەڵکو ناوەرۆکە راستەقینەکەی دەبێ مافی تاکە کەسانیش عەکس بکاتەوە . خۆبریاردانی چارەنووس و مافی مرۆڤ تەواوکەری یەکترین .

کاتێ رێڕەوی ئازادبوونی کۆلۆنییەکان دەستی پێ کرد ، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم ، خۆ- بریاردانی چارەنووس شێوەی رزگاربوون لەدەسەڵاتی بێگانەی وەرگرت .

ماوەی دوای - کۆلۆنیال کردن لێکدانەوەی تری بۆ چەمکی خۆ- بریاردانی چارەنووس هێنایە گۆڕێ . خۆبریاردانی چارەنووس تەنیا

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوە نیە بۆ خۆت مافە سیاسیەکانت بڕیاردەی ، بەڵکو مافی ئابووریو کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە .

هەرچەندە دەتوانرێ بوترێ کە ماوەی کۆلۆنیالیزم، بە شێوە کۆنەکەی ، کۆتایی هاتووە، مافی بڕیاردانی چارەنووس وەک یاسایەکی نێونەتەوەیی‌و وەک ئامانجی گەلێ نەتەوە، هێشتا کاریگەرە. زیاد لەمەش ، ئەمڕۆ کۆلۆنیالیزم لەپەیوەندییەکانی نێونەتەوەییدا ڕواڵەتێکی جیاوازی وەرگرتووە.

گەلی کورد، بۆ نموونە، یەکێکە لەو گەلانەی جیهان کە بۆ مافە نەتەوایەتییەکانیان خەبات دەکەن . وەک نەتەوە، لە نێوان چوار دەوڵەتدا : تورکیا ، ئێران،عێراق و سوریا ـ دا دابەشکراوە لە خەباتکردنیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی سیاسی ، کوردەکان دیفاع لە کەرامەتی کەلتووری خۆیان دەکەن و پەرەی پێ دەدەن، هەروەها هەوڵ دەدەن بنکەی ئابووری کۆمەڵ بە قازانجی خۆیان، بگۆڕن . هەروەک چۆن لێکدانەوەو پێناساندنی زۆری مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس هەیە، بۆچوونی جیاوازیش بۆ تەبیعەتی ئەم مافە سەبارەت بە کێشەی کورد، هەیە.. بەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەو هەڵسەنگاندنی شوێنگەی کوردو پەیوەندی بەو پێناساندن و لێکدانەوە جیاوازانەوە، پروبلیمی ( گیروگرفتی ) ئەم باسە دەشێ وەک خوارەوە وەسف بکرێ :

تا چ ڕاددەیەک تێگەیشتنی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەشێ بە مافێکی یاسایی دابنرێو لێکدانەوەکانی ئەم مافە چین و چۆن کورد ئەم مافە بەدەست دێنێ ؟

chalakmuhamad@gmail.com

پێشینەیەکی مێژوویی چەمکی خۆبڕیاردانی چارەنووس :

لە نووسینی پێشینەیەکی مێژوویی خۆبڕیاردانی چارەنووسدا چارنیە دەبێ بۆ شۆڕشی فەرەنسە ( ١٧٨٩ ) بگەڕێینەوە .

ئەم شۆڕشە لەسەر بنچینەکانی ئازادی ، یەکسانیو برایەتی دامەزرابوو . دەسەلاتی گەلیی کە شۆڕشی فەرەنسە ڕایگەیاند لەگەڵ ئەو بیرەی کە دەبێ حکومەت لەسەر بنچینەی خواستی گەل دابمەزرێ هەندێ جار وەک نیشانەی گرنگی ناوەرۆکی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس باسدەکرێن .. هەرچۆنێ بێ ، تێگەیی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بەشێوەیەکی زۆر ڕوونتر ، لەماوەی شەڕی جیهانی یەکەمدا ،دیاری کرا .

سەرۆک وێلسنی ئەمریکاو ، لینین سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا ( ١٩١٧ ) هەردووکیان دەستنیشانی گەل و نەتەوەکانیان وەک مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسکرد .

سەرۆک وێلسن بۆ یەکەم جار پشتیوانی خۆی بۆ ئەم سەرتاگەیە بەر لەبەشداربوونی ئەمریکا لەشەڕراگەیاند .

لە ٢٧ مایسی ١٩١٦دا ڕایگەیاند کە ( هەموو گەلێک مافی ئەوەی هەیە ئەو دەوڵەتە هەڵبژێرێ کە لەژێر سایەیدا دەژی .(١) . لە یازدەی شوباتی ١٩١٨ لە پەیامێکدا بۆ گۆنگریس زاراوەی ( خۆ- بڕیاردانی چارەنووس) بەکاردێنێو دەڵێ:" هیواو خواستە نەتەوەییەکان دەبێ ڕێزیان بگیرێ ، گەلان ، ئێستا ، تەنیا بە ڕازی بوونی خۆیان دەبێ دەسەلاتیان بەسەردا بگیرێو حوکم بکرێن . خۆ- بڕیاردانی چارەنووس تەنیا زارەوەیەک نیە . سەرەتایەکی پاڵنەری کردارە ، کە لەمڕۆ بەدواوە دەوڵەت

chalakmuhamad@gmail.com

مەداران لەسەر حسێبی خۆیان فەرامۆشی دەکەن ."(٢)

لینین ، دوای ئەویش ستالین ، لەڕوانگەیەکی مارکسییانەوە لەمەڕ ئەم بابەتەیان نووسیوە . ئەوان هەردووکیان چینی کریکار بە بابەتێک دادەنێن کەدەبێ لە لێکدانەوەی ناوەڕۆکی خۆبڕیاردانی چارەنووسدا گرنگی پێ بدرێ . لینین و ستالین ، هەردووکیان،وەک باوەڕ ، مافی جیابوونەوەی نەتەوایەتییەکان دەسەلمێنن ، هەرچەندە ئەمە دەبێ بخرێتە ژێر بەرژەوەندی سۆشیالیزم ، بەگشتی . ستالین ڕایگەیاند ( مافی نەتەوەکان مەسەلەیەکی جیاو خۆ- پێکهێنەر نیە ، بەڵکو بەشێکە لە مەسەلەی گشتی شۆڕشی پرۆلیتاری ، بەشێکە کەژێر فەرمانی هەمووەو ، دەبێ لە ڕوانگەی " هەموو"ەوە بۆی بچین) (٣) .

یەکەم بەڵگەنامەی یاسایی دەسەڵاتدار کە سەرەتاگەی مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بگرێتە خۆی پەیماننامەی ( نەتەوە یەکگرتوکان)ە کە لە ٢٦ حوزەیرانی ١٩٤٥دا لە سانفرانسیسکۆ لە وڵاتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا مۆرکراوە .

ئەم پەیماننامەیە دووجار لە ماددەکانی یەکەمو پەنجاو پێنجەمدا باسی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەکا . ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو بەشانەدا ناونەبراوە کە پەیوەندی بە ناوچەکانی فەرمان - بەدەست - خۆ- نەبوو- ەوە هەیە ، بەڵام دەشێ بڵێین کە ڕۆحی ئەو بەشانە ئەم سەرەتاگەیەی تێدایە . ئەو دارشتنەی لە ماددەی ١(٢)دا هاتووە بەم جۆرەیە : ( بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دۆستانە لەنێوان نەتەوەکاندا لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی سەرەتاگەی مافی یەکسان و خۆ- بڕیاردانی

chalakmuhamad@gmail.com

چارەنووسی گەلان و هەڵگرتنی هەنگاوی دیکەی گونجاو بۆ بەهێز کردنی ئاشتی گەردوونی).(٤) لە ماددەی پەنجاو پێنجیشدا تێگە ـ کە بەم جۆرە دارێژراوە: (بەرەچاوکردنی خولقاندنی هەلومەرجەکانی ئاسایش و خۆشگووزەرانی کە بۆ پەیوەندییەکانی هاورێیانەو ئاشتیخوازانە لەنێوان نەتەوەکاندا لەسەر بنچینەی رێزگرتنی سەرەتاگەی مافی یەکسان و خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووسی گەلان پێویستن ، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوکان تێدەکۆشێ بۆ:

آ) ئاستێکی بەرزتری ژیان ، پەیداکردنی ئیش بۆ هەموانو دابین کردنی هەلومەرجی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵی.

ب) چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیئابووریو کۆمەڵایەتیو لەشساغیو گیروگرفتی دیکەی لەم چەشنە. لەگەڵ دامەزراندنی هاوکاری رۆشنبیریو پەروەردەیی.

ج) رێزگرتنی گەردوونیو رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە جەوهەرییەکان بۆ هەموان بەبێ جیاوازی رەگەزو توخمو زمانو ئایین.(٥)

تێگەی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووس گەیشتە نوختەی ـ وەرگەران turning-point کاتی بڕیاری ژمارە ١٥١٤ (XV) لەماوەی کۆبوونەوەی پازدەمینی ئەنجوومەنی گشتی لە ١٤ کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ قبووڵ کرا. ئەم بڕیارە ناونرا (راگەیاندنی ئازادی دان بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیال). لەم راگەیاندنەدا ئەوە ئاشکرا کرا کە (هەموو گەلان مافی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە، سەبارەت بەم مافە، بۆیان هەیە ئازادانە بڕیاری چۆنێتی سیاسی

chalakmuhamad@gmail.com

خۆیان بدەن و ئازادانە بۆ پەرەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیری خۆیان تێ بکۆشن )٠(٦)

لە ٣٠ تەشرینی دووەمی ١٩٦٦دا ئەنجوومەنی گشتی بڕیارێکیدا کە دانی نا بەوەی ( ئەو گەلانەی خراونە ژێر فەرمانی چەوساندنەوەی کۆلۆنیالیەوە مافی ئەوەیان هەیە لە خەباتکردنیاندا هەموو پشتیوانییەک داوا بکەن و وەرگرن٠٠ بە شێوەیەک لەگەڵ ئامانجو سەرەتاگەکانی ئەم پەیماننامەدا بگونجێ)٠(٧)

لە ٢٤ تەشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا ، ئەنجوومەنی گشتی بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥ ( xxxV)یدا .. ئەم بڕیارە ناونرا ( ڕاگەیاندنی سەرەتاگەکانی یاسای جیهانی دەربارەی پەیوەندیکانی دۆستانەو هاریکاری لەنێوان دەوڵەتاندا بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکان )٠٠٠ ئەم ڕاگەیاندنە دەری دەخا کە ئەنجوومەنی گشتی( قەناعەتی بەوە هەیە سەرەتاگەی مافی یەکسان و خۆ- بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بەشێکی گرنگی یاسای نێو- نەتەوەیی ( ئینتەر ناسیونالی) پێک دێنێو کارپێکردنی کاریگەرانەی ئەم سەرەتایە گرنگییەکی سەرەکی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دۆستانە لەنێو دەوڵەتاندا ، لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی سەرەتاگەی یەکسانی دەسەڵات ، هەیە ٠) (٨)

ڕاگەیاندنێکی نێونەتەوەیی دی کە دەشێ بە دەسنیشانکردنێکی گرنگی تێگەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دابنرێ ڕاگەیاندنەکەی هێلسینکی ١٩٧٥ە ٠ ئەم ڕاگەیاندنە ئەوە دەردەبڕێ کە دەوڵەتانی بەشدار ( ڕێزی یەکسانی گەلان و مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووسیان

chalakmuhamad@gmail.com

دەگـــرن ) (٩) ....

ڕاگەیاندنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٦ دوورییەکی فراوانتـــری بە مەسەلەی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووس بەخشی . ماددەی حەوتـــی ئـــەو ڕاگەیاندنە بە ئاشکرایی ئەوە دەردەخا کە چەوساندنەوەی سیاســی گەلێک ئینکاری کردنی مافی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووس پێک دێنــێ..

ماددەی (٢١) ئەوە دەردەبڕێ کە مافی کەمێتییەکان بەڕەچاوکردنــی ڕێزگرتنی کۆمەڵ بەگشتی کاریان پێ دەکرێ، نابێ ئـــەو مافـــە تەواوێتی ناوچەییو یەکێتی سیاسی دەوڵەت تێک بدا ، بەو مەرجـەی کردەوەکانی دەوڵەت بەپێی هەموو ئەو سەرتاگەیانە بێ کە لـــەم ڕاگەیاندنەدا دەستنیشان کـــراون ) (١٠).

<u>هــەندێ پێناسین و لێکدانەوەی تێگەـ ی خۆـ بریاردانی چارەنووس:</u>

پێناسینی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووس زۆر دووریو تێگەی بـــە دەست هێناون و بەپێی هەڵوێستو زۆر جۆرە بەرژەوەندی پاکانــەی بۆ کـــراوە .

سەرۆک وێلسن و لینین قووڵییەکی پتریان بە خۆ ـ بڕیاردانــی چارەنووس داوە ، گەر چی هیچ کامیان خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووسیــان لەهەموو حاڵەتێکدا وەک جیابوونەوە نەناساندووە . بەنیســـبەت وێلسن ـ ەوە ئەم تێگەیە ئاشکراو باش دیاریکراو نیە . ئەلفریــد کۆبان دەنووسێ کە ( بەنیسبەت ویلسنەوە خۆ ـ بڕیاردانی چارەنـــووس وەک وشەیەکی دی بۆ دەسەلاتی میللی وایە ) (١١). سکرتێری دەوڵەتی وێلسن ، ڕۆبەرت لەنسینگ ، ئەم مەزەبەی سەرۆک بە بیریـــــــکی ترسناک دادەنێ کە قوربانی پتری بەدوودا دێن . لەتۆمارنامـــە

chalakmuhamad@gmail.com

ڕۆژانەکانیدا دەنووسێ( کاتێ سەرۆک " واتە وێلسن" باسی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەکا ، چ یەکەیەکی لەمێشکدایە؟! ئایا مەبەستی ڕەگەزە؟ race ، یا بەرینایییەکی ناوچەیی ، یا کۆمەڵگا؟ بەبێ بوونی یەکەیەکی دیاریکراوی پراتیکی(عملی)،بەکارهێنانی ئەم سەرەتاگەیە بۆ ئاشتیو ئاسایش مەترسی بەخشە.. تا زیاتر من بیر لە ڕاگەیاندنی سەرۆک دەربارەی مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەکەمەوە، زیاتر قەناعەت بەوە دێنم کە ئەگەر ئەو بیرە بخرێتە ناو مێشکی هەندێ ڕەگەزەوە، مەترسی درووست دەکا ، ئەم زاراوەیە بەسادەیی بڵێین ، پڕە لە دینامێت .. ئەو هیوایانە دەوروژێنی کە قەت بەدی نایەن . دەترسم بێتە هۆی لەدەستچوونی هەزاران ژیان) (١٢) .

لینین ئەو هیوایەی هەبوو کەمافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس یەکێتییەکی پتر لەنێوان پرۆلیتاریادا درووست بکا . ستالینیو . پەیج دەنووسێ( ئاشکرایە گەرچی لینین لەساڵی ١٩١٧دا باسی مافی جیابوونەوە دەکا ، زیاتر هەروەک ساڵی ١٩١٣دا ، گرنگی بە یەکێتی دەدا )، بەڵام لینین ئەوەشی ووتوە کە ( حیزبی پرۆلیتاری دەبێ هەوڵدا گەورەترین دەوڵەت ، کە لە توانستدابێ درووست بکا. ڕێگاش بۆ بەدی هێنانی ئەمە، بەپێی لینین ، ئەوەیە کۆمارێکی رووسی وا درووست بکرێ ئەوەندە دیموکراتی بێ کە ئەگەر تەنانەت مافی جیابوونەوەش بدرێ ، ئەو نەتەوانەی لەلایەن قەیسەریەتەوە دەچەوسێنرێنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ شتیک نیە لێی بترسن و لەبەر ئەوەی یەکێتی برایانە لەگەڵ کریکاران زۆر دەسکەوتیان بۆ

chalakmuhamad@gmail.com

درووست دەکا ، بە جیا بوونەوە ڕازی نابــــن ) (١٣).

ڤیلیا لیڤکۆڤ دەنووسێ کە هەڵوێستی لینین دەربارەی خـــۆ- بڕیاردانی چارەنووس ڕەگەزی مەزن دەگرێتە خۆی :

١- دەبێ دابەشکردنی دەوڵەت و ڕێکخستنی حیزبی بەپێی خەتـــی نەتەوەیـــی بـێ .

٢- خۆ- بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی لەشێوەی جیابوونەوەدا مومکینە ، بەڵام ئامۆژگاری ئەوە ناکـــرێ .

٣- مافی زمانەوانیو دیموکراتی تـــەواو بـــدرێ بە هەموو نەتەوایەتییەکان و کەمیتییە نەژادییەکان . (١٤)

ڕاستەووشەی(خۆ- بڕیاردانی چارەنووس)بەتـــەواوی ڕوون نەکراوەتەوە . بەڵام ئەم بیرە لەمەسەلەکانی نێونەتەوەیـــیدا ،دوای ئەوەی وێلسن و لینین گرتیانە خۆیان ، بوو بەهێزێکی مەزن .

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکان کە لەساڵی ١٩٤٥دا خراوەتە کار ، خاسیەتێکی نێونەتەوەیی بە تێگەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بەخشی . بەڵام ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زاراوەیە لە دوو ماددەی یەک و (٥٥)دا ناوبرابوون ، ماناکەیان بەروونی دیاری نەکرابوو . لـــە لێکدانەوەی پێناسەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بەپێـــــی ئـــەو پەیماننامەیەو لەکۆبوونەوەی هەشتەمی کۆمیشنی مافی مرۆڤ لەساڵی ١٩٥٢دا ، ئەم خاڵانەی خوارەوە لەلایەن ئەندامـــــی جیـــاوازەوە دووانیان لەسەر کرا :

آ ) دەستنیشانکردنی ئەو مافە لە ماددەکانی یەک و پەنجاوپێنجی پەیماننامەدا وا دیار بوو برێتی بێ لە دان نان بە دەســـەڵاتی

chalakmuhamad@gmail.com

دەوڵەتەکان و ئەرکی ڕێزگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتانی دی .

ب) مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس مانای مافی گەلێکە کە چۆنێتی نێونەتەوەیی خۆی بڕیاردا ( بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، پێوەند بەستن ، جیابوونەوە ، یەکێتی...هتد ).

ج) ئەم مافە هی هەموو ئەو گەلانەیە کە بۆ سەربەخۆیی خەبات دەکەن .

د)هەروەها هی ئەو گەلانەشە کە دەولەتی نەتەوەیی سەربەخویان درووست کردووە بەڵام سەربەخۆییەکەیان لەژێر هەڕەشەدایە .

ه) مافی گەلان بۆ خۆ- بڕیاردانی چارەنووس مانای ئەوەیە مافی ئەوەیان هەبێ خۆیان و بۆ خۆیان ئازادانە بڕیاری چۆنێتی وەزعی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییان بدەن .

و) بە پێویست نازانرێ هەوڵ بدرێ خۆ- بڕیاردانی چارەنووس پێناسە بکرێ . ئەم مافە دەبێ ئاشکرا بکرێ بۆ هەموو گەلان بەتایبەتی گەلانی ناوچەکانی فەرمان - بەدەست - خۆوە- نەبوو . (١٥)

یاسایی- بوونی سەرەتاگەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکان خاڵێکی دیکەی لێدوان بوو . ئوریلین کریتیسکۆ دەنووسێ ( مادام پەیماننامە دەستنیشانی مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووسی کردووە ، زۆر ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن و ئەو سەرەتاگەیان قبووڵ کردووە خۆیان بەڕێزگرتنی ئەو مافەوە بەستۆتەوە کەلەم پەیماننامەوە وەرگیراوەو خاسیەتێکی گەردوونیو هەمیشەیی هەیە ) . (١٦)

ئایەن برۆونلی- ش دەنووسێ( تا ئەم دواییە زۆر لە

chalakmuhamad@gmail.com

دادوەرانی " Jarists "ڕوژا وا بیوایان داناوە یان سووربوون لەسەر ئەوەی ئەم سەرەتاگەیە ناوەرۆکی یاسایی نیە، چونکە تێگەیەکی سیاسیو ڕەوشتی باش دیاری نەکراوە ..

وەزعی ئێستاش ئەوەیە، کە خۆ- بڕیاردانی چارەنووس سەرەتاگەیەکی یاساییەو ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتوکان ڕێگا بەوە نادەن ماددەی (٢) پارچەی ٧، ڕێگا لە لێدوان و بڕیاردان بگرێ کاتێ ئەم سەرەتاگەیە لەگۆڕێیە ) .(١٧)

لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس ( مافی گەلێکی بۆ بڕیاردانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژی) دەگەیاند. بەم پێناسەیە دەتوانین ئەم زاراوەیە وەک ئامانج دەستنیشان کەین . هارۆلد. س. جیهنسۆن وەک ڕێرۆ-process- سەیری دەکا . دنووسێ( خۆ- بڕیاردانی چارەنووس ئەو ڕێرۆیەیە کە گەلێک وەزعی دەسەڵاتدا ڕێتی خۆی بڕیار دەدا ). لەکاتێکدا هەندێکی دی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس وەک مافی هەڵبژاردن دەبینن .( مافی گەلێک کە لەناوچەیەکدا دەژی بڕیاری وەزعی سیاسیو یاسایی ئەو ناوچەیە بدا، بۆ نموونە بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ خۆیان یان بەهەڵبژاردنی بوونە بەشێک لە دەوڵەتێکی دی).(١٨) . بۆ ( ئەلفرید کۆبان) مافی خۆ- بریاردانی چارەنووس بریتیە لە ( مافی نەتەوەیەک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو بڕیاردانی حکوومەتی خۆی بۆخۆی) .(١٩)

ئەم پێناسین و لێکدانەوانەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس ئەم گیروگرفتانەی خوارەوەمان دەخەنە پێش :

chalakmuhamad@gmail.com

(١) پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکان لێکدانەوەیەکی نادیاری خۆ- بڕیاردانی چارەنووسمان دەداتێ .

(٢) خۆبڕیاردانی چارەنووس خاسیەتێکی ناوەوەییو دەرەوەیی هەیە . مادام دەوڵەتان ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوکانن دەشێ وای دانێین کە خۆ- بڕیاردانی چارەنووس لە پەیماننامەکەدا خاسیەتێکی دەرەوەیی هەیە . خۆ- بڕیاردانی دەرەوەیی چارەنووس دەشێ بەم جۆرە پێناسە بکرێ:

( توانستی گەلێک یان کەمیتییەک بۆئەوەی ئازادانە ڕێبازی خۆی لە مەیدانی پێوەندییەکانی نێو- نەتەوەییدا هەڵبژێرێ، جا یان بە داواکردنی سەربەخۆیی یان یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا ) ...

خۆ- بڕیاردانی ناوەوەیی چارەنووس دەشێ بەم جۆرە پێناسە بکرێ:

( گەلێک لەناو دەوڵەتێکی دەسەڵاتداردا دەتوانێ ئەو حکومەتەی هەبێ کەخۆی هەڵیدەبژێرێ... یان کەمیتییەکی نەژادی ڕەگەزیو ئاینیو هیتر لەناو دەوڵەتی دەسەڵاتداردا ، ئەو مافەی هەیە کە لەلایەن دەوڵەتی نێوەندییەوە نەچەوسێنرێتەوە ).(٢٠)

بەکورتی، دەشێ بڵێین پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکان ، نە بەوردی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس پێناسە دەکا ، نە جیاوازی لەنێوان خۆ- بڕیاردانی ( دەرەوەیی)و (ناوەوەیی) چارەنووسدا دەکا .

(٣) ئایا خۆ- بڕیاردانی چارەنووس زاراوەیەکی گەردوونییە ، یان

chalakmuhamad@gmail.com

سنووردا ره بەچەند گۆتەیەکی ( مقولە ) دیا ریکرا وه ؟

دەوڵەتا نی سۆشیا لیست خۆ- بڕیا ردا نی چا رەنـــــووس وەک مـــا فـــی ئا زا دبوونی گەلانی حوکمی- خۆ- نەکردوو لەدەست دەسەڵاتی کۆلۆنیا لی دەنا سێنـن . لێرەدا ، ما نا کەی زیا تر خۆ- بڕیا ردا نی دەرەوەیـــی دەگرێتەوەو تەنیا بۆ ئەو گەلانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی حوکمێــــکی کۆلۆنیا ل یا ن ڕەگەزپەرست دا ن، یا ن لەلایەن بێگا نەوە دا گیرکرا ون.

دەوڵەتا نی تر بە گرنگی دەزا نن گەردوونێتی خۆ- بڕیا ردا نـی چا رەنووس بخرێتە ڕوو. بەم پێیە ( ئەم سەرەتا گەیە دەبێ هەمـــوو گەلان بگرێتەوە ، نەک تەنیا چەند بەشێکی تا یبەتی گەل).(٢٠)..... بۆ ئەم وڵاتا نە ، خۆ- بڕیا ردا نی چا رەنووس دەبێ بنا غەیـــــەکـــی دیموکرا تی هەبێ( گەل نا توا نێ لە ئا ستی نێونەتەوەییدا سەربەخۆبێ، ئەگەر لەنا و خۆیدا سەربەست نەبێ... خۆ- بڕیا ردا نی چا رەنـــووسی گەلێک برێتییە لەو ڕێرۆیە سیا سییەی بە پێی ئەو گەل بـــەردەوا م دەبێ لە بڕیا ردا نو دەربڕینی ئا رەزوکا نی، نەک تەنیا دەربـــا رەی وەزعی یا سا ییا ن ، بەڵکو ما نا و بەدیهێنا نی ئەو پلەیە ).(٢٢) بۆ زۆر لەوڵاتا نی جیها نی سێ، بە تا یبەتی لە شەستەکا ندا ، خـــۆ- بڕیا ردا نی چا رەنووس ما نا ی(نەهێشتنی کۆلۆنیا لیزم decolonization ی) دەگەیا نا ند نەک شتێکی دی. ئەمەش بۆ ئەو نا وچا نەی کە حوکمــــی خۆ- نەکردوو بوون . ئا ما نجەکە ئەوەبو لەدەست دەسەڵاتی بێگا نـــە ڕزگا ر ببن .( سەرەتا گەی خۆبڕیا ردا نی چا رەنووس لەکا تی بوونــــی دەسەڵاتی بێگا نەدا بەکا ر دێ. ئەگەر مەسەلەکە دا بڕا نی نا وچەیـــی بێ لەلایەن ها وڵاتیا نی یا خی- یەوە ئەم سەرەتا گەیە کا ری پێنا کری. (٢٣)

chalakmuhamad@gmail.com

له هەوڵدانیاندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەریو بەرەو- ڕووبوونەوەی ئەو گیروگرفتە نێونەتەوەییە واقیعیانەی پەیوەندییان بە خۆ- بڕیاردانی چارەنووسەوە هەیە، نەتەوە یەکگرتوکان و زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دی زۆر جۆرە بڕیاریان داون کە لێکدانەوەیەکی زۆر کۆنکرێتی تر بە خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەبەخشن...

گەرچی زۆر بڕیار هەن، هێشتا ئێمە دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین داخۆ ئەو بڕیارانە، بەتایبەتی ئەوانەی ئەنجومەنی گشتی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی باوەڕێکی قبولکراون؟ بڕیارەکانی ئەنجومەنی گشتی تەنیا ئامۆژگارییـن( recommendation )و خاسیەتی بە ئەرک دانانیان نیە.ئەوبڕیارانە زیاتر ئەرکێکی ڕەوشتی نەک یاسایی دەخەنە ئەستۆی دەوڵەتانی ئەندامەوە .

<u>ئەنجامەکانمان ئەمانەن:</u>

گەرچی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس هەندێ جار بە چەند گۆتەیەکی ( categories ) تایبەتییەوە لکێندراوە، زوربەی پێناسەکان و لێکدانەوەکان کەسیتیەکی گەردوونی دەدەنێ. ئێمە دان بەوەدا دەنێین کەئەم خاسیەتە گەردوونیە هێشتا ئەبستراکتە.(مجرد).
بەشێوەیەکی گەردوونی قبووڵکراوە، بەڵام کارپێکراو نیە،جیاوازی لە کارپێکردنیدا لەبەر جیاوازی لێکدانەوەکانی ئەو زاراوەیە، هەروەک بینیمان.

خۆ- بڕیاردانی چارەنووس- <u>مافە</u>- بەڵام لەکارپێکردنیدا، لە (پراکتیس)دا، دەبێ یەکەمجار وەرامی ئەم پرسیارانەمان

chalakmuhamad@gmail.com

بەدەستەوەبێ:

کێ مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەدا ؟

کێ بڕیاری چۆنیەتی ئەو مافە دەدا ؟

کێ وەری دەگرێ؟ کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟!

( میکلا پۆمیرەنس ) ئەم سەرنجەی خوارەوەی نووسیوە!

١ - تێگەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس هەرگیز نموونەیەک نەبووەو نییەو نابێ کە لەهەموو شوێنێکدا کاری پێبکرێ( تطبيق بكرێ).

٢ - ناساندنی(خۆ) تەنیا شوێن - بەند space-bound نیە بەڵکو کات - بەندیشە time-bound ( واتە بە شوێن و کاتەوە بەستراوە ).

٣ - پرسیاری بنچینەیی کێ داوای خۆ- بڕیاردانی چارەنووس دەکا لەپێش ئەوەوە دێ تەواوێتی ناوچەیی(کێ) هێشتا چارەسەرنەکراوە.

- خۆ- بڕیاردانی چارەنووس ، بەهەرحاڵ، زوربەی جار لەلایەن ئەو(خۆ)یەی پەیوەندی بە مەسەلەکەوە هەیە "بڕیار دەدرێ" نەک وەک ( دیاری) دەبەخشرێو وەردەگیرێ. ( ٢)

(( کوردو تێگەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس ))

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

کوردستان لە بنەڕەتا ( خاکی کورد ) دەگەیەنێ. کوردستان وڵاتێکە بەشێوەیەکی ڕەسمی بوونی نیە. واقیعی ئێستا ئەوەیە کوردەکان و وڵاتەکەیان کوردستان لە نێوان چوار دەوڵەتی دیکەی ناسراودا دابەشکراون. ئەمانەش تورکیاو ئێرانو عێراق و سوریان، لەبەرئەوەی کوردستان و کورد لەلایەن حکومەتی نێوەندی ئەو چوار

chalakmuhamad@gmail.com

دەوڵەتەوە دانیان پێدا ناهێندرێ، ئەستەمە مەزندەیەکی ژمارەی تەواوی کورد دابنێین . (ڤان برونیسین) وای دادەنێ: حەوت ملیۆنو نیو کورد لە تورکیادا هەیە، دوو تا دوو ملیۆن و نیو لە عێراقدا، سێ ملیۆن و نیو لە ئێرانو نیو ملیۆن لە سوریا . (٢٥) (ریچارد سیم)یش مەزندەی خۆی دەربارەی ژمارەی کورد بم جۆرە دەردەخا : چوار ملیۆن و نیو لە ئێران، سێ ملیۆن لە عێراق، هەشت ملیۆنو حەوسەد هەزار لە تورکیا ، شەش سەد هەزار لە سوریاو سەدهەزار لە لوبنانو دووصەد هەزار لە یەکێتی سوقیت . (٢٦)

هەزاران ساڵە کورد لەخاکی خۆیدا دەژی و زۆر لە باسکاران نەژادی کورد دەبەنەوە سەر میدییەکان .

لەماوەی سەدەی حەوتەمدا زوربەی کوردان بوونە موسڵمان، دوای ئەوەی بەرەنگارییەکی توندی ئەو عەرەبانەیان کرد کەلەژێر ئیسلامدا دەجەنگان . زوربەی کوردان موسڵمانی سوننین. گەرچی لە کوردستانی خوارووە، بەتایبەتی لە کرمانشان و ناوچەی خانەقین بەزۆری شیعەن . زیاد لەمەش : لە تورکیا کوردی عەلەوی هەیە، کە لقێکن لە شیعە... کەرتی دینی دی لەنێو کورد یەزیدییەکانن.

زمانی کوردی وەک ئەفغانیو فارسی، زمانێکی هیندو- یۆرۆپییەو بەشێکە لە گروپی زمانە ئێرانییەکان . بەڵام ئەمین زەکی زمانی کوردی لە ڕەگ و شێوەدا بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێ. (٢٧)

کوردستان یەکەمجار لە ئەنجامی جەنگێک لەنێوان ئیمپراتورییەتەکانی سەفەویو عوسمانی لەسالی ١٥١٤دا دابەشکرا . لەساڵی ١٦٣٩دا بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەرزەروم ئەو دوو

chalakmuhamad@gmail.com

ئیمپراتۆریەتە ناکۆکی سنووری خۆیان چارەسەرکردو کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمی بەسەر دوو دەوڵەتی جیاوازدا دابەشکرا. دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان دوای جەنگی جیهانی یەکەم ڕوویدا. ئەم جارە، دژی خواستی گەلی کورد، لە جیات دوو بەش کرا بەچوار بەشەوە. دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا بوونە ئەندامی کۆمەڵەی نێونەتەوەییو وەک ئەندامی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان ناسراون و موعامەلەیان لەگەڵدا دەکرێ. کوردەکان وەک بارمتەی حکومەتە نێوەندییەکانو لەو چوار وڵاتەدا بەجێهێڵراون.

## بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد:

مەبەستمان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد: ئەو بزووتنەوەیەیە کە بۆ دیفاع کردن لە مافی کوردان لە وڵاتەکەیاندا، کوردستان، لەدایک بووە... کەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەدایک بوو، پرسیارێکە لێکدانەوەی جیاوازی درووستکردووە. ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵڵای ئەل ـ نەهری لە ساڵی ۱۸۸۰دا، وەک سەرەتای (۲۸)
پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، دادەنرێ. لە سەدەی نۆزدەمدا، ئێمە دەتوانین جگە لە ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا زۆر ڕاپەرینی دیکەش ناو ببەین، وەک ڕاپەرینی بابان(۱۸۰٦)داو ڕاپەرینی بەدرخان (۱۸٤۲ـ ۱۸٤۸)و ڕاپەرینی عیزەدین شێر (۱۸۵۳)و ڕاپەرینی دەرسیم (۱۸۷۷ـ ۱۸۷۸).(۲۹)

هەرچۆنێ بێ، کارێکی سانا نییە، هەموو ئەم ڕاپەرینە جیاوازانە لەنێو نێواخنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا دابنێین.

chalakmuhamad@gmail.com
بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستدا شێوەی خۆی وەرگرت بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم. درووستکردنی زۆر دەوڵەتی نوێ لە خۆرهەڵاتی نێوەندا، بیری نوێی نەتەوایەتی (ناسیونالیزم) لەنێو تورک و عەرەبدا، کارکردنی نێو- نەتەوەیی چواردە خاڵەکانی سەرۆک وێلسن، هەروەها کارتێکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بیرەکانی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس، کەسێتییەکی نەتەوەییان بە بزووتنەوەی کورد بەخشی.

لەئاستی نێو- نەتەوەییدا گرنگترین نوختەی - وەرگەڕان لە مێژووی بزووتنەوەی کوردا (پەیمانی سیڤەر)بوو.. کە لەلایەن هاوپەیمانەکان( حلفاء )و حکومەتی تورکی لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ دا ئیمزا کرا. گەرچی ئەم پەیمانە ئارەزووکانی گەلی کوردی دەرنەدەبڕی، بەلای کەمەوە ناسینێکی نێونەتەوەیی مەسەلەی کورد بوو. ئەم پەیمانە هەرگیز کاری پێنەکرا، حکومەتی تورک دەستی کرد بە بەرپاکردنی جەنگێکی فراوان دژی گەلی کورد. هەزارانی کوشتنو هەزارانی بۆ ناوچە تورکییەکان ڕاگویز کردن. جەواهیر لال نەهرۆ، لە کتێبەکەیدا، چەند تروسکایییەک لە مێژووی جیهان دەربارەی وەزعی کوردان لە تورکیادا ئەمەی نووسیوە:

( بەم جۆرە تورکان کە تا ئەم دواییە بۆ ئازادی خۆیان دەجەنگان، ئەو کوردانەیان هاڕی کە داوای ئازادی خۆیان دەکرد. شتێکی سەیرە چۆن نەتەوایەتییەکی دیفاع- لەخۆکەر دەبێتە نەتەوایەتییەکی دوژمنایەتیکارو چۆن جەنگان بۆ سەربەخۆبوون دەبێتە جەنگان بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر کەسانی دیکەدا.

chalakmuhamad@gmail.com

لەساڵی ۱۹۲۹دا شۆڕشێکی دیکەی کوردان بەرپابوو، جارێکی تر ئەم شۆڕشە لەناوبردرا ... بەلای کەمەوە، بۆ حاڵی حازر. بەڵام چ هێزێک دەتوانێ هەتا سەر گەلێک بهاڕێ کە سوورە لەسەر ئازادبوون ئامادەیە نرخی ئەم ئازادییە بدا؟) (۳۰)

جەنگی جیهانی دووەم ئەو دەرفەتەی بە کوردان دا ڕێکخراوی سیاسی خۆیان دابمەزرێنن. ڕێکخراوێکی سیاسی کە دواتر لە ۱۹٤۵ ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێنرا، دامەزرا. نێوەندی ئەم ڕێکخراوە کوردستانی ئێران بوو. لەماوەی جەنگدا، سوپاکانی سۆڤێتی و بەریتانی چوونە ناو خاکی ئێرانەوە. ئەوسا ئێران دەوڵەتێکی زۆر لاوازی هەبوو. لە ۲۲ی کانونی دووەمی۱۹٤٦دا کوردەکانی کوردستانی ئێران کۆمارێکی کوردییان ئاشکرا کرد. قازی محەممەد بە سەرۆک هەڵبژێردرا.. زۆر کوردان پاڵپشتی ئەم کۆمارەیان کرد، هەروەها لەدەرەوەی کوردستانی ئێرانیشدا، مستەفا بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، لە سنوور پەڕیەوە تا کۆمەک بەو کۆمارە تازەیە بکا و یارمەتی بدا. ئەم دەوڵەتە بچووکە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە نەناسێندرا، گەرچی عەتفی یەکێتی سۆڤیەتی هەبوو. لە ۱۵ی کانونی یەکەمی ۱۹٤٦دا کۆمارەکە هەرەسی هێنا.. دوای ئەوەی سوپای ئێران چووە ناو پایتەختی کۆمارەکە، مەهاباد، زۆر لە سەرکردەکانی لە سێدارە درا، لەنێو ئەواندا، سەرۆکی کۆمار قازی موحەممەد.

لە دەمی دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە تا هەرەسی کۆماری کورد لە ۱۹٤٦دا، خۆبڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد دەشێ ئەم

chalakmuhamad@gmail.com

مانایەی هەبووبێ: ( مافی گەلێک بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر ئەو ناوچەیەدا کە تێیدا دەژی). لەماوەی نێوان ئەو دوو جەنگەدا، کوردان لەپێناو مافی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیاندا دەجەنگان، بەڵام واقیع بارودۆخێکی بێ هومێدانەی پێشکەش کرد. کوردەکان خۆیان بینییەوە لەنێو چوار دەوڵەتدا پارچە پارچە کراون،تەنانەت لەلایەن حکوومەتەکانی ئەو چوار دەوڵەتەوە دانیان پێدا نەدەنرا.

هەرچوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوکانیان مۆرکردووەو ئەندامی ئەم رێکخراوە نێونەتەوەییەن. لەماوەی کۆبوونەوەی بیست و شەشەمی ئەنجومەنی گشتیدا لە ساڵی ١٩٧١دا، ئەم چوار دەوڵەتە ئەوەیان سەلماندوە کە ئەوان بڕیارەکانی ١٥١٤(٧×)ی چواردەی کانونی یەکەمی ١٩٦٥و ژمارە ٢٦٢٥(٧××)ی ٢٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩٧٠و بڕیاری (٧١١١)ی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ کە لە تاران لە ساڵی ١٩٦٨دا بەسترا، قبوول دەکەن (٣١). تورکیا لە کۆنفرانسی هیلسینکی (١٩٧٥)دا بەشداربوو و حکوومەتی تورکی راگەیاندنی ( هیلسینکی) پەسند کردووە.

لە هەموو ئەو بڕیارانەی سەرەوەدا مافی هەموو گەلان ناوبراوە، یان مافەکانی مرۆڤانەی تاکەکەس ناسێندراون. مافی نەتەوەیی، لە شێوەی خۆ- بڕیاردانی چارەنووسدا، لە هەندێ ماددەدا قبووڵ کراوە. هەندێ جاریش مافی کەمیتییەکان، ناوی هێنراوە.

حکوومەتی ئەو دەوڵەتانە ئەو سەرەتاگەیانە لە ئاستی

chalakmuhamad@gmail.com

نەتەوەیی( ناوخۆدا ) جێبەجێ ناکەن، کە لەئاستی نێونەتەوەیی ( جیهانی)دا دیفاعیان لێدەکەن... لەلایەکی دیکەشەوە، سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە مافی مرۆڤیان لە وڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی ژێر پێداوەو، نکوولی لە مافی نەتەوەیی کورد دەکەن. ئەم نکوولی کردنە زۆرجار لە بەرپاکردنی جەنگ دژی گەلی کورد خۆی دەردەبڕێ..

شەڕی بەرگری کورد، چ سیاسیو چ چەکدار، تەنیا بۆ بەدەست هێنانی هەوێتی نەتەوەیی- یان نییە، بەڵکو بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی مرۆڤایەتیشیانە وەک تاکەکەس. بارودۆخی شەڕی بەرگری لە پارچەیەکی کوردستان تا پارچەیەکی دی، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی کە، جیاوازی هەیە .

دوای هەرەس هێنانی کۆماری کورد لە ئێراندا (١٩٤٦) کوردان شێوە خەباتی سیاسی نهێنییان هەڵبژاردووە. زیاترو زیاتر ئامانجیان بەرەو ئەوە چوو بۆ دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتی لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین و زامنکردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، خەبات بکەن .

لەگەڵ ئەم ستراتیژییە نوێیەدا، دەشێ بڵێین کە کوردان لە خەباتکردن بۆ بەدەست هێنانی خۆ- بڕیاردانی دەرەوەیی بەرەو خەباتکردن بۆ مافی خۆ- بڕیاردانی ناوەوەیی چوون .

بارودۆخی ئێستای کوردستان ئەوەیە کە لە هەردوو پارچەی کوردستانی ئێران و عێراقدا، شۆڕشێکی بەرگری سیاسیو چەکدار دژی حکوومەتە نێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە هەیە. لە تورکیادا، کوردان خۆیان لە پارتیو رێکخراوی سیاسی نهێنییدا، ڕێک دەخەن.

chalakmuhamad@gmail.com

له سوریادا ، کوردەکان هەوڵ دەدەن مافە کەلتوورییەکانیان بەدەست بێنن .

ئەگەر ئێمە بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی دوای سەردەمی کۆلۆنیالی جیهانی سێ بەراورد بکەین، ئێمە سەیردەکەین زۆر بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بوونە بابەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەک وەک نەتەوە یەکگرتوکان و ، نوێنەرەکانیان لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە داوای ئەوەی لێکراوە بەناوی گەلەکەیانەوە قسە بکەن . ڕێروی ناسینی ئەو بزووتنەوانە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوکانەوە پەیوەندیدارە بەو ڕێ خوشکردنەوە کە بریاری ژمارە ١٥١٤ (x٧) دەربارەی( ئازادی دان بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیال) لە سالی ١٩٦٠دا فەراهەمی کردووە .

بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی زیمبابۆی، نامیبیا ، ئەنگۆلا، موزامبیق و گینیا بیساو دان پیانراو بانگکران تا لەزۆر ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتوکاندا بەشداری بکەن . ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO) هەروەها دانی پێدانراو نوێنەری ئەم ڕێکخراوە بۆ نەتەوە یەکگرتوکان بانگ کرا. بزووتنەوەیەکی دی کە لەلایەن زۆر ڕێکخراوی نێو نەتەوەییەوە ناسراوە ( پولیساریۆ)یە ... ئەو بزووتنەوەیەی بۆ ئازادیکردنی سەحارای ڕۆژاوا خەبات دەکا . سەحارای ڕۆژاوا کۆلۆنیەکی ئەسپانیا بوو . ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوکان لەروژی ٦ ی ١٩٧٥دا بریاری ژمارە ٣٤٥٨ آ و ب ،دا کە لەوێدا ( مافی چەسپاوی گەلی سەحارای ئەسپانی بۆ خۆبریاردانی چارەنووس بەپێی بریاری ١٥١٤ (x٧) ی

chalakmuhamad@gmail.com

ئەنجوومەنی گشتی)سەلماند .

گەر هەلودۆخی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەدا کە ناومان بردن بەراورد بکەین، بۆمان ئاشکرا دەبێ کە مەسەلەی کورد لە ڕیزی (گەلی کۆلۆنیال) دانانردرێ، چونکە مانای تەقلیدی کۆلۆنی دەستنیشانی گەلانی کۆلۆنیال کراوی دەرەوە دەکات، کوردیش لەمانە نیە. بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی ئەفریقی نموونەی ئەو گەلانەن خرابوونە ژێردەسەلاتی پەیوەندییەکانی کۆلۆنیالی تەقلیدییەوە. لەبەر ئەمە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ئەنگۆلا، موزامبیق، گینیا بیساو....هتد بڕیاری ژمارە ١٥١٤(x٧)یان وەک هۆیەک بۆ بەدەستهێنانی دان - پێدان هێنان و خەبات بۆ دەستکەوتنی مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنووس بەکار هێنا .

لە مەسەلەی فەلەستین دا، دوو کارکردە (فاکتەر) دەوری گرنگییان لە ڕێروی دان پێداهێنانی نەتەوە یەکگرتوکان بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینیدا بینی... یەکەمیان ئەوەیە: کە مەسەلەی فەلەستینی بۆ نەتەوە یەکگرتوکان گیروگرفتێکی نوێ نەبوو... هەر لە سەردەمێکی زووی وەک سالی ١٩٤٧ەوە حکومەتی بەریتانی داوای لە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتوکان کرد کە لە مەسەلەی فەلەستینی بکۆڵنەوە. کارکردەی دووەم سیاسیە. پاڵپشتی گەلی فەلەستینی لە (ر. ر. ف)و ڕۆڵی (ر. ر.ف) لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی نێوەندا، لەگەڵ دەوری ڕوو- لە- زیادبوونی وڵاتانی عەرەب لە پەیوەندییەکانی نێو- نەتەوەییدا، زۆر دەوڵەتی

chalakmuhamad@gmail.com

بە تایبەتی لە جیهانی سێ، بەرەو ئەوە ڕاکێشا دان بە مافی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنووسی گەلی فەلەستینیدا بنێن و پشتیوانی لێبکەن ..

مەسەلەی کورد، لەچاو ئەو مەسەلانەی لێرەدا ناوبران، قەت لەلایەن نەتەوە یەکگرتوکانەوە وەک گیروگرفتی گەلێک نەخراوەتە لیستەوە. بەگیروگرفتێکی ناوخۆیی دادەنرێ‌و ، لێپرسراویییەکە خراوەتە سەر حکوومەتەکانی ئێران‌و تورکیاو عێراق و سوریا .

ڕێبوۆی بزووتنەوەکانی ئازادیخواز بۆ مەسەلەی کورد گرنگێتی زۆری هەیە. ئەو ڕێ ـ ئاسانکردنەی زۆر بزووتنەوەی ڕزگاریخواز لەنەتەوە یەکگرتوکان بەدەستیان هێناوە، دەشێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە تاقیکراوەیەکی گرنگ دابنرێ. لەگەڵ ئەمەشدا، کوردان نابێ ئەوەندە گەشبین بن خۆیان بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کە وەک هەموو بزووتنەوەیەکی دی دەبێ بەشێوەیەکی یاسایی بناسرێ، دابنێین . هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز باروودۆخی یاسایی خۆی هەیە. لەبەر ئەمە کارێکی سانا نییە هەر ئەو ڕێ ـ ئاسانکردنە یاساییانە بۆ هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بەکاربهێنرێن . زیاد لەمەش، بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی نێونەتەوەیی (جیهانی) لەدەرەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوکاندا، زۆر گرنگە بۆئەوەی (ناساندن ـ دان پێداهینان) بەدەست بێنێ...

بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئەفریقیا نەیان دەتوانی وەک نوێنەری گەلی خۆیان لە ئورگانی نەتەوە یەکگرتوکاندا بەشداربن، ئەگەر پاڵپشتی دەوڵەتەکانی ئەفریقی‌و زۆر وڵاتانی دیکەی جیهانیان

chalakmuhamad@gmail.com

بەدەست نەهێنایە . بەبێ بوونی دەوڵەتەکانی عەرەب و پاڵپشتی زۆر گەلانی جیهانی سێو دەوڵەتانی سۆشیالیست ، (ر . ر . ف)نەیدەتوانی دان ـ پێدا ـ هێنانی نەتەوە یەکگرتوکان بەدەست بێنێ .

گەلی کورد دەبێ یەکەمجار پشتیوانی سیاسی زۆر دەوڵەت بەدەست بێنێو ڕێڕەوی یاسایی بۆ گەیشتنی بە نەتەوە یەکگرتوکان بەکاربێنێ .

بزووتنەوەی کورد دەبێ ئەوە بسەلمێنێ کە لەلایەن زوربەی گەلی کوردەوە پشتیوانی لێدەکرێ . دەبێ لەژێر یەک دروشمی یەکگرتوودا خەبات بکاو دەبێ ئامانجەکانی خەباتەکەی روون و ئاشکرابن . دەبێ بزووتنەوەیەک بێ کە بۆ ئازادی یان مافی خۆ ـ بڕیاردانی چارەنوس یان مافی بەشداری خەبات دەکات . مافی بەشداری مانای ئەوەیە مافی کوردان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە هەن بناسرێو گەلی کورد مافی یاسایی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کەلتووری بەدەست بێنێ .

***

سەرنج/ ئەم باسە لەلایەن برای بەڕێز دکتور فوءاد محمد حسین لەو ( سیمپازیوم )ەی دەربارەی کورد لە ڤیێنا لە ٢٨و ٢٩ی نیسانی ١٩٨٤ گیرا ، بە ئینگلیزی پێشکەش کرا . سوپاسی کاک فوءاد دەکەین کە بۆ ئێمەی نارد تا بۆ خوێنەرانی ( هەڵوێست )ی بکەین بەکوردی . داوای لێبووردن دەکەین کەلەبەر کەم شوێنی ناتوانین ناوی سەرچاوەکان ( پەراوێزەکان) بنووسین .

*****

chalakmuhamad@gmail.com

# سیاسەتی پەروەردەیی لەنێو کورداندا "لایەنی تیۆری و پراکتیکی"

-بالیسان-

ڕەنگە لە پرۆگرامی هەر هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا لە سەرەتاوە تا ئێستا بەرنامەیەکی کاملی پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد نەبینرێ . زێدەتر کاریان ئەوە بووە، هەولبدەن زۆرترین ئەندام لەخۆیان کۆبکەنەوە بێ ئەوەی تەماشای چۆنێتی بکەن و گرنگی بە لایەنی کەسایەتی بدەن .

بێ دوودلی ، نەبوونی ئەو پەروەردەیە یەکێک بووە لە هەرە هۆ سەرەکییەکانی هەلوەشاندنەوەو خۆڕانەگرتن و چۆکدان لە بەرامبەر کارەسات و ڕووداوەکاندا . بوونیشی دەبێتە هۆی بەرەو دوندی ڕۆشتن و ڕۆژ بەڕۆژ فرەتر سەرفرازیو دروستکردن ، تا لە ڕۆنانی ژیاندا بە مانایەکی فراوان چاکترین ڕۆلی کارامەیی دەبینرێ .

## تاریفی پەروەردە

ڕێبازی گۆشکردن و تێڕوانینی فەلسەفەیەکی تایبەتە بۆ مرۆڤە یاسای پەیوەندی مرۆڤە بە وردو درشتەکانی ژیانەوە ، ئامادەکردنی

chalakmuhamad@gmail.com

ئینسانە بۆ یەکێتی ئامانجو یەکێتی ڕێگا . بەستنەوەی تاکـــــە تاکەکانە بە یەکدییەوە لە ویست و تێکۆشان و ئاواتیاندا ، تا هەر یەکە لە ناخیدا لەوانی دیکە دلنیا دەبیو ژیانیکی ئاسودەیـــیو کامەرانی دابین دەکەن و لەپیکهینانی کومەلگای بیوەییو ئاشتی مروڤایەتیدا هاوبەشی دەکەن .

## ئامانجی پەروەردە

جۆری باوەڕی نەتەوەکان و ڕێکخراوەکان بە فەلسەفەیەکـــی دیاریکراو چەشنی پەروەردەو ئامانجەکەی دیاری دەکا . زوربەی هەرە زۆری میللەتان لای خۆیانەوە ، دەیانەوێ " هاونیشـــتمانی چاک ـ المواطن الصالح" ئامادە بکەن . واتا نەتەوەکان گەرەکیانــــە بەپێی گیانی نەتەوە خۆش ویستیو هەر یەکە لە سنووری جوغرافیـای نەتەوەیەکدا هاونیشتمانی چاک دروست بکەن . لێرەدا مانـــای هاونیشتمانی چاک لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە دەگۆڕدرێ .

کاتی خۆی نازییەکان مەبەستیان بوو سەربازی ئازاو لێهاتوی کوێر ، بەجێ هێنەری فەرمان و دڵسۆزی بێ هۆشیاری ، کەســـانی هەڵگری گیانی تۆڵەو زاڵ بوون بەسەر مرۆڤدا گۆش بکەن ، ئـــەوە هەمووشی بۆ ئەوە بوو هاونیشتمانی چاکی ! ئەڵمانی لە کەسایەتی دەوڵەتدا یا چاکتر بڵێین لە کەسایەتی هیتلەردا بتوێنەوە .

وەنەبێ نموونەی ئەڵمانەکانی زەمانی هیتلەر ، تاقــــە نموونەیەکی بیرکردنەوەو ڕێگرتنەبەری پەروەردەی بـــەو جـــۆرە بووبـــێ . لە مێژوودا ئەوەی هاونیشتمانی خۆی بەو مەبەســـتە

chalakmuhamad@gmail.com

پێگەیاندبێ ، نیازی داگیرکردن و چەوساندنەوەی میللەتانی دیکەی لە پشتەوە شاردۆتەوە . جا کەی بۆی لوابێ ، درێغی نەکردووەو کاری نامرۆڤانەی خۆی ئەنجام داوە .

## نموونەیەکی مێژووی لە پەروەردەی ئامریکا

ئامریکای سەرداری ئیمپریالیزم ، لە نەخشەی درێژخایەنی خۆیدا ، ئەو پەروەردە لەنێو میللەتەکەیدا برەو پێ دەدا کە داگیرکردن و تالان کردن و سەرکوت کردنی میللەتانی دوورو نزیک مسۆگەر بکا . یاساو دەستورەکانی دوێنێو ئەمڕۆوەیانیش هەر لەبەر ئەو نیازە سەرەکییەدا داڕێژراون و دروست دەبن .

باوەڕی وێلسن کە دوا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە چواردە ماددەدا بڵاوکرایەوە ، ئێستاش وادەزانرێ کە گۆڕینێکی سەرەکی بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئامریکادا و شێوەی مامەڵەی وولاتە یەکگرتوکان لەگەڵ کێشە نێو دەوڵەتییەکاندا . بەڵام ئەوی راستی بێ ئامریکا لەو چواردە ماددەیەشدا یەک تۆز لەقی نەخستۆتە ئامانجی ستراتیژیو بەرژەوەندییە چاوچنۆکەکانیەوەو هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچووە کە واز لە سەرکارێتی ئیمپریالیزمی جیهانی دێنێ .

لە قۆناغی نێوان دوو جەنگدا ، ئامریکا هێزێکی ئێجگار گەورەی ئابووری دروست کردو پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوروپادا توونتر کرد . دوای جەنگی دووەم هەوڵیدا سامو هەیبەتی ئابووریو سەرکارێتی سیاسی جیهانی سەرمایەداری بۆ خۆی بسەپێنێ ، تا

chalakmuhamad@gmail.com

فێتنامییەکان ملیان پێ نەوی کردو لەبەردەم ویستی ئازادیدا، چۆکیان پێ دادا، ئەوجا وای لێ هات لە نیکسۆنەوە تا مال گواستنەوەی کارتەر بۆ کۆشکی سپی وازی لە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی کێشەو جەنگەکان هێنا. بەڵام کارتەر بای دایەوە سەر بای بەرەبۆری سیاسەتی بەکارهێنانی زۆرو لەشکر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا.

ئەو وولاتە زەلامە لەهەموو هۆیەکانی پەروەردەیدا وا میللەتەکەی ئاراستە دەکا کە دەبێ خۆیان گەورە بن و ئیدی ئەوانی دیکە لە خزمەتیاندا بن. وا خەڵکی ڕادەهێنن کە وولاتی دەوڵەمەندو بەهێز دەبێ زاڵ بێت و خۆشی گاوانی بەهێزەکان بێ. لە قوتابخانەو دەزگا پەروەردەییەکاندا "سوپەرمان"ی فودراو بە نموونە پیشان دەدەن.

## وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان

دیارە ئەو دەستەو تاقمانەی وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەوانیش لە سیاسەتی پەروەردەیی خۆیاندا "هاونیشتمانی چاک"یان، لەبەر چاوان گرتووە. بەڵام چۆن؟ ئایا بەشێوەیەکی مرۆڤانەی ئەوتۆ کە ماف و ئازادی بە کورد بدرێ؟! ئایا ئەوەی تێدایە بە ئەندامان و کاربەدەستانی دەزگا دەوڵەتییەکان بوترێ، کورد میللەتێکی چەوساوەو خاک دابەشکراوە؟! دەبێ ئازادی کوردو یەکێتی کوردستان دروست بێتەوە؟! ئایا ڕۆژێک بەبیریاندا دێ دروشمە بریسکەدارەکانیان کە لە کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکان و دەزگاکاندا

chalakmuhamad@gmail.com

باسی مافی چارەنووس و چەوساوەو موستەزعەف ! دەکەن بیکەنە کرداروو مامەڵەی مرۆڤانەی لەگەڵ کورد دا پێ بکەن ؟! بێ گومان نەخێر... چونکە ئەوان خۆیان خاوەنی پەروەردەی پاک نین ، خۆیان ناناسن . لەبەر ئەوە کەسیش ناناسن . بۆیە بە باوەڕی ئێمە تا پەروەردەیەکی گشتی ئینسانانە لەنێو تەواوی میللەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتدا دروست نەبێ کورد بە ئاسانی ناتوانێ بە مافی خۆی بگات و ئاشتیو پێکەوە ژیانی سەرفرازی پیادە بکرێ .

## پێویستی بوونی پەروەردە بۆ کورد

با بیر لەخۆمان بکەینەوە ، زۆر درەنگمان لێ هاتووە ! لەوە زێدەتر بێ ئاگاداری ڕۆشتن و گوێ پێ نەدان ، مێژوو تەنها وەک تۆمارێک دەمان هێڵێتەوە ! هەردەبێ خۆمان فریای خۆمان بکەوین ! خۆمان دەردین و خۆشمان چارەسەرین .

دڵسۆزانە تەماشاکردنی خۆمان ، ئەو ڕاستییە تاڵەمان دەخاتە بەرچاوی دڵ و هۆشی گیان ، کە دەمێکە پەرت و بڵاوین ، لەمێژە کوردستان دابەشکراوەو پێگەی دوژمنانە ! زۆر دەستەو تاقمی بێ پیت و بێ فەڕین . هەرچەند دەکەین نانمان بە دۆ ناگا ، ئەوەی بە دەیان ساڵ وەدەستی دێنین بە جیرە قەڵەمێک لێمان دادەڕنن . هەموو جارەکان هۆی نەبینراوی نا دروست بۆ خۆمان دروست دەکەین . هەموو جارەکان خۆمان خۆڵ بەسەر خۆماندا دەکەین. لە زۆرانی نێو دەوڵەتان و ناوچەکەدا دەست و پێ سپین ! بڕیاری کۆتایی هاتنی گەورەترین شۆڕشی هاوچەرخی کورد ، شۆڕشی هەفتا

chalakmuhamad@gmail.com

هەزار شەهیدو خاوەنی زێدەتر لە ١٠٠ سەد هەزار پێشمەرگەو دەیان ملیۆن دینار. شۆڕشی ئەیلول . بەڵێ بڕیاری سەرەکی کۆتایی و تفەنگ شۆڕ کردن کورد خۆی دای!!! غەدر لە میللەت و قوربانییەکان دەکرێ ئەگەر جارێکی دیکە بڕیاری وامان بێتەوە پێش. جا بۆ ئەوەی " هەر عەقڵەو لە خەسارێک" وەربگرین بەر لەهەموو شتێک پارت و ڕێکخراوە کوردستانیو کوردییەکان بانگ کراون لایەک لە پەروەردەو سیاسەتی ڕەوشتی مرۆڤی کورد بکەنەوە. لەهەمان کاتدا ڕێکخراوە پیشەییەکان وەک نووسەران ، مامۆستایان ، کرێکاران، جوتیاران ، قوتابیان ، لاوان و ئافرەتان ئاگادار دەکرێنەوە کە لەو بوارەدا بە ئازایانە کاربکەن و تا زووە نەخشەیەکی هۆشیارانە بکێشن و بیرێکی ڕاست و دروستی لێ بکەنەوە .

## بنەما سەرەکییەکانی پەروەردە

بۆ ئەوەی ئێمەی کورد لەهەموو ئەو کێشە سەرەکیانە ڕزگاربین، چەند بنەمایەکی سەرەکی پەروەردەمان پێویستە ، دەشبێ هەوڵدەین ببنە ڕێبازی گۆش کردنی مرۆڤی کورد .

١- تاک و کۆمەڵ

لەناخی مرۆڤدا دوو هێڵی بەیەکەوە بەستراو هەن ، هەم پێکەوەن و هەم دژوارن ، ئەوانیش هەستی مرۆڤە بەتاکێتی و منێتی. ئارەزووشێتی بەلای کۆمەڵدا .

ژیانی مرۆڤایەتی بەندە بە گونجانی ئەو دوو دیاردە بە یەکەوە، تا چەند تەبایی لەنێوانیاندا هەبێ ئەوەندە سەرکەوتن

chalakmuhamad@gmail.com

وەدەست دێ ، ئێمە وا دەزانین هەوڵدان بۆ لەناوبردنی یەکێک لەو دوو دیاردەیە، نا ئاسایی‌و نا سروشتی دەبێ ، یا ئەگەر پارسەنگی بەلایەکدا قورستر بوو ئەوا یا خۆپەرستی‌و خۆ بەزل زانین دروست دەبێ یا ئەوتا تاک وەک بەردی لێ دێ‌و توانستی هاوبەشی سیاسەت و چالاکی کۆمەڵایەتی نامێنێ .

ئەو جووتە دیاردەیە زگماکن و دوو ڕاستین ، هەر کاتێک توانرا لەسەر تەوەری پوخت و ڕەوانی خۆیان بن، ئەوا هەرگیز پێ دزێتی‌و ناحەزی لەنێوان تاک و کۆمەڵدا دروست نابێ .

سەد موخابین تەماشاکردنێکی واقیعی ژیانی میللەتەکەمان، ئەوەمان تێدەگەیەنێ کە حیزبایەتی لەنێودا بەپلەی یەکەم‌و دووەم حیزبایەتییەکی ڕووتەو لە قاڵبێکی تازەی سەربەیەکەوە نانی چەند هەزار یا چەند دە هەزارێکدایە، ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەستەو تاقمێکە . بەڵگەش بۆ ئەمە فرە وا بووە لە قۆناغێکی تایبەتدا دروشمی نەتەوە بە دەستکەوتی چەند کورسییەک و پارەو پوڵ ئاڵ و گۆڕ کراوە، دیارە ئەوەش بۆیە وایە ئەندامانی حیزب هەست و لێکدانەوەو بۆچوونیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو تێ ناپەڕێ .هەر ئەوەش وای کردووە یەکێک سەر بەوان واتا لە ڕێکخستنی ئەواندا نەبێ بە نامۆو ئاوەکی‌و بێ حیساب تەماشای دەکەن . پێوانەی کوڕی چاکی بووە بەوەی لەگەڵیاندا بیت ، هەزاران هەزار کوردی تەنها کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا جاری وا هەبووە پەت پەتێنی دنیایان پێ کراوە لەسەر ئەوەی ڕێکخراوێک پاڵپشتی نەکردوون . ڕێکخراوە بە ناو

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستانیەکانی دەرەوەی وولاتیش کە هێند زۆرن لەژمارە نایەن بۆ بەقەدەر خۆیان بەرەکیو ناکۆکیو بێ پشتیوانی خەڵک دەستی باڵایان هەیە. هەریەکەیان لە وولاتێکدا ئەوەندەی ژمارەی پەنجەی مرۆڤێک ئەندامیان خڕکردۆتەوە . هیچیان بەکردەوە بە ئاوازی یەکێتیی نەتەوەی کورد ئاشنا نین .

٢- دەست پێوەگرتن و دەست پێوە نەگرتن

مەبەست لە دەست پێوە گرتن ئیلتیزامە . دیسانەوە ئەو دووانەش جووتێک دیاردەی دیکەی زگماکین لە مرۆڤدا . مرۆڤ ئارەزووی ئیلتیزامی هەیە . زۆر شت هەیە پێی خۆشەو دەیەوێ بیکا ، ئەمە بێ ئەوەی زۆری دەرەوەی لەسەر بێ . لەلایەکی دیکەوە هەستی ئەوەشی هەیە کە نامولتەزیمەو هەندێ ئیشی وا دەکا هەر لەبەر ئەوەی وای دەوێو پێی خۆشە نەک بەسەریاندا سەپاند بێ .

هەموو ڕێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان تا دەوڵەتان لەسەر ئارەزووی ئیلتیزام دروست بوون ، خەڵکی دەیانەوێ پەیڕەوی یاسا بکەن ، بۆیە یەکێک بە بەڕێوەبەر یا چاودێر هەڵدەبژێرن و ڕێکخستنی کۆمەڵ و دەوڵەت دروست دەکەن، ئەو گیانە پەروەردەیەی ئیلتیزامو هەست کردن بەوەی چیت لە ئەستۆیە بۆ خزمەت بیکەیت ، دەبێتە هۆی داهێنان و جوانکاری .

دەبێ ئیلتیزام وای لێ نەیەت ببێتە کۆیلەیەتیو دەست بە سنگەوە گرتن . وەک ئەوەی زۆر ئەندامی ڕێکخستن هەن هێندە بە ئیلتیزامی تێنەگەیشتنەوە گیرۆدەن . چ بیرکردنەوەو گیانی دەمەتەقەو لێکدانەوەیان پێ نەماوە ، وا دەزانن ئەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

ڕێکخستنەکەیان دەیکا ، کار تەواوەو کەس بۆی نیە پەنجەی ڕەخنەی لە ئاستدا بلند بکاتەوە ۔ ئێمە وامان دەوێ کەسانی مولتەزیمی هۆشیار هەبن ۔ بتوانن " بەلێ " بۆ شوێنی خۆی " نەخێر " یش بۆ شوێنی خۆی بەکاربێنن ۔

ناکرێو دروست نیە مرۆڤ بە نێوی ئیلتیزامەوە بکرێتە کۆیلەی ڕژێمێک یا پیاوی مرۆڤێک یا بەندی تەریتێکی کۆنەپەرستانە ، دەبێ ئەوەش بزانرێ دەرچوونیش لە ئیلتیزام دەبێتە ئاژاوەو بێ سەرو بەری ۔

نەبوونی سیاسەتی ئیلتیزامی دلسۆزانە لە بەرامبەر نەتەوە کەماندا ، کارێکی وای کردووە ، هەر چوار کەس و حیزبێکیان دروست کردووە ، تەنها بۆ نموونە لە کوردستانی سەروودا "١٦" حیزب ، لە کوردستانی ڕۆژئاوادا "٧" حیزب ، لە کوردستانی خوارودا "٨" حیزب و لە کوردستانی خۆر هەلاتدا " ٥ " حیزب هەن ۔ واتا بە هەمووی کورد خاوەنی " ٣٦ " حیزبە ، ئەمە ئەوانەن ناویان لە ناوندایەو لەو مەیدانەدان ۔ ڕەنگە لەوانە زۆر فرەتر هەبن ۔

ئەم قۆناغە هەتا بلێی ترسناک و هەڕەشە کردن لە بوونمان ،تا ئێستا نەی هێناونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێکەوە دانیشن و بیرێکی زانستانەی گونجاو لەگەل واقیعی کورددا بکەنەوە ۔

ئێمە قەت ڕێگا بەخۆمان نادەین کە وابزانین تاکە حیزب دەتوانێ هەموو شتێ بکا ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنی لەدروستکردنی حیزبدا خەلک خۆی بۆ نەگیرێتەوە ۔ یا بۆ بەربەرەکانی یەکدی دروست بن ۔

chalakmuhamad@gmail.com

ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتی بێ ئیلتیزامە ، وای کردووە ئەگەر کوردێک بەخاک و ناوچەی خۆیدا تێ بپەڕێ !! پێشمەرگەی هەر لایە داوای نووسراوی ڕێکخستنەکەی خۆی لێ دەکا . بە مانا چەند تاقم لەو ناوچەیەدا هەبن ، دەبێ ئەوەندە کاغەزی پشتگیری پێ بێ .

لە سنورە دەستکردەکانیشدا ، لە بلەکێ، مەریوان ، بێژوێ، بێدەلان ، نۆکان، توژەڵە هەر شوێنێکی دیکە . دەبێ تێپەڕنامەی پەڕینەوەی سنورەکان وەک دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوەندەکان پەیڕەو بکرێ!!! .

مەسەلەی بوونی چەندان گومرگ لە کوردستاندا دیسان یەکێکە لە ناخۆشترین و دزێوترین دیاردەی هەست بە لێنەپرسینەوە . میللەتێکی " ٢٥" بیست و پێنج ملیۆنی خاوەنی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی میللی نیە . تا ئەم دەمە هەستی جوداوازی لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا لەئارادایە . تازە ئێرانچێتی، تورکیاچێتی، سوریاچێتیو عێراقچێتی یەکێکە لە سیاسەتی ناڕەوای پەروەردەی زۆر خەڵکی سیاسی .

٣ـ تێڕوانین بۆ دەسەڵات و توانستی مرۆڤ

هەرچی لە گەروونداییە ، خودا بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستی کردوون، نابێ هێزی دیکە بەسەر هێزی مرۆڤدا زاڵ بکرێ. مرۆڤی کورد مەرجە وا گەورە بکرێ ئازادی وەدەست بێنێ ، ئازادی وەک حەقیقەتێک ناکرێ بە دوو بەشەوە . نیوەچڵی یانی نەبوون . یانی خۆهەڵخەڵەتان، شاردنەوەی ئاواتی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد کە مافی چارەنووسە ، نەوێران و مرۆڤ بە بچووک تەماشا کردنە ، هەر دەستەو ڕێکخراوێک

chalakmuhamad@gmail.com

وا مرۆڤی کورد گوش نەکا : کە میللەتان یەکسانن و ئێمەش وەک هەر یەکێک لەوان دەبێ مافی تەواومان هەبێ . بەرنامەی تەواو نیەو شتێکی بێ گوێدانە دوا ڕۆژی میللەت ئەنجام دەدا .

لە سالانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا ، پەنا و پشتیوانی شۆڕش میللەت خۆی بوو ، بەجۆرێک گیانبازی‌و هاوکاری هەبوو . شۆڕش هەستی بەبێ یارمەتی دەرەوە نەدەکرد . ئێمە نالێین یارمەتی دەرەوەمان پێویست نیە ، بەلام بەهیچ شێوەیەک نابێ‌و دروست نیە بکرێتە بەردی سەرەکی سەرکەوتن . شۆڕشێک میللەتەکەی پشتیوانی لێ‌نەکاو میللەت نەبێتە هێزی بزوێنەری، شۆڕشێکی نائاسایی‌و نا راست دەبێ .

ئێمە وادەزانین یەکێک لەهەرە هۆیەکانی چۆکدانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥دا ئەو باوەڕە بوو کە سەرجەم پشتیوانی چەک و دارایی لە دەرەوەیەکی نا دلسۆزو دوژمن وەردەگرت ، بەراستی شەرمە ئەو هەموو دەولەمەندانەی کورد بۆ یارمەتی‌دانی شۆڕش و ئازادی ئامادە نەبن . زیاتر شورەیی‌یە خێزانی زۆر شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کورد بێ شێو بمێننەوە ، یا لە شارەکانی دهۆک ، هەولێر ، مەهاباد ، سنە ، سلێمانی‌و کەرکووکدا بەبەرچاوی ئەو هەموو پارەدارانەی کوردەوە گولەبەڕۆژە بفرۆشن یا نانکەری‌وجل شۆری بکەن و مندالانیان ڕووت و ڕەجال بن .

لەهەموو سەیرتر کەم حیزبی سیاسی کورد بە میللەتدا ڕادەپەرمێ دروشمی ئازادی لەنێوان میللەتاندا بەرز بکاتەوە ، وا ناڕوانن هێزو توانستی جەماوەری کورد کە هەموو شتێکیان لەدەست دێ .

chalakmuhamad@gmail.com

# ئامرازەکانی پەروەردە

بۆ هەموو ئامانجێکی پیرۆز، ڕێگاو شێوەی پیرۆزی دەوێ ،هۆی پەروەردە کە بۆ ئامانجی دروستکردنی مرۆڤ پەیڕەو دەکرێ بریتیە لەو کۆمەڵە چالاکیو نەخشەیەی بۆ وەدەستهێنانی ئامانج دەگیرێتە بەر. لەو ڕێگەشەوە کاریگەرێتیو تاوی بۆ سەر خەڵکی دەردەکەوێ .

گەلێک هۆ بۆ پەروەردەی مرۆڤ هەن لەوانە :

بەر لە گشت ، دەبێ ئەو پەروەردەیە لە کۆمەڵێ خەڵکی دڵسۆزدا ڕەنگ بداتەوەو کاری پێ بکرێ ، بۆ ئەوەی لە تیئۆرەوە ببێتە ڕاستیو جوڵانەوە . هەر بەو بزوتنەوەیە ، هەوڵی مەردانەی مێژوو، مێژووی سەربڵندیو بەپێوە ژیان دروست دەبێ.

بوونی کەسانی ئازا کە خاوەنی پەروەردەی خاوێن بن،مەرجێکی سەرەکییە بۆ باوەڕبڵاوکردنەوەو گۆڕینی وزەو توانست بۆ ڕووناکیو کاری پیرۆز . ئەو کەسانە دەبنە پێشەنگ و ڕابەر، خەڵکی بە نموونەی لێزانیو وەفاداریيان دەزانن ، بۆیە لە کردەوە چاک و جوانەکانیاندا ، لە هەڵس و کەوت و قوربانیەکان و دڵسۆزییان چاویان لێ دەکرێو نموونەیان زۆرتر دەبن .

ئامۆژگاریو قسەی باشە ڕێگەیەکی دیکەی پەروەردە کردنە ، مرۆڤ ئارەزووی گوێ گرتنی هەیە ، تایبەت ئەگەر کەسانی بەراستی پێشەنگ ئامۆژگاری بکا . تاوێکی باش دەکاتە سەر خەڵک . زۆرجار پێویستە ئاموژگاری چەندبارە بکرێتەوە . فرە وابووەو وا دەبێ کە ئامۆژگاری هێدیو لەسەرخۆ کەسانی لە ڕێگای هەڵە

chalakmuhamad@gmail.com

گێڕاوەتەوەو بەرەوژیانی مرۆڤی دروست ، ئاراستەی کردوونــــەوە .
مەرجە ئەوە بزانرێ کە هەموو یەکێک پێویستی بە ئامۆژگاریو ڕاوێژ
هەیە . کەسیش نیە هەڵە نەکا . بەڵام هەڵەکەی نەبێتە ڕێبازو لەسەری
بــڕوا .

دەتوانرێ لە ڕێگای جۆراو جۆری دیکەوە پەروەردەی خەڵکــــی
بکرێ. وەک پاداشت و خۆشەویستکردنی شتی پیرۆز یا سزادان و ڕەزیل
کردنی شتی پووچەڵ و زیان بەخش . ئەدەبیاتیش دەورێکی باڵا لـــە
هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی جەماوەردا دەبینێ . وا دەزانیـــــن
ئەدەبی کوردی لە مێژووی خۆیدا کاری بەرزو شیاوی بینیوە . تایبەت
دوای هەرەسی ١٩٧٥ لەڕووی هەموو جۆرە هێرشێکی ڕژێمی بەغـــدادا
ڕاوەستاوە ، ئەدەبیاتی کوردی لە سەرانسەری کوردستانی خوارووداا
بەوپەڕی نموونەی بەرزەوە توانی بەرەنگاری سیاسەتی دەوڵەتـــی
بەغدا ووروەتینی تازە بەبەر جەماوەردا بکاتەوەو ئەو تێشکانـــە
گەورەیە بکاتەوە بە سەرەتای سەرهەڵدانەوەو نوێ کردنـــــەوەی
خەباتێکی سەختترو درێژخایەن . ئەدەبیاتی کوردی بووە بەستنەوەی
گیانی کورد بە نەبەزین و نەبەردییەوە.بە هەموو تین‌وهێزێـــکەوە
دەستەوسانی‌وگریانی وەلادا و لەجیاتیان تێکۆشان و زەردە بـــــۆ
دوا ڕۆژی گەردن کێلی بە خەڵکی بەخشی . بەڕاستی ئەوەی سەلمانـــد
کە تاوی وشە هەرگیز لە کاری گوللە کەمتر نیە . جا ئەگــــــەر
هەردووکیان پێکەوە بن ئەوا سەرکەوتن زووتر وەدەست دێ .

chalakmuhamad@gmail.com

# مرۆڤی کورد

یەکێک لە سەمەرەکانی ئەو دنیای کوردە ئەوەیە لێکدانەوەی واقیعی کورد لەبەر چاو ناگیرێ ، ئەو میللەتە خاوەنی ئایینو باوەڕ بەخودایە . زۆر لەوانەی دروشمو ڕێو ڕەسمی ئیسلامیش بەجێ ناهێنن ، بەڵام ئیسلامیان وەک خاوەن باوەڕ ، لە ناخدایە .
بەرنامەی یەکێک لەو پارتانە وەک دەڵێن بۆ سیاسەتیش بێ!!! شتێکی لەو بارەوە تێدا نیە ،پارتێک نەبێ ئەویش وەک باوەڕبوون بەخودا شتێکی باس کردووە . نەک وەک ئەوەی بزانێ ئیسلام ئایینی ئەو کوردەیە .

ڕەنگە لە مێژووی بزوتنەوەی هیچ میللەتێکدا بەو شێوە دژایەتی ئایین نەکرابێ. هەزاران ناوو ناتۆرەی بۆش و بێ بناغەو بێ ویژدانانە بۆ ئیسلام دروست دەکرێ . بێ ئەوەی تاقە تۆزێک هەستیئەو میللەتەی گوایا بۆی تێدەکۆشن بپارێزن. لە کاتێکدا هەر هەموو ڕێکخستنی کورد کۆبکەیتەوە لەسەدا پێنجی میللەتەکە تێ ناپەڕێ . ئەوانیش لەنیوەی زێدەتر موسوڵمانن . ئیش کردن بۆ میللەتێک، بێ گوێدانە میللەتەکە خۆیو تێگەیشتن لە دۆخی باوەڕی کۆمەڵایەتیو ئابووریو مێژوویيو جوگرافیو ڕۆشنبیریو.... ...هتد.. سەر سڕمان دروست دەکا .

برجنێڤی سیاسەتمەدارو ڕابەری ئەو دوا دوایەی سۆڤیەت لە کۆنگرەی ٢٦ بیست و شەش پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا بوو گووتی: دەبێ حیسابێکی چاک بۆ هۆی ڕاپەڕینی ئایینی بکرێ.

chalakmuhamad@gmail.com

لایەنی ڕاست و پێشکەوتنخوازی ئایینی گوڕو تین بە خەباتی خاوەن باوەڕان دەدا .

بەهەرحاڵ ، پێویستە ئەو هەل و مەرجانەی لە بنەماسەرکیەکانی پەروەردەدا دەستنیشانمان کردوون لەپەروەردەی مرۆڤی کوردیشـــدا لەبەر چاوان بگیرێن، ئێمە مرۆڤی کوردمان بۆ کوردو بۆ مرۆڤایەتی دەوێ. مرۆڤی هەر میللەتێک کە بووە تەنها هاونیشتمانی چاکـــی! نەتەوەکەی ، دەبێتە مرۆڤێکی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی . دڵنیایـــن هەتا میللەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و میللەتانی دیکـــەی دوورو نزیک سیاسەتی گۆشکردنی مرۆڤی مرۆڤایەتی لەبەر نەگــــرن. ئەو هەموو کێشە گەورەو بچووکانەی نێوان میللەتە فەرمانــرەواو میللەتە ژێردەستەکان هەر دەمێنن ، بەستنەوەی ئینسان بەس بـــە سنووری تەسکی نیشتمانەوە ، مانای خۆبەندکردن و دەروازە داخستنە . بۆیە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سیاسەتیپەروەردەی خۆناسین، بزانیـــن مرۆڤ چیەو چ پەیامێکی پیرۆزی لە ئەستۆیە . مەرجە بش زانیـــن چ پەیوەندییەک لە نێوان ئاسمان و زەویدایە . چونکە مرۆڤ تەنهـا مرۆڤی زەوی نیە ، تەنها مرۆڤی ئاسمانیش نیە . مرۆڤ مرۆڤی زەوی و ئاســـــمانە .

## مرۆڤی کوردی بەرهەمی پەروەردە

ئەو مرۆڤە کوردەی ئێمە چاو لەڕێین بۆی، دەبێ چۆن بـــێ؟ ئایا لەچ شێوەیەکدا دەبێ؟

مەبەستی سەرەکی پەروەردەی مرۆڤی کورد ، بۆ ئەوەیە ببێتـە

chalakmuhamad@gmail.com

مرۆڤێکی تەواوی ڕاستەقینە، بتوانێ لە نەخشەی ئەم ژیانەو جیهانەدا جێگای خۆی بکاتەوەو ببێ، بوون هەر ئەوە نییە وەک ژمارە ببی، بوون ئەوەیە لە دروستکردن و پێشکەوتندا، لە سەربەخۆییو داهێناندا ڕۆڵی هەبێ، بوون ئەوەیە کورد لە نێو میللەتاندا و لەنێو وولاتاندا قەوارەی خۆیو چوارچێوەی سیاسی هەبێ.

تەنها پەروەردە وا دەکا قوربانی بەبێ هودە نەدرێ، تەنها پەروەردە وا دەکا مرۆڤ لەهەموو ڕووەکانی ژیانەوە ئامادەبکرێ. کاتێک مرۆڤی کوردی گۆشکراوی لاشەییو ژیریو باوەڕو ڕەوشت و ویژدان بوو، بە زانستانەوە بۆ گەردوون و پەیوەندییەکان، بۆ خەبات و بەرهەم هێنان دەڕوانێ . هەر شتە وەک خۆی دەبینێ، تێدەگا تەقە هەموو شتێک نیە، تێدەگا سەرکردە بێ هەڵە نابێ، دەزانێ یەکێتیو یەک ئامانجیو هاوکاری هەل و مەرجی سەرەکی بە ئامانج گەیشتنن .

مرۆڤی کوردی بەڕاستی پەروەردەکراو، ئەوە چاک دەچێتە ناخییەوە کە لە تاکەکانی دیکەی کورد ئاوەکی نیە، هەرگیزاو هەرگیز کوردی برای، کوردی پشتی، کوردی بەیەک بوونەوە کورد بە دوژمنی سەرەکی دانانێ!!، هیچ زڕە بیانوو یەک نادۆزێتەوە، تفەنگی پێشمەرگەی کورد لە دوژمنەوە بۆ سەر سنگی کورد وەرسوڕێ. پێشمەرگەی گۆشکراوی کوردایەتیو مرۆڤایەتی لەتەک یەکدا هێدیو هێمن و لەسەرخۆن . کەس بەقەدەر خۆمان نزیک نین بۆ خۆمان. دەبێ لەگەڵ دوژمنیشدا بەهەموو ڕەنگەکانیەوە چاونەترس و بێباک بین . هەر لەم باوەڕەوە ، ئێمە دژی گشت شێوەیەکی شەڕی براکوژین.

chalakmuhamad@gmail.com

ئێمە هەرچی بەهانەی تفەنگ بەیەکدینانەوە هەیە لە هەرلایەکەوە بێ دەدەینە دواوە .

مرۆڤی کوردی بەڕاستی پەروەردەکراو ، لەڕووی کەڵەگادا ، دەست لە چۆک نابێ ، تەنگانە تینی بۆ ناهێنێ . ئەو ئامانجی پیرۆزی لە ڕێیە ، دەستکەوتنی ، سەرکەوتنە . بوونە قوربانیش لەو پێناوەدا ، نەمرییە .

مرۆڤی کوردی بەڕاستی پەروەردەکراو ، ڕق و کینەی لە تێکۆشەرو برای خۆی نابێ . مرۆڤی کوردی خۆش دەوێ ، مرۆڤی مرۆڤایەتی خۆش دەوێ . بۆ کورد وەک میللەت و بۆ کوردستان وەک وڵاتێک و بۆ کورد وەک تاک و بۆ مرۆڤایەتی و بۆ مرۆڤ دەژی .

******

chalakmuhamad@gmail.com

# شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی وەک شێوەیەکی تایبەتی ڕیرۆی شۆڕشگێڕانە

ئ. ن. بروتینتس

لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی

مەسەلەی ڕوخساری تایبەتی شۆڕشەکانی ئازادیخوازیی نەتەوەیی وەک شێوەیەکی دیاری کراوی ڕیرۆی کۆمەڵایەتیو ناوەڕۆکی ئەم "تێگەیەی ( شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی ) یەکێکە لەو یەکەم مەسەلانەی لەبەردەم هەر کەسێکدا کە بیەوی ڕووکارەکانی شۆڕشەکانی نەتەوەیی لە نێوەڕاستو دوا سێیەکی سەدەی بیستدا دەستنیشان کا، خۆی دەردەخا .. ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییە کە ئەم مەسەلەیە هێشتا بەتەواوی گەڵالە نەکراوە..

وەرگرتنی ( شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی ) وەک زاراوەیەکی زانستیو بەکاربردنی فراوانی ئەم زاراوەیە، دەرخستنێکی باشی پەیوەندی نزیک و هاوتەبایی نێوان زاراوەکانی مارکسیستو واقیعی پراکتیکی سیاسی ئەو خەباتە شۆڕشگێڕییەیە کە عەکسی دەکاتەوە. ئەم زاراوەیە ( لە بەڵگەنامەکانی کۆمینتێرن دا، واتە بەر لە

chalakmuhamad@gmail.com

دا مەزراندنی نیزامی سۆشیالیستی جیهانیو هەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالەکان، وەک شۆڕشی نەتەوەیی کۆلۆنیالی ، نەتەوەیی، کۆلۆنیال ، شێوە کۆلۆنیال، بەکار دەهێنرا ) (١) . لەسەرچاوەکانی مارکسیستدا هەر لەدووەم کۆنگرەی ( ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست)و لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و بەشێوەیەکی سەرەکی بەپەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی ١٩٢٤- ١٩٢٧ی (چین)دا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنراوە..

هەرچونێک بێ، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ هەڵچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەییو هەرەس هێنانی نیزامی کۆلۆنیالی ئیمپریالیزم بڵاوبۆوە. ئەم زاراوەیە لەبەڵگەنامەکانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیت و پارتەکانی دیکەی کۆمۆنیستیو کرێکاریدا بەکارهێنراوەو لە نوسینەکانی زانستیو گەلیدا زیاتر گەڵاڵە کراوە. بۆ نموونە پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی دەنووسێ ( جیهان بە ماوەی شۆڕشەکانی بە تەوژمی ئازادیخوازی نەتەوەییدا تێدەپەڕێ) (٢) ئەو ڕاگەیاندنەی لە ساڵی ١٩٦٠دا لەلایەن پێک گەیشتنی پارتەکانی کۆمۆنیستیو کرێکاری لە مۆسکۆ دەرچوو، قۆناغی مێژوویی ئێستا وەک ( سەردەمی خەباتی نێوان دوو نیزامی کۆمەلایەتی دژ بەیەک ، سەردەمی شۆڕشەکانی سۆشیالیست و شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی) (٣) دەستنیشان دەکا . بڕیاری کۆنگرەی بیست و سێیەمی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت باسی ( تەواوبوونی شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی) (٤) دەکا .

هەر لەوکاتدا ، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕوو- لەزیادبوونی زاراوەی ( شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی) بڵاوکراوە زانستیو میتۆدۆلۆ-

chalakmuhamad@gmail.com

ژییەکان نەیانتوانیوە پێناسەیەکی راستەوخۆو پڕ بە پێستی تایبەتییەکانی ئەم دیاردەیە وەک شێوەیەکی تایبەتی ڕیرۆی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە بدەن .

هەندێ نووسەر ، بەلای ئەوەدا دەچن خوێندنەوەیەکی زێدە فراوانی ئەم زاراوەیە بکەن و ئەو دیاردەو ڕیرۆیانە بدەنە پاڵ ئەم زاراوە کە زیاتر خاسیەتی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتیین. بەپێچەوانەی ئەمەوە هەندێکی تر هەڵوێستێکی وا دەردەخەن کە ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی مەنتیقی لە هەموو مانایەکی جەوهەری دادەماڵێ. لە ئەنجامدا ، کاتێ ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن، ناتوانن ناوەرۆکی تایبەتی بەدی بکەن، یان هەست بە پێویستی ئەوە ناکەن ئەو ناوەرۆکەی بەدەرخەن. ئەوان تەنیا شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەییو ، دیموکراتی بۆرژوازی وەک یەک دادەنێنو ئەو دوو زاراوەیە وەک هاو واتا بەکار دەبەن... هەندێکی دیش ، ئەم زاراوەیە بۆ وەسف کردنی هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەییو هەر کارێک داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی بکا بەکاردەهێنن .

هەموو ئەمانە ، پێویستی کۆڵینەوەیەکی پتری شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی وەک شێوەیەکی دیاریکراوی ڕیرۆی کۆمەڵایەتی دەردەخەن، بۆئەوەی بتوانین نێواخنی ئەم زاراوەیە دیاری کەین .

لەپێش هەموو شتێکدا ، پێم وایە ، زەمینەیەکی سیاسیو زانستی تەواومان بەدەستەوەیە بۆ دەرخستنی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵی تایبەتی، دیاردەیەکی تایبەتی ڕیرۆی شۆڕشگێرانە ، و لەسەر ئەم بناغەیە تێگەیشتنی ( شۆڕشی

chalakmuhamad@gmail.com

ئازادیخوازی نەتەوەیی) لێک بدەینەوە بۆئەوەی پێناسەی خۆی بەرهەم بهێنی ٠

زەمینەی سیاسی ئەمە ئەو دەورە گرنگەیە شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی وەکو کارکردەیەکی(فاکتەریکی)پەرەسەندنی کۆمەلایەتی دەیگێڕن٠٠٠٠ با ئەوە لەبیری خۆماندا هەلگرین کە شۆڕشەکان و بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی مێژوویەکی توندو تیژی دوورو درێژیان هەیە٠٠٠ بەدوایەکدا هاتنی ماوەکانی مێژوویی تا ئێستا ، وەک یاسایەک، شان بەشانی زیادبوونی گرنگی کۆمەلایەتی ئەو شۆڕش و بزووتنەوانە ڕوویداوە ٠ لەم ماوەی دواییەدا ، بەشێکی دیاری( چنراوە )ی ڕیرۆی کۆمەلایەتییان پێک هێناوە ٠ بەم چەشنە ، لینین سەرنجی ئەوەی داوە کە لە ئەورووپای سالانی ١٨٥٠ و ١٨٦٠و دواتردا ، بزووتنەوەکانی نەتەوەیی بۆرژوازی ناواخنی مەوزوعی سەرەکی دیاردەی مێژوویی بوون ٠

هەرچۆنێ بێ، لەسەردەمی ئێستاماندایە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی یەکجار گرنگ بووە ٠ هەندێ ئایدۆلۆژیستی ئیمپریالیست وەلامی ئەم راستییەیان بە ناونیشانکردنی ئەم قوناغەی ئێستا بە ( سەردەمی نەتەوایەتی) داوەتەوە ٠(٦)

ئێمە لەخوارەوە سەرنج دەدەینە ئەو زەمینە زانستیو تیئورییانەی وامان لێدەکەن شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی وەک شێوەیەکی تایبەتی ڕیرۆی شۆڕشگێڕانە دابنێین ٠

شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو شۆڕشانەن لە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نەتەوەییەوە سەرهەلدەدەنو ئامانجیان

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوەیە چەوساندنەوەو دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریو ئایدۆلۆژی بێگانە نەهێڵن ( ئەمە ژێردەستکردنی کۆلۆنیالی نەتەوەییش دەگرێتەوە )و دەوڵەتی دەسەڵاتداری خۆیان دابمەزرێنن . لینین لە لێکدانەوەی مەسەلەی (ڕاپەڕینی نەتەوەیی)دا دەڵێ( ئەمە ڕاپەڕینێکە بەو مەبەستەی سەربەخۆیی سیاسی نەتەوەیی چەوساوە بەدی بێنێ واتە : دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی جیاواز ) (٧) .

ئەرکەکانی کۆمەڵایەتیـ ئابووریو ناوەڕۆکی چینایەتی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی لەلایەن هەلومەرجەکانی ناوخۆیی وڵاتێکی دیاریکراوو ، هەروەها سروشتی ئەو ماوە مێژوویییەی تێیدا ڕوودەدا ، دیاری دەکرێن . یا وەک ریکرویەکی دیاریکراو ، سەرنجی ئەو ڕاستییە بدەین کە لەماوەیەکی مێژوویییەوە تا ماوەیەکی مێژوویی دواتر ، لایەنی کۆمەڵایەتی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی زیاتر خۆیان دەردەبڕن . هەر لەوکاتیشدا ، زۆر شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی بەرەو ئەوە دەچن لایەنێکی ڕووـ لە زیادبووی ئازادیخوازی نەتەوەییـ یان هەبێ .

هەر ماوەیەکی مێژوویی کاری خۆی دەکاتە سەر شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. لە کارێکیدا بە ناونیشانی( کاریکاتووری مارکسیزمو ئابووریزمی ئیمپریالیست ) لینین دەری خستکە مەحاڵە بتوانین هیچ جەنگێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی تێبگەین، بەبێ ئەوەی هەلومەرجە گشتییەکانی ئەو سەردەمە مێژووییە تێبگەین کە تێیدا دەردەکەون) (٨) . ئەو شۆڕشانە بەشێکن لە چنراوەی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەیان و بنەیەکی (عنصر ) کۆمەڵایەتی

chalakmuhamad@gmail.com

ئابووری بۆ یەکێکی تـــرن .

بەم جۆرە شۆڕشەکانی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەماوەی مێژوویـــی سەرمایەداری بەرـ لەـ مۆنۆپۆلیدا ، بنەیەک بوون لە ئالوگـــۆڕی ژیانی کۆمەلایەتی بۆرژوازی ـ دیموکراتیو دژ بە فویدال و لـــە جیهانی کۆن و نوێدا ... و وەک یاسایەکی گشتی، خاســـیەتێـکی بۆرژوازی ـ دیموکراتیک یان هەبووە. ناوەرۆکی کۆمەلایەتـــی سەرەکییان بەدی هێنانی ئەرکەکانی بۆرژوازیو بـــۆرژوازی ـ دیموکراتیک بوو .

بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە ئەم شۆڕشانەـ جاچ جاشۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی ترـ دەشێ بە سادەیی یان بە تـــەواوی وەک شۆڕشەکانی بۆرژوازی ـ دیموکراتیک دەستنیشان بکرێن ، ئەمـــە گەر باسی ئەو شۆڕشانە نەکەین کە بە ( کلاسیک ) ناوبـــراون. هەبوونی جیاوازیو ، جیاوازییەکی زۆر دیاریش ، لەو راســـتییەوە دەردەکەوێ کە هەرچەندە لە ماوەی تازەدا ، هیچ شـــۆڕشـــێکـــی ئازادیخوازی نەتەوەیی، کە شایانی باس بێ، رووی نـــەداوە ، کـــە ناوەرۆکێکی بۆرژوازیـ دیموکراتیک ( بۆرژوازی) نەبێ، کەچـی زۆر شۆرشی بۆرژوازی یان بۆرژوازی دیموکراتیک بەبێ بوونی هیـــچ ناوەرۆکێکی ئازادیخوازی نەتەوەیی ئەنجام دراون .

ئەم جیاوازییە لەپێش هەموو شتێکدا پشت بە گرنگێتی لایەنـی نەتەوەیی دەبەستێو ، بەهانەی پشت‌گوێ خستنی ئەم لایەنە لە کـــەم نرخاندنی ئەپستیمولۆژی(زانینگەری) ئەم لایەنەوە سەرهەلـدەدا ... تەنانەت کاتێ لایەنی نەتەوەیی وەک زیاتر لە (شێوە)یەکی دەربرینی

chalakmuhamad@gmail.com

ناوەرۆکی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی سەیری ناکرێ کەئەمەش بەلای منەوە بۆچوونێکی ناتەواوە- هێشتا پێویستیمان بەوەیە کەلەو گریمانەوە دەست پێبکەین کەئەمە شێوەیەکی جەوهەرییەو چالاکانە بەرەو پەرەسەندن بۆ ناوەرۆک دەچێ. بەلام دروست ترە گەر بلێین لایەنی نەتەوەیی تەنها (شێوە) نیە بەلکو بەشێوەیەکی گرنگ ئەو مەیلەی هەیە خاسیەتی (کەرەکتەری) شۆڕشی خۆی مشت و مال کاو خاسێتی تایبەتی پێبداو بەشێوەیەکی ئۆرگانی لەگەل ناخنە کۆمەلایەتییەکەی تێکەل بێ . ئەرکی فرێدانی نیر ژێردەستی نەتەوەیی، کە شێوەیەکە لە چەوساندنەوەی کۆمەلایەتی لەلایەن چینێک یان چەند چینێکی چەوسێنەرەوە ئەنجام دەدرێو گەرچی بێگانەیە ، بەلام خۆی لەخۆیدا کەرکتەرێکی کۆمەلایەتی هەیەو پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەناوەرۆکی کۆمەلیی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی‌یەوە هەیە .

با لەم چوارچێوەیەدا ، ئەو بیرانەی لینین بێنینەوە یاد کە، پێم وایە، نوختەی سەرچاوەیەکی مەنهەجی- مان لەم مەسەلەیەدا دەداتێ . لەو کارەیدا کە ناونیشانی( پوختکراوەی و تووێژ دەربارەی خۆ- بریاردانی چارەنووس) هەلدەگرێ، لینین دەلێ: خەباتی گەلانی چەوساوە دژی نەتەوەی چەوسێنەر بۆ ئازادی ( ناوەرۆکی کۆمەلایەتی راستەقینەی) راپەرینەکانی ولاتە ژێردەستکراوەکانە ) (٨) .

ناوەرۆکی کۆمەلایەتی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ماوەی مێژوویی بەر لە سەرمایەداری مۆنۆپۆلیدا ، گەرچی لە

chalakmuhamad@gmail.com

شیکردنەوەی دوایيدا ، بۆرژوازی بوو ( بۆرژوازی۔ دیموکراتیک) ، لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ شۆڕشەکانی (تەقلیدی) بۆرژوا یان بۆرژوا۔ دیموکراتیک دا ، دەبینین ڕووکاری جیاکەرەوەی جەوهەری خۆی هەیە .

لایەنی کۆمەڵایەتی وا ناسراوە دەورێکی نێوەندی لە ناساندنی خاسیتەکانی شۆڕشدا هەبێ... ناو بەناو ئەم ( دراوە ) ( اطروحە Thesis ) مارکسیست ـ لینینیستە بە شێوەیەکی هەڵـــــەو ئۆتۆماتیکی، وەک بناغەیەک بۆ دانانی کارکردەی نەتەوەیی لەهەر شۆڕشێکدا بە پلە دوو۔ و زیاتر نا ، بەکارهێنراوە . ئەم بۆچوونە دەشێ لە مانای مێژوویی گشتیدا ڕاست بێ، هەروەها لەبنکەدا ڕشتنی پەیڤەیەکی بیروکەکان، بەڵام لەوەدا سەرناکەوێ وەڵامی راســـتمان بۆ سیاسەتی پراتیکی بـــــداتێ .

لایەنی نەتەوەیی، لە کاتێکدا وەک پلەدوو بە نیسبەت لایەنی چینایەتی پەتیبی لە زەمینەی گشتی مێژوویی‌و کۆمەڵابووری ( واتـە کۆمەڵایەتی+ ئابووری)دا دەردەکەوێ، پلەدوو نیە کاتێ ئێمە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی هەڵسوکەوت دەکەین . لەمەش زیاتر ، تەنانەت توانستی ئەوەی هەیــــە دەوری رابەرێتی لەو شۆڕشانەدا ببینێ .

ئەمە سەبارەت بە شۆڕشەکانی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئەمڕۆمـــان شتێکی راستە . بەڵام بۆ شۆڕشەکانی رابردووش هەروەها مانا بەخشە . با ئەوە بێنینەوە یاد کە لینین شۆڕشی ئەمریکی کۆتایی ســـەدەی هەژدەمی وەک شۆڕشێکی دژی چەوساندنەوەی کۆلۆنیال و فویـــدال و (جەنگی رزگاریخوازی دەوڵەتەکانی ئەمریکای ژوورو) ناساند(٩) .

chalakmuhamad@gmail.com

کارێکی بناغەیی سۆڤێتی بەناونیشانی مێژووی نوێ (Modern History دەڵێ- جەنگی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو بەهۆی ئازادبوون لە ژێردەستی کۆلۆنیالی، دوایی پێهێنانی حوکمی بەریتانیو دامەزراندنی کۆماری نەتەوەیی بۆرژوازی. هەروەها ئەرکەکانی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی بۆرژوا - دیموکراتی گرتە خۆی و شێوەکانی سوود- لێدەرهێنانی- استغلال - بەر لە سەرمایەداری تێک و پێک دا : کۆیلایەتی قولەکان، کاری بە پەیمانی سپییەکان، وە بنەکانی فویدالیزم لە نیزامی کشت و کاڵیدا (١٠). با ئەوەش زیادکەین کەئەم ئەرکانە لە شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٥- ١٧٨٣دا دەورێکی ڕێبەرانەیان نەبوو، پێویستی بە شۆڕشێکی دیکەی بۆرژوا - دیموکراتیک لە ئەمریکادا لە ساڵەکانی ١٨٦٠دا کرد تا چارەسەری ئەمانە بکا .

لەسەرێکی دیکەوە، شتێکی ڕاست نیە لایەنەکانی کۆمەڵایەتیی ئەرکەکانی وەک بەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادی لە دەسەڵاتی سوود- لێدەرهێنانی بێگانە، فرامۆش کەین . گەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی " باشترین هەلومەرجی پەرەسەندنی سەرمایەداری" (١١) فەراهام دەکاو باشترین شێوەی سیاسی پەرەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنەرە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا .

شتێکی راست نیە ئەو راستییە فرامۆش کەین کە ئەم لایەنانە بەشێکی ئۆرگانی پێکهێنەری ناوەرۆکی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیین .

chalakmuhamad@gmail.com

تایبەتییەکانی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەردەمی پێش ئیمپریالیزم، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ شۆڕشەکانی تەقلیدی بۆرژوا یان بۆرژوا ـ دیموکراتیک، چەند لایەنێکی زۆر جەوهەری ڕیرۆی شۆڕشگێڕانە هەڵدەگرن : بنکەکانی ئابووری، هێزەکانی پاڵنەرو ڕێکخستنیان، دەسەڵات سەپاندنی چینایەتی لە شۆڕشداو بازدان لە بوارەکانی هێزدا،....هتد .

بەربەرەکانی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنەری نوێ، کە لەناو منداڵانی سیستمی دەرەبەگایەتیدا پەرەدەستێنن، لەگەڵ پەیوەندییەکانی کۆنی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی( و بەپێی ئەمەش بەربەرەکانی نێوان بۆرژوازی نەشونماکەرو چینەکانی ڕەنجدەر لەلایەکەوەو، چینی تەمەن بەسەرچووی خاوەن ـ زەوییە خزمەتکار ـ دارەکان لەلایەکی ترەوە ) بنچینەی کۆمەڵابووری جەوهەری شۆڕشەکانی بۆرژوایە .

هەر لەوکاتدا، بنچینەی ئابووری سەرەکی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی برێتییە لە بەربەرەکانی نێوان پێویستییەکانی هێزەکانی بەرهەمهێنەر، کە پێویستییان بە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ پەرەسەندنیان هەیە، لەگەڵ دەسەڵاتی بێگانە، کە شان بەشانی تاڵانکردنی وڵاتە چەوسێندراوەکەو ژێردەستکردنی ژیانی ئابووری بۆ ئامانجەکانی ئەم دەسەڵاتەو هێشتنەوەی شێوەکانی دواکەوتووی کۆمەڵابووری دەڕوا..بەم پێیە، بنچینەی کۆمەڵایەتی شۆڕشیش، بەربەرەکانی نێوان بەرژەوەندییەکانی هێزی کۆمەڵایەتی رابەری وڵاتی چەوسێندراوەو، گەلەکەی، بەتێکڕایی و،

chalakmuhamad@gmail.com

بەرژەوەندییەکانی چینە فەرمانبەدەستەکانی دەوڵەتی چەوسێنەرەوەیە کە لە سوود- لێدەرهێنانی وڵاتەکە بەشی شێر بۆیان دەبەن، لینین دەنووسێ (بۆ سەرکەوتنی تەواوی بەرهەمهێنانی کەل و پەل، بۆرژوا پێویستە بازاری ناوخۆ بگرێتە دەست و پێویستە ئەو هەرێمانە هەبن کە لەرووی سیاسییەوە یەکیان گرتوەو دانیشتوکانی یەک زمان قسەدەکەن ، لەگەڵ لەناوبردنی هەر کوسپێک لەرێگای پەرەسەندنی ئەو زمانەو پتەو بوونی لە ئەدەبیاتدا .... بناغەی ئابووری بزووتنەوەکانی نەتەوەیی لەمانەدایە ) (١١).

هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە سەردەمی سەرمایەداری: بزووتنەوەی نەتەوەییو شۆڕشەکانی ئازادیخوازی جەماوەری بەتەوژمی دروست کردوون کە تەواوی لەگەڵ دەگرنەوە. ئەوی راستی بێ، درووشمی خۆبڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەربرینێکی سیاسیی ئەو پێویستییە تازانەی هێزەکانی بەرهەمهێنەر بوو... کە موحتاجیان بە بنچینەیەکی نەتەوەییو چوارچێوەیەکی نەتەوەیی پێشکەوتنیان هەبوو... هەموو ئەم (رێکارانە) لەم سەردەمەی ئێستاشماندا بەردەوام لە کاردان... هەرچەندە ڕێرۆی پەرەسەندنی مێژوویی‌و هەلومەرجەکانی کۆنکرێتی (بەرچاو) رەنگە، وەک تاقیکردنەوەکانی ئێستا نیشانی دەدەن، تا ڕادەیەکی زۆر پێکهاتنی نەتەوەکان و دەرکەوتنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی، دژ بەکۆلۆنیال، بگۆڕن. (تەعدیل بکەن).

گرنگێتی سەرەتایی ناکۆکی بەرژەوەندییەکانی ئابووری وڵاتی چەوسێندراوەو، بێگانە چەوسێنەرەوەکان لە تاقیکراوەی شۆڕشەکانی

chalakmuhamad@gmail.com

ناونراو بە بۆرژوازیو بۆرژوازی ـ دیموکراتیک ـ یشدا تـــەواو خۆی دەردەخا . بەشێوەیەکی دیار ، پێشەنگی ڕووداوەکانی شۆڕشگێری، با بڵێین، خەباتی کۆلۆنیەکانی ئەمریکی بەریتانیا بۆ ئـــازادی وا دداددەنوێ( پارتی بوستن تی)بی( کانونی یەکەمی ١٧٧٣) ، کاتـــێ هاووڵاتانی بوستن بەشێکی زۆریان لەو چایەی کەشتییەکانی بەریتانی هێنابوویان فڕێدایە دەریاوە . جێنیشتە ئەمریکییەکان بە تونـــدی بەرامبەر هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ وەستاندنی یان بەلای کەمـــەوە هێواش کردنەوەی نەش و نماکردنی پیشەسازیو بازرگانــــــی لــــە کۆلۆنییەکانی جیهانی نوێدا وەستان... شتێکی ڕێکەوت نیە کـــە لائحەی پوولی ١٧٦٥و لائحەکانی( تاونشیند ) Townshend Acts دەربارەی خستنی باجی نوێ لەسەر ئەو کەلوپەلانە لەبەریتانیـــاوە دەهێنران، پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ خەباتی ئازادیخــــــوازی نیشتەجێکان .

شۆڕشی هۆڵەندا ، یەکەم شۆڕشی بۆرژوا ، چیرۆکێکی لەم چەشنەمـــان بۆ دەگێڕێتەوە . سیاسەتی چەوسێنەرەوانەی حکوومەتی ئەسپانــــیو دەسەڵاتی توندی بەسەر ئەو وڵاتەدا ، بەرەو ئەوە دەچوو ئابوریەکەی تێک و پێک داو کۆسپێکی گەورەی ڕێگەی پەرەسەندنی سەرمایـــەداری بوو . ئەم سیاسەتە بە هاتنە سەر تەختی پاشا فیلیپی دووەم لـــە ئەسپانیادا زۆر زیان بەخشتر بوو . ئابووری هۆڵەندا کەوتە ژێـــر زنجیرە کوتەکێکی ترەوە[ باج خرایە سەر ئەو کەرەسە خــــاوەی لە ئەسپانیاوە دەهێنرا ، ئەمەش بووە هۆی دارمانی پیشـــەســازی حەریرـ چنینی ناوخۆ . کاتێ بازرگانەکانی هۆڵەندی لەوە قەدەغەکران

chalakmuhamad@gmail.com

بچنە ناو كۆلۆنییەكانی ئەسپانیاوە . سەرباری ئەمەش،بەربەرەكانی ئەسپانیا لەگەڵ بەریتانیادا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بەریتانیادا كەبۆ هوڵەندا گرنگ بوو، تێكدا . ساڵێك بەر لە راپەرینی نەتەوەیی ساڵی ١٥٧٢، فەرمان - گری ئەسپانی دۆقی ئەلبا، باجی ناونراو بە (ئەلكەبەلە)ی دروست كرد، ئەمەش بوو هۆی شوێن - ترازاندنی ئابووری .

دەشێ زۆر راستی دی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی كۆلۆنییەكانی ئەسپانیا لە ئەمریكای خواروودا وەربگیرێ. لە ساڵی ١٨٠٩دا ، ساڵێك بەر لەدەست پێكردنی شەڕی ئازادیخوازی لەلایەن كۆلۆنییەكانی ئەسپانی لە ئەمریكادا ، زەویدارە كرێولییەكانی ( لا پلاتا ) ( سەربژاردەی كریول Creole لەدواییدا دەورێكی ڕێبەرانەی لە جەنگدا بینی) یادنامەیەكیان پێشكەش بە فرمان - گری ئەسپانی كرد دەربارەی پێویستی ڕێگەدانی كۆلۆنییەكان تا خەریكی بازرگانی ئازاد لەگەڵ هێزەكانی بیانیدا بن .

لە شۆڕشەكانی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا ، ڕێكخستنی هێزەكانی چینایەتی تا رادەیەك لە شۆڕشەكانی ( بۆرژوا - دیموكراتیك )و بۆرژوا جیاوازە- لەمانەدا ، دەستەو هێزەكانی بۆرژوا ( لە هەندێ نموونەی وەك شۆڕشی بۆرژوازی سەدەی حەڤدەمی ئینگلتەراو، توێژە بۆرژوازیكراوەكانی بەگزادە gentry كە ، بەهەر حاڵ، دەورێكی پلە- دوو دەبینن)و جەماوەرانی گەل بە عادەت ، لە لایەكی سەنگەر دەوەستن و، میرگەلی دەرەبەگ و، ئەرستۆكراسی زەویدارو خاوەن زەوییەكانی تری لەلایەكی تر دەوەستن .

chalakmuhamad@gmail.com

پێکهاتنی جیاوازی تر لە ڕیبرۆی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا دەگونجێ . چونکە لەوێدا ( چینی گشتی)و لایەنی( نەتەوەیی گشتی) شۆڕش زۆر بەهێزترە ، نەک تەنها لە ڕوالەتدا ، بەڵکو لە ناواخندا ، لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشانە زۆرجار بەر لەپێگەیشتنی تەواوی ناحەزێتی بۆرژوازیی سەرهەڵداو بەرامبەر دەرەبەگ و حوکمی بیبەست ( موتلەق) روو دەدەن . بەم جۆرە ، لە شۆڕشی هەنگاری ١٨٤٨- ١٨٤٩دا بەگزادەی چینی نیوەند بووmiddle gentry کە دەوری سەرکردایەتی بینی گەرچی تا ڕاددەیەک ڕیرۆی بۆرژوازی بوون کاری تێکردبوو- و (١٢) بەشی خۆی لە پەیوەندییەکانی کەلوپەلیو ئابووری کەلوپەلیدا هەبوو .

مارکس و ئینگلز سەرنجیان بۆ رێکاری تایبەتی هێزەکانی چینایەتی لەیەکەم قۆناغی شۆڕشی ئیتالی لە چلەکانی سەدەی نۆزدەمدا ڕاکێشا . ئینگلز بۆ نموونە سەرنجی ئەوەی دا کە بەرەی نەتەوەیی شۆڕشگێر زۆر چین و هێزی کۆمەڵایەتی جیاوازی پێکەوە کۆکردەوە . ( لە میرەکان و بەگزادەو تا چین و توێژەکانی دی ). بەگزادەی پۆڵەندی هەروەها بەوە بەناوبانگە کە ڕاپەرینی نەتەوەیی ساڵەکانی ١٨٣٠- ١٨٣١ی پۆڵەندای سەرکردایەتی کرد... ئینگلز ئەمەی بە ( شۆڕشێکی کۆنەخواز ) دەستنیشان کرد.سەرکردێتی ڕاپەرینی نەتەوەیی ١٨٦٣- ١٨٦٤ بەزۆری لەدەست سپییەکان ( Whites )و- واتە بەگزادەی زەوی دار- و بۆرژوادا بوو. بە حوکمی ئەو تاقیکردنەوەیەی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، لینین باسی( نەتەوایەتی بەگزادەیی)و باسی( بزووتنەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

ئازادیخوازی بەگزادە لە پۆڵەندا دەکا ) .

هەروەها بەگزادەو ڕەگەزەکانی کەهنووتی دەورێکی سەرەتاییان لە پەرەسەندنی شۆڕشی بۆرژوازی هۆڵەندا دا بینی .

لێرەدا ئەو بارو دۆخە بەروالەت پێچەوانە دەبینین کە لە ماوەی جەنگی سەربەخۆیی کۆلۆنییەکانی ئەسپانی لە ئەمریکا لە ساڵانی ١٨١٠- ١٨٢٦ ڕوویدا . سەربزاردەی کریول Creole elite زەویدارەکان، بوونە لێپرسراوی سەرکردایەتی جەنگی ڕزگاریخوازی. تەواوبوونی سەرکەوتووانەی ئەو جەنگەو نەهێشتنی چەوساندنەوەی بێگانە ( کە تا ڕادەیەک پەرەسەندنی سەرمایەداری ئاسان کرد )و خێراکردنی پەرەسەندنی ئابووریو سیاسیو کەلتووری، لەو وڵاتانەدا ، بەهێز کرد. تەنانەت ، لێرەو لەوێ، بووە هۆی ئازادکردنی قولەکانیش و ڕاگەیاندنی یەکسانی هیندییەکان.... لەیەک کاتدا ، دەورو گرنگێتی لەزۆر ناوچەدا بەهێز کرد .

با ئەوەش بینینەوە یاد ، کە میرە دەرەبەگەکان دەورێکی گرنگیان لە سەرکردایەتی ڕاپەرینی نەتەوەیی هیندستان لەساڵی١٨٥٧- ١٨٥٩دا بینی. زەویدارەکان هەروەها دەورێکی بەرچاویان هەبوو لە شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەیی فیلیپینوی ساڵانی ١٨٩٦- ١٨٩٨و ، لەگەڵ بۆرژوازی لیبرال، وەک سەرکردەی شۆڕشکاریان دەکرد .

بەشداری هێزەکانی فویدال و ئەریستوکراتی تیرەگەری هەروەها ڕووکاری هەندێ بزووتنەوەی دژـ بەکۆلۆنیالی سەدەی بیستەمو شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەمرۆمانە ، وەک ئەندەنووسیا . مەلایاو گانا . بەڵام ئەوەی هەرە گرنگترینە ئەوەیە کەزۆر لەو

chalakmuhamad@gmail.com

شۆرشانە لەتەک ئامادەبوونی بۆرژوازییەکی نەتەوەیی لاواز، یان تەنانەت نەبوونی بۆرژوازی نەتەوەیش بەرەو پێشەوە چوون و رێگایان بۆ دەسەلاتی هێزی کۆمەلایەتی دیکە ئاوالە کردووە، لەوانە هێزەکانی دژ بەسەرمایەداری وەک پرۆلیتاریا و دیموکراتەکانی شۆرشگێر.

کلاسیکەکانی مارکسیست ـ لینینیست ئەوەیان نیشان داوە کەمەسەلەی هێزو دەسەلات مەسەلەی سەرەکی هەر شۆڕشێکە. لینین دەنووسێ: ( گوازتنەوەی دەسەلاتی دەولەت لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی نیشانەی یەکەمو سەرەکیو بنچینەیی هەر شۆڕشێکە ،چ بەواتای ووردی زانستی، یان واتای سیاسی پراتیکی ئەم وشەیە ). هەروەها ئەوە بەگرنگ دادەنێ کە ( هەر شۆڕشێک ، ئەگەر شۆڕشێکی بەراستی بێ، گوازتنەوەی چینایەتی تێدایە ).

هەر شۆڕشێکی کۆمەلایەتی، لەوانە شۆڕشی بۆرژوا و بۆرژوا ـ دیموکراتیک ، دژ بە چینێکە کە نوێنەری رابردووی مێژوویییەو، دژ بە پێکهاتوویەکی کۆمەلابوورییە کە خەریکی بەسەرچوونە .

شۆڕشەکانی کلاسیکی بۆرژوا و بۆرژوای ـ دیموکراتیک زەبریان لەو رژیمانە وەشاند کە ئەندامانی بەگزادە، یان هێزەکانی دەرەبەگی زەویدار، باو بوون یان خاوەن دەسەلات بوون . ئەم شۆڕشانە بوونە هۆی دامەزراندنی دەسەلاتی زۆر دەستەی جیاوازی بۆرژوا ، هەر وەک لە شۆڕشەکانی بۆرژوازی فەرەنسی ١٧٨٩– ١٧٩٤ و ١٨٣٠دا و لە شۆڕشی بۆرژوازی ئینگلیزیدا ، بەرچاومان دەکەوێ. بەلام وەک دەستوورێک ، ئەم شۆڕشانە نەدەکرا دژی ئەو رژێمانە

chalakmuhamad@gmail.com

بەرپابکرێن کە نوێنەری دەسەڵات و بەرژەوەندی چینی بۆرژوا بوون.

تەنانەت لە مەسەلەی دەسەڵاتیشدا ، شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی شوێنێکی جیاواز وەردەگرن . گەر ماوەی مێژوویی بەر لە ئیمپریالیزم سەرنج بدەین، دەبینین کە ئەو چەشنە شۆڕشە جیاوازەی لە شۆڕشەکانی بۆرژوا و بۆرژوا ـ دیموکراتیک نزیکترینەو لەو دەمەدا ڕوویداوە، شۆڕشێکە دژی دەسەڵاتی هێزە فویدالەکانی بێگانە ڕوویداوەو، کاتێ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بۆتە هۆی دامەزراندنی ڕژێمێک دەسەڵاتی ـ بەپلەی جیاواز ـ لە لایەن میرەکانی ناوچەیی‌و بۆرژوازی سەرهەڵداو، تێدا بەشکراوە.

بەڵام نموونەی وا لە مێژوودا هەن کە ڕووخاندنی حوکمی هێزەکانی فویدالی بێگانە بۆتە هۆی جێگەگرتنەوەیان لەلایەن سیاسی‌و تەنانەت دەسەڵات پەیداکردنی ئەریستوکراتی ناوچەیی‌و زەویدارەکان( وەک ئەمریکای ئەسپانی سالانی ١٨١٠ـ ١٨٢٦و بەرازیل لە سالانی ١٨٢٠دا ) .

<u>بەڵام نموونەیی شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی زیاتر لە خەباتکردن دژی دەسەڵاتی بۆرژوازییەکی بێگانەدا خۆی دەردەخا .</u>

... گەرچی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن دەوڵەتێکەوە پراوە دەکرێ کە کۆمەڵەکانی پێش ـ بۆرژوا و بەگزادەو ڕەگەزەکانی ئەریستوکراسی هێشتا تەئسیری خۆیان پاراستوەو ئەنجامی ئەو خەباتەش چەسپاندنی بۆرژوازی ناوچەیی نەش‌و نماکردووە ( یان هێزەکانی سەر بە بۆرژوا ) لە سەرکردایەتی سیاسی کۆمەڵدا . نموونەیەکی رووکار دەرخەری ئەمە جەنگی کۆلۆنییەکانی سەرووی ئەمریکایە بۆ

chalakmuhamad@gmail.com

سەربەخۆییو دژی دەسەڵاتی بۆرژوازییەتی بەریتانی کە، هەروەک رووی‌دا، بە دامەزراندنی دەسەڵاتی بازرگانەکانی ناوچەییو پیشەکارو خاوەن کێڵگەکان، گەیشتنە لووتکە.

ئەم ڕووکارە هەرە گشتییە زۆر شۆڕشەکانی ئازادیخوازیو دژی بە کۆلۆنیالی سەدەی بیستیش دەگرێتەوە... بەڵام بەجیاکردنەوەیەکی جەوهەری، بێگومان، لەوەدا، کە ئەمانە، دژی دەسەڵاتی بۆرژوازیەکی ئیمپریالیستی بێگانەن.

لەنێوان شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەردەمی گیروگرفتی نیزامی کۆلۆنیالی، نموونەی شۆڕشی کەمالی- مان بەدەستەوەیە کەدژی بورژوازی ئیمپریالیستی هێزەکانی ئەنتەنتە Entete بوو- و لەتەک دەسەڵاتی بۆرژوازی تورکیدا، بەتایبەتی بازرگانەکان، خۆی دامەزراند.

شۆڕشی هیندستان نموونەیەکە لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەردەمی لێک هەڵوەشانی نیزامی کۆلۆنیالی. ئەم شۆڕشە دژی بۆرژوازییەتی ئیمپریالیستی بەریتانیا بوو- و بووە هۆی دامەزراندنی دەسەڵاتی بۆرژوازی هیندی و لەناویاندا ئەلقە مۆنۆپۆلییەکانیش.

هەر شۆڕشێک لەسەرەتادا لەبەرژەوەندی هێزیکی چینایەتی دیاریکراودا بەرپادەکرێ.. ئەم چینە سەرکردایەتی دەگرێتە دەست و کورسی دەسەڵات بەدەست دێنێ. لەگەڵ ئەمەشدا خەڵک بەگشتی لە ڕێگایەکەوە، یان ڕێگایەکی دی، قازانج لەو شۆڕشە دەکەن.

جگە لە شۆڕشەکانی سۆشیالیست، لایەنی ئەم " چینە گشتی"یە

chalakmuhamad@gmail.com

زیاتر لەهەر جۆرە شۆڕشێکی دی، ڕووکاری شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەییـــیە .

گرنگترین لایەنی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە لەڕیرۆی ئەو شۆڕشانەدا گۆڕان نەک تەنها لە سروشتی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدا دەبێ، وەک لەشۆڕشەکانی تەقلیدی بۆرژواو بۆرژوا ـ دیموکراتیک دا هەیە، بەڵکو لە سەرووی هەمووەوە گۆڕان لە کەسێتی نەتەوەییدا دەبێ. گۆڕان لە چینی فەرمانبەدەستدا، بە هەردوو واتای کۆمەڵایەتی( گەرچی ئەمەیان لەهەموو بارێکدا ڕوونادا، وەک بۆ نموونە، جێگە گرتنەوەی بۆرژوازی بەریتانی لەلایەن بۆرژوازی هیندی)و نەتەوەیی (ئەمەیان لەهەموو بارێکدا، بێ لێدەرکردن ڕوودەدا ) .

کارکردەکانی ئایدۆلۆژی، ڕووناکبیریو سایکۆلۆژی( ئەو سایکۆلۆژییەی ئەوەندە گرنگە لەمەسەلەی نەتەوایەتیدا )گرنگییەکی تایبەتییان لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا هەیە، ئەمەش ڕوخسارێکی جیاکەرەوەی دیکەیە . ئەم کارکردانە ئەوەندە گرنگن بۆ وریاکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییو ڕاپەراندنی گەل بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی، ئەوەندە کاریگەرن کەدەشێ ببنە هۆی پەرەسەندنی ڕیرۆی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە پلەیەکی وا باڵادا کە دەشێ زۆر لەپێش هەر پێکهاتنێکی پڕ بە پێستی سەرەتا ئابووریو کۆمەڵایەتییە بابەتییەکانی بێ .

chalakmuhamad@gmail.com

تايبەتییە جەوهەرییەکانی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، واتە بناغەکانی ئابووری کۆمەڵیان، ڕیزگرتنی چینەکان.....هتد وادەکەن بەکارهێنانی هێزەکانی شۆڕشگێڕیو بەڕێوەبردنی خەباتی ڕزگاریخوازانە، بەشێوەیەکی جیاواز لەڕێگای شۆڕشەکانی تەقلیدی بۆرژواو، بۆرژوا ـ دیموکراتیک، ئەنجام بدرێ .

تێکڕایی تاقیکردنەوەو ئەزموونی رابردووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین ئەوە نیشان دەدەن کە ناساندن و کەم ـ نرخاندن و فەرامۆش کردنی ڕوخسارە تایبەتییەکانی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی( بە لێکدانەوەیان بەپێی شۆڕشەکانی بۆرژواو بۆرژوا ـ دیموکراتیک ) هەمیشە دەبێتە هۆی پاشەکشێی گەورەی هێزەکانی شۆڕشگێر .

ئەمانە هەندێک بوون لەو سەرنجانەی ڕێگامان پێ دەدەن بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێین کە زەمینەی تەواو بۆ دەرخستنی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی وەک(شێوەیەکی تایبەتی ڕیڕۆی شۆڕشگێڕانە ) بەدەستەوەیە .

سەرنج / ئەم باسە بەشی یەکەمە لەکتێبی (شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەمڕۆ ـ هەندێ مەسەلەی تیئۆری (National Liberation Revolutions Today Some Questions of Theory » کە لەساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن(دار التقدم)ی مۆسکۆ ـ وە بە ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە . لە ژمارەکانی داهاتوودا چەند بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە دەکەینە کوردی .

chalakmuhamad@gmail.com

# هەڵوێستی

# شیعری

## گەڕانەوەی پیرۆز

- کەویار -

برای هۆزانمان کاک کەویار ئەم هۆنراوەیەی بەدیاری پێشکێش ئێمە کردووە، ئێمەش پێشکێش ئەو رۆڵە کوردە جگەر سۆزانەیان دەکەین کە لە ئەوروپا خۆیان نادۆڕێنن و دڵ و هۆش و هەستیان لەگەڵ ئازارو ئاواتی نەتەوەکەیانەو بۆ گەڕانەوەی پیرۆز- بۆ کوردستانی ئازاد - تێدەکۆشن .

ئەو مەلەی کە بە ناچاری
هێلانەی خۆی بەجێ دێڵێ
بەجووتە باڵی ناسکی
ناوجەرگەی ئاسمان دەکێڵێ

****

وێڵە بە دوای مەڵبەندێکی
بژیوو خۆش و زەنوێرا
لەناو دارستانی چڕا....
یا لە بەرزایی و هەڵدێرا

****

یا لە پێدەشتێکی سەوزا
یا درەختێکی بەتەنێ
بۆ دڵنیایی دەگەڕێ
هێلانێکی تر بتەنێ

****

کەنیشتەوە مەڵی ماندوو
لە مەرزو بوومێکی نامۆ
یادی هێلانەی جێماوی
چۆنی دەشێوێنێ ئاخۆ؟!

****

گوێ هەڵدەخا بۆ چرپەیەک
لە زەردەپەڕ، ڕادەمێنێ
ڕوو لە لوتکە وەرناگێڕێ
تا دوا تیشکی خۆر دەمێنێ

****

کە ئێواری بوولێڵ ئەنگوت
چاو لێک دەنێ بۆ تۆزێ خەو
سەر دادەخا برسیو تینوو
لە ئامێزی بێدەنگی شەو

****

هەزاران خورپەو ڕاچڵەکین

chalakmuhamad@gmail.com

بەدەم خەونی ئالۆزەوە
دەچنە لاپەڕەی داستانی
گەڕانەوەی پیرۆزەوە

****

کە گورگ و مێشی بەیانی
چیای لە ئامێز وەرێنا
خۆری ماندووی سەفەری دوور
سەری لە ئاسۆ دەرێنا

****

مەلی تەریو ڕوو دەکاتە
تروپکی ڕووناکی ئاسۆ
خۆر دەدوێنێو لەگەڵ خۆیا
بەم جۆرە دێتە گفت و گۆ:
هێلانەکەم دڵنیا بە
لەهیچ جێ ناحەسێمەوە
تا ئەو ڕۆژەی بۆ باوەشی
گەرمو گوڕی تۆ دێمەوە!!

*****

chalakmuhamad@gmail.com

# ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو

- جەلال میرزا -

( ١ )

گیانــــەا... کاتێ بیر لە ژانـــــی رازەکانـــــی
دووریـّتـــــی تـــۆ ئەکەمـــــــەوە،
بزەکانـــــی شـــــایی ماتـــــــەم
دیســـــان ڕێژنـــەی هەڵبەستی خـەم
لەدوو تـــــوێی داســـتانی مەرگـــی
بێ گـــــۆڕی ئاوارەییما ئەخوێننەوە.

×××

نـــــــاو..../ ڕێـــــگای تـــەم
ئەبینێـــــــــتەوە...
هەنـــــگاوی تییری بـــــۆ ئەنــــێ
چـــــاو..../ تابلـــــۆی شـــەم
ئەکێشـــــێتەوە...
جوگەی خوینـــــی بو ئەتەنـــــــی
گوێ..../ گۆرانیی بەر بەرۆچکەی نیوەڕوانـــــــی
مانـــــدوو بوونـــــی کۆڵانەکان ئەبیســـــــتێتەوە
جێی ناهێڵـــــــێ.
زێ...../ شـــــەپۆلی وشـــەکانی
پـــــەڕەی هەور ئەنووســــــێتەوە

chalakmuhamad@gmail.com

پردەکانی هیوای درۆ ئەڕوخێنێ .

xxx

بووکی شار .... خەونەو خەیاڵە
ماڵەکانی گەڕەکی ژان.... پڕن لە شیوەن و ناڵە

xxx

کۆترەکانی لانەی سنگمان
حەزیان بە باڵە فڕێیە
بۆ بینینەوەی سەردێڕی نامەی کاروان
هێشتا توێشووی گریان پێیە

( ٢ )

کاتێ ... پۆستەی زستان هات و...
ژیلەی دەنگی تۆی بۆ هێنام ،
تێر ... تێر گریام
کە پەڵەی قەتیس لە باوەشی خۆری سوورا
شکۆفەی کرد... وادەی هات
وەرزی باراوی بەهارو تۆفی دڕکی بیابانێک ...
لێک جیا ناکات .
ـ مەگری... گریانی تۆ لێرە قەدەغەیە
چونکە هەنسکیش لەم ناوە... هەر بەنا و پەناهەندەیە .
" ئەگریم.. چونکە ، پەنجەکانم چلوورەن و دەرگای گڕی
دۆزەخیان پێ دانا خرێ .

chalakmuhamad@gmail.com

هەناسەم... كرێوەی بەفرەو ئاگردانی ساردەوە بووی
سوتووی لاشەی یەك گوللەی پێهەڵناگری."

xxx

(كە سێبەر... گۆڕی هەتاوی گیانی شەهید دائەپۆشێ
پۆلە چۆلەكەی ئێوارەی مات ئەخرۆشێ.)

xxx

- شەو... كێ ئەتوانێ مەنگیی ڕەهێڵەی دڵی ئاسمانێ
بخواتەوە؟
خەو... كێ ئەتوانێ شەرمی ناوچەوانی دۆڕاندنێ
بشواتەوە؟

xxx

( ٣ )

كاتێ... ڕێ، هەستبە چوارناڵەی جوانووی مێژووی
نەورۆز ئەكات...

نمەی باران...
بۆ: دەریای چاو
شنەی سێبەری قارەمان
بۆ: بەر سێدارەی هەڵخراو
پەپوولە...بۆ: بەهەشتی باخ،
منیش بەرەو لای تۆ ئەبات،
(كە یاد ئەڕوا بۆ قووڵایی كاتی بەر مەمكانەی تەمەن،
خەرمانی زار...

chalakmuhamad@gmail.com

لێـــــوی مـــــەرام

وەک هــــەرێزی پۆ ســــووتێنراو... سەر هەڵ ئەدەن .)

ـ مەگـــری... چاوتۆ مناڵـــــە،

" ئەگریـــم... چونـــکە هاواری دڵ لەناو گەردەلوولی دەریای

باخـــی خەما .... بۆتـــە ژاڵـــــە."

ئەگریـــم... بۆ ئەو هۆنراوانـــەی

لـــــەلای ئێـــوە بەجێم هێشـــــتن.

ئەگریــــــم بۆ ئـــەو فرمێســـکانەی

بـــۆ تەنیایـــــی خۆمم ڕشــــــتن

ئەگریم... بۆ ئەو دایکەی خۆزگەی بینینەوەی منی لەگـــەڵ

مەرگی ناکاوی خۆیـــــا بـــــرد

نەخێـــر... بۆ ئەو نیشتمانەی، منی ئاوا دەربەدەر کـــــرد.

( ئەمەریـــــکا )

******

chalakmuhamad@gmail.com

# دەفتەری خۆڵ

- رەفیق سابیر -

## ( ١ ) لەدایک بوون

لە کەوڵێکی سەرمابردوودا
لەبەر چۆڕاوگەو
لەگەڵ برسێتیو ترس و تەزوودا
بێ مامان، بێ کەس ، لەدایک دەبێ
لە ئەشکەوتێکی دوکەڵاویدا
لەناو هاوارا ،

لە پاشکۆی زیلا،
لەژێر دەوارا ،
لەدایک دەبێ.

لەناو برینا .... لەدایک دەبێ
لەسەر برینا ... لەدایک دەبێ
لە بۆردومانا
لەناو سووتانا
منالێکی کورد لەدایک دەبێ.

xxx

منالە کوردێ
بۆ یاخی بوونو پێشمەرگایەتی لەدایک دەبێ

chalakmuhamad@gmail.com

## ( ٢ ) بەچیت بچوێنم ؟!

بەچیت بچوێنم ؟
بە ئاسۆی باران؟
بە ماندووبوون و
خەون و
تینوێتی و
سەگی بەرەلا
یان بە دارستان؟
بەچیت بچوێنم ؟
بەپۆلێ هەتاو ؟
بە وڵاتێکی لە خوێنا گلاو ؟
یان بەگۆرانیی و
هەناسەدان و
هەرەس و
گێژاو ؟
تۆ لەبوون دەچی ، بەچیت نەچوێنم !
لە نەبوون دەچی ، بەچیت بچوێنم !؟

## ( ٣ ) تەنیا نەبووم

تەنیا نەبووم...
شەو... تەرمێ بوو لە پەنامدا ڕاکشا بوو
کات .... تەمو مژو ناڵە بوو
وڵات چنگێ گەردی دەم ( با )و

chalakmuhamad@gmail.com

لە بـــــالای ڕۆحـــم ئالابـــووە

تەنیـــــا نەبـــووم...

ئاگرێ بوومو نهێنـــــی دەیـــــــکردمەوە

کتێبـــێ بووم قوولـــــی دەریا دەیخوێندمەوە.

( ٤ ) وەرزی خـــــول

باشـــــە ئەمشـــــەو نایەمەلات

لەناو شەپۆلێـــــکدا دەنـــووم

شـــــۆستەی ســـــــــەرمـــاو

تەنیایی دەکەم بەولات

ئەمشەو ڕۆحم کەنارێکی چۆڵـکراوە

گەردوون تەمـــــە،

باران ڕوخســـــاری مردوویـــــەو

شـــــەپۆلی دەریاش نیـــــــازم

وا ئەمشـــەویش نایەمـــــــەلات

لەپشـــــت مەداری کاتـــــــەوە

وەرزی خـــــــــۆڵ دەکەم بە وڵات

( ٥ ) شـــــەوانی ئەشـــکەوت

بەدرێـــــــژایی شـــــــەو باران دەبـــــاری

ســـــەگێ لە نزیـــــــکی ماڵیـــــانـــــەوە دەوەڕی

لەناو جێـــــگاوە پەردەی پەنجەرەکـــــــەی لادا

هەورە تریشکەیەک لەناکاو تاریکایی شڵەقاندو

پێـــــش چـــــاوی ڕووناکـــــــــــــــردەوە

chalakmuhamad@gmail.com
خێـــرا بەخوێـــدا شـــكایەوەو گوتـــی:

"گرمەی هەور لەناو ئەشكەوتا سامناكترە"!

ئەو ئەشـــكەوتەی،

شەوان زالكەكەیان بە تاوێر دەبەســـت و

تا ڕۆژ دەبـــووەوە

ئێشكیان لەخەوی پڕ ئارامی یەكتری دەگـرت...

ئێشكیان لە ئاگـــرو خۆشـــەویستیو

لەكۆمەڵە ئێسقانێكی بەجێمـــاو دەگـرت

كۆمەڵە ئێســـقانێ،

تـــەواو لـــە قامیـــش دەچـــوو...

بۆنی ســـەردەمێكی تاریـكی لێدەهـــات و

وەك دیـــواری ئەشـــكەوتـــەكـــە،

وەك دەمو چاوێـــكی ئاوڵاوی، كون كون بوبو.

( ٦ ) گورانییـــەك

دیســـان وەرزەكان بـــەرەو كوێ دەبـــەی؟

لەناو تۆنێلی شەختەو ونبوونا چۆن سەردەردەكەی؟

ماوەكان خۆڵـــە...

نێوانی ڕۆژو شـــەوەكان مۆڵە

دەی، ئەم وەرزانـــە چۆن دەربازدەكـــەی؟

كـــەی

ئەم وەرزانـــە

ســـەرفرازدەكـــەی؟!

****

chalakmuhamad@gmail.com

# ناوی تۆ تاوانی منە
# ناوی تۆ ناونیشانی منە"١"

- فەرهاد شاکەلی -

ڕووتم لێ وەرمەگێڕە
خۆ دەزانی
بەم تاریکە شەوەش من هەر چاوەڕێتم.
بیرم وەکو مانگێکی زیوین
لەم کەلی تاریکستانەوە هەڵدێ
ئەو چاوەی دەیبڕێتە
چیاو دەشت و بناری خۆرهەلات
نایترووکێنێ.
خۆتم لێ مەشێرەوە...
بەسەر بەندەن و زەریاو وشکانیدا
نووزەت دەگاتە گوێم،
برینەکانت دەژمێری،
لاشەت شەڵاڵەی خوێنە، دەلاڵێتەوە
گەڵاڕێزانەو گەڵا دەڕژێن...
دەزانم هەموو تۆریان کرد،
تۆیان بەجێهێشت و سەری خۆیان دایەدەست
سەرلەشکری خوانانس و خوانەناسانەوە.
خۆتم لێ مەگۆڕە

chalakmuhamad@gmail.com

لەنێو تەمیشدا بێت
هەر بەدیت دەکەم،
ئاوێتەی تاوەبارانیش بێت
هەر دەتناسمەوە.

(٢)

سەرنامەی خەمناکەم نێوی تۆیە،
لەشینا بۆ نێوی تۆ شینو شەپۆڕمەو
لە شاییدا شاباشی نێوت دەکەم...
ڕەوتێک دەیزانم ڕەوتی تۆیە،
ئیدی چۆن کەوی دەبم.
لای زیندانەوان
ناوی تۆ تاوانی منە.
ناوی تۆ ناونیشانی منە.
ڕاستت دەوێ، دەخوازم لە زمانی نەپەنیت بگەم،
بێپارم مەکە. تۆی بە چراوگێکی گەشەوە
ناتەوێ ڕێگە بگری.
مەشخەڵی یادت
هەرێمی تاری ئاوەزم روون دەکاتەوە.
بەهەر ئاوایەک قسەم بۆ دەکەی، بیکە،
من چاوەرێی تاکە وشەیێکم لەزارت بێتەدەر...
دەنگت وێرانان ئاوەدان دەکاتەوە،
دیدارت لە تاریکستاندا تریفەیە،
دیمانەی سەردەمی سەرهەڵدانی...

chalakmuhamad@gmail.com

له باژێری چاوساخاندا کوێرمو
له وڵاتی کوێرانیشا
هەموو بە ناپاکم دەزانن .
ئەگەر بەچاوی ترمەوە لێم دەڕوانن و
سووکایەتی نامێنێ پێم نەکەن،
دەزانم بەشی تۆیەو بە من بڕاوە،
دەردی تۆیەو من دەیکێشم،
ناوی تۆیە لەمن دەنرێ ـ بۆیە وا ناودارم،
ناوی تۆ ناونیشانی منە .
هۆ رێبوار، رێبواری رێ پێگیراو..!
ژێی ژینت
لە نێوان کاروانسەراو مەیخاناندا
بۆتە تەناف
شاژنانی چەپڕەو
کراس و ئاوەڵکراسی لەسەر هەڵدەخەن.
هۆ ڕێبوار، ڕێبواری بێ ڕێو بێ مەنزڵ..
خوێنی تۆیە
بەرمووری جادووگەرانی پێ ڕەنگینە .
سەرنجی ئەم کەل و ئەو کەل دەدەم
بەڵکو جارێ شێوەی ناسکت دەرکەوێ،
تۆی سۆمای چاوم،
بەبێ نازیش نازت دەکێشم .

chalakmuhamad@gmail.com

لەم نـــوال و هەلــــدێرو هــــەزار بە هـــەزارەدا
دەســــتێ بـــدە دەســـتم ،
ئـــەوڕۆ تـــۆ بۆ گیانی گـــــردە نشـــینی منـــی،
ڕۆژێ لەهیو لافـــاو پێدەشت و گردو بنار دەشێرێتەوە
گیانــــم دەبێتــــــە بەردەبازی ڕێت .....
منـــەم کردیـــت ،
ڕوومەتــــی ڕوونــــــــاکی پـــژێنت ،
لەپشتکامە ڕووبەندەوە داییســـــابوو......
پێـــم مەڵــــێ دوور بـــووی،
پـــەردەی نێوان تۆداریو بێتـــۆیــــــی
بە هەناسەی بێرەنگی تاسەم دەکەوتە شنەشــــــن .
دەمێ کەتۆ پەیمانەتلێوا و لێو دەنۆشــــــــی
لە کەوشەنی ئازادیدا میرێــــکبوویـــــــتو
لە کـــــۆڕی جەنـــــگاوەریدا شاســــــواریٚ.
کە تــــــۆ تاڤبـــــووی
هەودای تیشکی زێڕینــــت
دەکــــــــردە گەردەنـــی دوندی ئەم زێـــدو بوومە .
چرایــــــەکتلەنێـــو دڵتا هەڵــــــــکردبـــــوو ،
پەنـــــــگر بوو ، پەنـــــــگرێــــکی ئـــــاڵ ....
ڕۆژی ســـــــــــوور بوو ، یــــــاران هەمــــــوو
بـــــەدڵ گـــۆرانـــــییان دەچـــــڕی .
کام نهێنــــــی ئاشــــکرا بــــــــکەم؟

chalakmuhamad@gmail.com

ڕازی دڵم لای کێ بدرکێنم؟
خۆ تۆ نەماوی تا پێمان بڵێی
کێ بوو تیربارانی کرد...
شێوەی شیرینی تۆ پەڵە هەورێکی خەفەتبارە،
پەیکی وەرزی فەڕە، داینا کا...
فەرمانی کام خونکارە
وا دەنگی تۆی لە پشت تەلبەندو دەروازەوە قایمکرد؟
دەنگت زایەڵەی دیلێکی بێکەسە
کات و ناکات
لە مەیخانەی هەستیماندا هەستی دۆڕان دەئاڵۆسکێنێ.
کە یادی تۆ بەدڵما تێدەپەڕێ
سامی ونبوون و دووریتم لێ دەنیشێ.
دەزانم وەکوو هەموو ئەویندارانی ڕۆژهەڵات
تەفرەیان دای،
وەکوو هەموو سوارەو دڵدارانی خۆرهەڵات
ئەوینت کردە مەتاڵ،
بویتە هێشووە ستێرێکی ورشەدار،
ئاوێتەی هەوری مەرگ بوویت و
نەبەزیت.
کاتێ کە تاریکایی دادێت و
ڕێگەش ڕێگەی لێ تێک دەچێ،
سیمای پیاوانەت

chalakmuhamad@gmail.com

شا ئەستێرەیەکی دوور دەستە.
تنۆکێ خوێن
لەسەر نەخشەی نیشتمان کزۆڵەی کردووە،
نیشانەی دەخمەی بێنازی تۆیە.
هۆ دۆست، هۆ پیر، هۆ خودان...
ئەم نیشتمانە ناکامەی تۆ بوو،
ئەم خاکە دڵگەرمە گراوی تۆ بوو.
هۆ خودان تروسکەیەک
چاوی دڵان بکرێتەوەو سۆمای تێبێ.
هۆ دۆست، هۆ پیر
دەرگایێ،
هۆ دۆست، هۆ ژیر
ڕێگایێ...
ڕێگەی خۆشەویستی، ئەمڕۆ، بۆتە بێگار،
دەشت و چیا و بەندەن گیرۆدەی تەلیسمێکی ژەنگاوین.
ملی کەنار زەریاچەو گوێ ڕووباران،
بێدەنگ، بێدەنگ،
دەست دەکەنە ملی شەوو دەپووێن.
کێ دەتوانێ دڵی پرسیا رێکی بێ وەرام بداتەوە..؟
کێ بێو بوێرێ تۆڵە
لەبیر خاکێکی داگیرکراو بباتەوە...؟

chalakmuhamad@gmail.com

لە داستانی کەونارادا
شێوەت دەکەم
کەڵە سوارێکی، داوتەتە نووای پاڵەوانان،
پەیکانت باڵدارو ناڵدار دەپێکێ،
هەڵپەت بوو تاوێ زووتر
زمانەی گڕو کڵپە بکەیتە پەیکی مزگێنی.
دەروێشێکی کەڵپۆس لەبەر بوویت ،
سەردەمێک پێشەنگی لەشکری خواپەرستانو
پاشای سەرداری ڕۆژهەڵات بووی،
ڕۆژگارێکیش لەبەردەستی خەلیفەدا
بوویتە میرزاو خۆشخوانو سەردەستە.
چاوم لێتە مەرگی خۆت گرتۆتە کۆڵ
هەموو ڕۆژێ
دەبیتە ئاشنای تاسەیەکی تازە.
گەردێ لە مینای ئەم دڵەم گەر بنیشێ
دەبێ، خۆ، دەروونی وێرانەم بەجێبێڵمو
لە هەواری دڵی ئاواتا بگیرسێمەوە.
دە تەنگانەو ئاسیوانەدا
هەر دڵی تۆمە داڵدەو پەسیو.
دڵ قاپێلکەی گەوهەری ڕازو نیازە

chalakmuhamad@gmail.com

هـــــا لاوی مـــــرا ویمی تێدا دەمەیــــێ،
دڵ کیشـــــوەری بـــــەردە ٠ (٣)

١٩٨٤

*****

(١) ئەم هەڵبەســـــتە بەشـــێکە لە کۆمەڵە هەڵبەستێک بە نێـــــوی ( ژێ) کە هیوادارم، ئەگەر خودا بینووسێ، تا نەورۆزی ١٩٨٥ چاپ ببـــــێ ٠

(٢) خانی دەڵـــــێ:

ســـەرنامەیێ نامە نامێ ئەڵڵا بێ نامێ وی ناتەمامە ، وەڵـــڵا ٠

(٣) مەحـــــوی دەڵـــــێ :

چلـــــۆن ئەو دێتە چاوی من کە یەکسەر عونسوری ئاوە
مەحاڵە من کە بچمە دڵیەوە ، دڵ کیشـــــوەری بـــــەردە ٠

( فەرهـــــاد )

*****

chalakmuhamad@gmail.com

# کۆرپەکانم

- عیززەدین -

( لەپراگ بۆ ماڵەوە
دەگەڕامەوە لەتراموایدا مناڵێکم
دی لەکۆشی دایکیا نووستبوو )

کۆرپەکانم
ئێوەش ئێستا بە نازداری
نووستوون لەناو کۆشی دایکا ؟
ئێوەش بێشکەی ناو (ترام)تان
گەشە لەناو چاوی باوکا
کۆرپەکانم
نووستوون ئێستا یا هۆشیارن
پێئەکەنن ؟
دڵتان شادە
یا وەک باوکتان
هەر بێدارن ، هەر خەمبارن
کۆرپەکانم
کۆستی کەوێ
ئەوەی من و ئێوەی لێک کرد
تووی بڕێو بەرد ببارێ
سروشکی خۆر بێتە خوارێ
دەبا لێشاوی قینی دڵ

chalakmuhamad@gmail.com

ببێتە ڕق ، ببێتە سپڵ
سەر دڵی ئەو بتە بگرێ
تا بت شکێن
ڕێی خۆی ئەگرێ .

پراگ
١٩٨١/٩/١٥

******

تۆ لە زیندانا لەڕێی وەتەنا
من لەژێر کۆت و بەندی میحەنا
هەردوو وەک بولبول هیوا مان یەکە
لەش لە قەفەزو دڵ لە چەمەنا
من لەگەڵ تۆمو تۆش لەگەڵ منا
تەوقی ئەسارەت وا لە گەردنا
پشت بە خوا ڕۆژێک هەرشەبێ بشکێ
ئەو تەوق و کۆتە لەسەر دوژمنا

(( ئەخۆڵ ))

chalakmuhamad@gmail.com

# ژانی بێ ساڕێژ

- نامۆ -

عەزیزی محێدین ماوەتی جوامێرێک
بوو، بەڕاستی کورد بوو،
کارگوزاری هەموو ئەو خەڵکە
بوو. ئەو دێڕانە بۆ گیانی
پاکی پێشکێشن .

هەتا ئێستا وام دەزانی
دارو بەردو ئەو کەژانە
گیانیان نیەو دەنگیان نایە
بەڵام ئەی بۆچ
پاکیان لەگەڵ مندا ئەمڕۆ
ناڵەی دڵ و ڕۆ ڕۆی عەزیزیانە

***

سەری بەرزو گەردنی کێلت
لەجیهانی گەورەییدا
لە گچکەیی " ماوەت "ەوە
بۆ شاربازێڕ کشا
لەوەش زیاتر گەورە دەبووی
بۆیە ئێستا خەڵکێکی زۆر

chalakmuhamad@gmail.com

پێیـــان وایـــه بـه ڕۆشـــــتنت

ئەســـــتێرەیەکی کوردستان ڕاکشا

***

ئـای کە دوورم

ئـــەوەی وەک مـــــن دوور نەبـــێ

کوا هەســـت دەکا

چـــزوی ئاخـــی پەرەنـــدەیـــــی

لە کوێیـــــەوە سەر دەر دەکـــا

ئـــەز لە ئازاردا دەتلێمـــــەوە

بێ هـــا و هەســـــتێک

بـــێ دڵســـــــۆزێک

ئـــەوەی ســـەری گرتوومـــــەوە

ئەژنـــۆی خۆمـــە

بۆیە هەتـــا ماوم لـەم دوورەوە

عەزیـــز ڕۆمـــە

***

عەزیـــز ڕۆیشـــت

عەزیـــز ئوغری کـرد

گەر پێتان وایـــە دەنـــگی دەبیستنەوە

تـوو خـــوا هەواڵێـــــکیش لەمـن

بـــگێڕنـەوە ٠

لـــــەندەن

١٩٨٤/١٢/١٧

chalakmuhamad@gmail.com

# وتاریك دەربارەی كۆلۆنیالیزمە

ئـەیمـی سـیزار   (١)

لە ئینگلیزییەوە كراوە بە كـوردی

( ١ )

شارستانییەتێك كە بیسەلمێنێ ناتوانێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەركا كە خۆی دروستیان دەكا ، شارستانییەتێكی داوەشاوە .
شارستانییەتێك كە چاوی خۆی لە ئاستی هەرە دژوارترین گیروگرفتەكانی بنوقێنێ ، شارستانییەتێكی سەرلێ شێواوە .
شارستانییەتێك كە بیروباوەڕەكانی بۆ فێڵ و فووت و هەڵخەڵەتاندن بەكاربێنێ ، شارستانییەتێكە لە سەرەمەرگدایە .
راستییەكەی ئەوەیە ، ئەوەی پێی دەڵێن شارستانێتی ئـەوروپایی، شارستانێتی خۆراوایی ـ هەر وەك دوو سەدە لەفەرمانداریی بۆرژوا پێكی هێناوە ، ناتوانێ دوو گیروگرفتی مەزن كە خۆی پەیدای كردوون ، چارەسەركا : گیروگرفتی پرۆلیتاریا و ، گیروگرفتی كۆلۆنیالیزم... لێرەوە ئەورووپا ناتوانێ نە لەبەردەم (هۆش) دا و نە لەبەردەم ( ویژدان )دا پاكانە بۆ خۆی بكا ... بۆیە ، زیاترو زیاتر ، خۆی لە پەنای (دوو روویی)دا حەشار دەدا ... درێوی ئـەم

chalakmuhamad@gmail.com
کارەش زیاترە... چونکە کەمترو کەمتر خەڵکی پێ هەڵدەخەڵەتێ .

ئەوروپا ناتوانرێ دیفاعی لێ بکرێ .

بەڕواڵەت ، ئەمە ئەو قسەیەیە کە ستراتیژی ـ زانەکانی ئەمریکایی بە گوێی یەکتریدا دەچرپێنن .

ئەمە خۆی لە خۆیدا ، شتێکی زۆر گرنگ نییە .

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوروپا ، لە ڕوانگەی (ئەخلاقی)یەوەو لە ڕوانگەی رۆحیەوە ، دیفاعی لێ ناکرێ .

ئەمڕۆش ، ئەو تاوان خستنە پاڵ ئەوروپایە تەنها جەماوەرانی ئەوروپی نایکەن ، بەڵکو لە ئاستی هەموو جیهاندا ، دەیان ودەیان ملیونەها مرۆڤ ، کە لە قووڵاییەکانی کۆیلایەتییەوە سەریان بەرز کردۆتەوە : ئەم پەنجەی تاوانبارکردنە بەرز دەکەنەوە .

کۆلۆنیالیستەکان دەشێ بتوانن لە هیند و چیندا خەڵک بکوژن، لە مەدەگەشکەردا خەڵک ئەشکەنجە دەن ، لە ئەفریقای ڕەشدا خەڵک زیندانی کەن ، لە ئینندیای خۆراوادا (ویست ئینندیز) جەماوەران سەرکوت کەن.. لێرەوە ، گەلانی ژێردەستکراو ، دەزانن کە گرەوێکیان بردۆتەوە : دەزانن کە " ئاغاکانی " "کاتییان" درۆ دەکەن .

لە بەر ئەمە ئاغاکانیان بێ هێزن .

مادام منیش داوام لێ کراوە سەبارەت بە کۆلۆنیالیزمو شارستانێتی بدوێم ، با یەکسەر بچینە سەر درۆ سەرەکییەکە ، ئەو درۆیەی سەرچاوەی هەموو درۆیەکانی ترە .

کۆلۆنیال ـ کردن و شارستانێتی .

chalakmuhamad@gmail.com

که چارەسەری ئەم بابەتە بکەین،نەعلەتە هەرە باوەکە ئەوەیە کە ببینە چاوبەستەی دووڕوویی‌یەکی بە کۆمەڵیی کە زیرەکانە کێشەو گیروگرفتەکان بە چەوتی دەنوێنێ ، لە باشترین حاڵدا ، ئەو چارەسەرییە ڕقاوییانە کە ئەم دووڕوویی‌یە هێناونیە کایەوە، بە ڕەوا دادەنێ .

بە واتایەکی دی ، مەسەلەی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە: بە ڕوونی ببینین ، بە ڕوونی بیر بکەینەوە ـ واتە: بە مەترسییەوەـ و بە ڕوونی وەڵامی یەکەم پرسیاری (بێ گوناح) بدەینەوە . ئەرێ، لە جەوهەردا ، کۆلۆنیال کردن چییە ؟

با جارێ لە سەر ئەوە ڕێک بکەوین : چ نییە .

بەـ مەسیحی ـ کردن نییە . نە پرۆژەیەکی خێرەومەندانەشە . نە ئارەزووشە لە سڕینەوەی سنوورەکانی نەزانی و نەخۆشیو زۆرداری، نە پرۆژەیەکە بۆ زیاتر کردنی مەزنێتی خودا لە ئەستۆ گیرابێ . نە هەوڵێکیشە بۆ درێژکردنەوەی فەرمانی یاسا .. با بەبێ یەکسوو کردن ، بە بێ سڵەمینەوە لە ئەنجامەکان ، دانی پێدا بنێین: ئەکتەرانی خاوەن بڕیار لێرەدا ئەمانەن :

خەتەریارو دزی دەریایی ، بەقاڵی جوملەو خاوەن کەشتی،کانگەوانی زێڕو بازرگان ، هەڵپەو هێز،... لە پشت ئەمانەشەوە: تارماییەکی ڕقاوی و زیانبەخشی شێوە شارستانیەتێک کە ، لە خاڵێکی دیاری کراوی مێژوودا ، خۆی دەبینێ ناچارە ، لەبەر هۆی ناوخۆ مونافەسە ئابوورییە دژ بە یەکەکانی ، بۆ ئاستێکی جیهانیی ، بڵاوکاتەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

کە درێژە بە شیکردنەوەکەم بدەم ، دەبینم دوو ڕوویی دیاردەیەکە لەمێژ نییە پەیدا بووە . نە (کۆرتیز) کە مەکسیکۆی دۆزیەوە ، نە (پیزارو) لە پێش (کۆزکۆ) دا ، نە (مارکۆ پۆلوش بەر لە کامبالوک) بانگاشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان هەڵگری پەیامی نیزامێکی بالان.... ئەوان ڕاستییەکەی پێ لێ دەنێن : دەکوژن ، تالان دەکەن ، خوودەو ڕەو ڕق و هەڵپەو نەوسیان پێیە .. بەڵام پاکانەکەرەکانیعەبدایەتی دواتر هاتنە مەیدانەوە . تاوان باری سەرەکیش لەمەدا فس فس - زاناکانی مەسیحین.. ئەوانەی ئەو هاوکێشە ناپاکەیان دانا : مەسیحیەت = شارستانێتی. بت ناسی = وەحشێتی .

ئەمەش ، نەدەشیا هیچی بە دوودا بێ ، جگە لە ئەنجامی ڕەگەز پەرستانەو کۆلونیالیانەی هەرە دزێو.. قوربانییەکانی ئەم ئەنجامانەش هیندییەکان و ، گەلە زەرد ڕەنگەکان و قولەکان بوون.

دوای ئەوەی گەیشتینە ئەم تێگەیشتنە ، بە چاکی دەزانم شارستانێتییە جیاوازەکان لە گۆشەی هاوپەیوەندی نێوانیانەوە سەیرکەین ... شتێکی یەکجار باشە جیهانی لێک جیاواز تێکەڵ کەین. شارستانیەتێک ، عەبقەریەتی تایبەتی خۆی هەرچییەک بێ ، کە بکشێتەوە ناو خۆی و بەسەر خۆیدا گرمۆڵە بێ ، هەڵدەوەرێ ، بە نیسبەت شارستانێتەکانەوە ، ئاڵ و گۆڕو تێکەڵکاری ئۆکسجینە... بەختی گەورەو چاکی ئەوروپا ئەوەیە کە لە سەرە ڕێیە : لە بەر ئەوەی شوێنگەی هەموو بیرەکان بوو ، بۆتەی هەموو فەلسەفەکان بوو ، ژوانگەی هەموو هەستەکان بوو ، بوو بە باشترین نێوەندی دابەشکردنەوەی هێزو وزە .

chalakmuhamad@gmail.com

بەلام ـ پاش ئەمە ، من ئەم پرسیارە دەکەم : ئایا کۆلۆنیال کردن بەڕاستی شارستانێتییەکانی وا لێ کردن بەیەک بگەن و پەیوەندی بگۆڕنەوە ؟ یان ، گەر پەسندتربێ بە لاتانەوە ، ئایا لەوهەموو ڕێگایانەی پەیوەندی دادەمەزرێنن ، کۆلۆنیال کردن باشترین ڕێگە بوو ؟

من دەڵێم: نەء ... من دەڵێم لە نێوان کۆلۆنیال کردنو شارستانێتی دا مەودایەکی بێ سنوور هەیە ، لەو هەموو شالاوە کۆلۆنیالیانەدا کە کران ، لەو هەموو یاسا کۆلۆنیالیانەدا کە دانران ، لەو هەموو یاداشت و پەیامانەدا کە لە لایەن کاربەدەستانی کۆلۆنیالییەوە نێردران ، تاقە بەهایەکی مرۆڤانە چییە ، تێیاندا نییە .

( ٢ )

یەکەمجار دەبێ لەوە بکۆڵینەوە چۆن کۆلۆنیال کردن، کۆلۆنیال ـ کار خۆی،لە شارستانێتی دادەماڵێ .چۆن دەیکا بە درندە ، بە هەموو مانایەکی وشە ، چۆن غەریزەی نووستوی چاو چنۆکی ، کوشتن و بڕین ، ڕق و کینەی ڕەگەزپەرستانەو ڕەوشت ـ نیسبیی ، تێدا بە خەبەر دێنێ... دەبێ ئەوە نیشان بدەین چۆن هەر کاتێ لە ڤێتنامدا سەرێک دەبڕدرێ ، یان چاوێک دەردەهێندرێ، لە فەرەنسادا ئەم ڕاستییە قبوڵ دەکەن! هەرکاتێ کچێکی گەنج بەزۆر کچێتییەکەی لێ دەسێندرێ ، لە فەرەنسادا ئەم کارە قبوول دەکەن ! هەرکاتێ مەدەگەسکەرییەک ئەشکەنجە دەدرێ،لە فەرەنسادا ئەم راستییە قبووڵ دەکەن .

chalakmuhamad@gmail.com
شارستانێتی قورسایی‌یەکی مردووی تری دەکەوێتە سەرشان، پاشەکشێیەکی گەردوونی ڕوو دەدا، کوانێکی گەورە هەڵدێ، نێوەندێکی دەردەداری بڵاودەبێتەوە! ئەوسا لە کۆتایی ئەو هەموو ڕێککەوتنانەوە کە ژێر پێ دەدرێن، ئەو هەموو درۆیانەوە کە بانگاشەیان بۆ دەکرێ، ئەو هەموو شاڵاوە دڵڕەقانەوە کە چاو پۆشیان لێ دەکرێ، ئەو هەموو زیندانییانەوە کە کەلەپچەدەکرێن، دەخرێنە بەردەم پرس و جۆوە، ئەو هەموو نیشتمانپەروارانەوە کە ئەشکەنجە دەدرێن، لە کۆتایی ئەو هەموو لە خۆبایی بوونە ڕەگەزپەرستانەوە کە زیاتر هان دەدرێ، ئەو هەموو شانازییەوە کە نیشان دەدرێ: لە کۆتایی هەموو ئەمانەوە: ژەهرێک دەڕژێتە ناو دەمارەکانی ئەورووپاوە، هێواش بەڵام کاریگەرانەو ئەمقارەیە بەرەو (وەحشیەت) دەچێ.

ئەوسا ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆرژوا بە زەبرێکی پێچەوانەی سامناک خەبەری دەبێتەوە: پۆلیسخانە نهێنییەکانی نازی لە کاردان، زیندانەکان پڕن، ئەشکەنجەدەرەکانی دەوریشی شیشە ئاسنینەکان خەریکی داهێنان و چاککردن و لێدوانن.

خەڵکی سەرسام دەبن رقیان هەڵدەستێ. دەڵێن: "چەند سەیرە... بەڵام چش. ئەمە نازیەتە.. بەسەر دەچێ!". چاوەڕێ دەکەن بەهەویا دەبن. ڕاستی لە خۆیان دەشارنەوە.. ئەمە بەربەریەتە.. بەڵام بەربەریەتێکی هەرە باڵایە. بەربەریەتێکی تاجدارە کە هەموو بەربەریەتی ڕۆژانە لە خۆیدا خڕ دەکاتەوە. ئەمە نازیەتە: بەڵێ. بەڵام بەرلەوەی ئەوان ببنە قوربانی نازیەت، شەریکی بوون..

chalakmuhamad@gmail.com

هاوکاری بوون . پێش ئەوەی نازیەت دەس لە خۆیان بوەشـێنێ، پەسەندیان دەکرد.. دەیان بەخشی ، چاویان لێ دەپۆشی ، بەرەوایان دادەنا . چونکە تا ئەوسا نازیەت تەنها گەلانی نائەوروپایی دەکردە قوربانی .. خۆیان لەوە گێل دەکەن کە ئەوان خۆیان نازیەتیان چاند ، ئەوان لێپرساون بەرامبەری! کە نازیەت بەر لەوەی شارستانێتی ڕۆژاوایی و مەسیحی بە شەپۆلە سوورەکانی هەڵلووشێ ، لە هەموو کون و کەلێنێکەوە دڵۆپەی دەکرد،دەچۆڕایەوە ، جۆگەی دەبەست .

بەڵێ ، جێی خۆیەتی ، پزیشکانەو بە وردەکاری ، هەنگاوەکانی هیتلەرو هیتلەریزم شیبکەینەوەو بۆرژوای زۆر بەر چاو، زۆر مرۆڤ پەروەر ، زۆر مەسیحی سەدەی بیستی دەربخەین ، کە بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێ ، هیتلەر لە ناویا دەژی ، هیتلەر لە ناو ئەودایە ، هیتلەر شەیتانی ئەوە ، خۆ گەر بە توندی ڕەخنە لە هیتلەر بگرێ ، ئەوە لەبەر ڕاڕاییەتی .. ئەو کە لە ناخدا ، لە هیتلەر خۆش نابێ لەبەر تاوانەکەی ، خۆی ، لەبەر تاوان دژی مرۆڤ نییە.. لەبەر ڕیسواکردنی مرۆڤایەتی بە گشتی نیە.. بەڵکو چونکە تاوانی دژی مرۆڤی سپی کرد.. چونکە ئەو ڕێرەوە ئیمپریالیزمەی بۆ ئەوروپا بەکار هێنا ، کە پێشتر تەنیا بۆ عەرەبەکانی جەزائیرو ، ڕەنجدەرەکانی هیندستان و ڕەشەکانی ئەفریقا بەکار دەهێنرا .

ئەمە ئەو بەڵگە گەورەیەیە کەمن دژی مرۆڤایەتی ـ ساختە بەرزی دەکەمەوە :

بۆ ماوەیەکی یەکجار دوورو درێژ مافەکانی مرۆڤی تەسک

chalakmuhamad@gmail.com

کـــردنەوەوە.. تێگەیشتنی لەو مافانەی پارچەیی ، نــــاتـــەواو ، لایەنگیرانەو ، گەر هەموو شتێ بەرچاو بگرین ، ڕەگەز پەرستانەیە . من زۆر دەربارەی هیتلەر دووام .. ئەوە دەهێنێ.. ئەو بۆمـــان دەلوێنێ شتەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا ببینین و ئەو ڕاستییە دەرک پێ بکەین کە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە قۆناغی ئێستایدا ،توانستی ئەوەی نییە تێگەیشتنێکی مافی هەموو مرۆڤان دابمەزرێنێ. هەروەکو چۆن سەلماندی توانستی ئەوەی نییە نیزامێکی ڕەوشتناسی تاکە کــەس دابمەزرێنێ . پێمان خۆش بێ یان ناخۆش لە کۆتایی ئەو دۆڵـــــە تاریکەی ناوی ئەوروپایە : هیتلەر هەیە . لە کۆتایی سەرمایەداریدا کە بەتەنگەوەیە زیاد لە تەمەنی خۆی بژی : هیتلەر هەیە . کـــــە ئەمەش وابێ ناتوانم بیر لەو ڕستانەی نەکەمەوە .

(( ئێمە بۆ یەکسانی تێناکۆشین بەڵکو بۆ دەسەڵات .وولاتـــی ڕەگەزێکی بێگانە دەبێ جارێکی تر ببێتە وولاتی کۆیلەکان،ڕەنجبەرانی زرعات ، یان کرێکارانی سنعات . مەسەلە ئەوەنییە نا یەکســـانی لە نێو خەڵکدا نەهێڵین... مەسەلە ئەوەیە فراوانی بکـــــەین و بیکەیـــنە یاســـا )).

ئەم قسانە بە ئاشکرا ، لە خۆبایی بووانەو دڕندانە دەنـــــــگ دەدەنەوە.. یەکسەر ، لەناو قەدی وەحشییەتێکی سەگوەڕانەمـــان دادەنێن . بەڵام کێ قسە دەکا ؟ پێم شەرمە بڵێم: ئەمە قســــەی ( مرۆڤپەروەرێکی ) ڕۆژاوایییە ، فەیلەسوفی ئایدیالیستە... کــە ناوی ( ڕێنان)ە Renan ئەمە تەنها ڕێکەوتە ... کە ئەمەش لــــە کتێبێکی وەرگیراوە کە ناوەکەی ( چاککردنی ڕووناکبیریو ڕەوشتە )

chalakmuhamad@gmail.com

تەنها دوای جەنگ ، کە فەرەنسا بە جەنگی هەق دژی هێزی داناوە ، زۆر شتمان دەربارەی ( ئەخلاقی ) بۆرژوا بۆ ڕوون دەکاتەوە... دەزانن دەمەوێ بڵێم چی؟! هیچ دەوڵەتێک کە دەوڵەتێکی تر داگیرو کۆلۆنیال دەکا ، ئەمە بەبێ گوناحانە ناکا .. بەبێ سزاش بۆی دەرناچێ... نەتەوەیەک کە داگیرکاری دەکا ، شارستانییەتێک کە بۆ کۆلۆنیال کردن ، و لەمەشەوە بۆ هێز ، پاکانە دەکا .. گومانی نیە شارستانیەتێکی نەخۆشە ، شارستانیەتێکە نەخۆشی ڕەوشتی هەیە ، و چار نیە ، بە بازدان لە ئەنجامێکەوە بۆ ئەنجامێکی تر ، لە چاولێپۆشینێکەوە بۆ چاولێپۆشینێکی تر ، ئاخرەکەی هاوار بۆ هیتلەرەکەی دەکا : واتە بۆ سزاکەی .. بۆ سزادانی خۆی •

(١) ئەمە بەشێکە لە وتارێکی نووسەر لە کتێبی: Discourse On Colonialism بڵاوکراوەی Monthly Review Press ١٩٧٢- لندن. لاپەرە ٩ - ١٨ تەرجومە کراوە •

ئیمی سیزار لە (مارتینیک) لە (ویست ئیندیز) لە دایک بووە . شاعیرو ڕوناکبیرێکی گەورەی ئەفریقایە... دامەزرێنەری بزووتنەوەی ڕەشان ( نیگریتویدە ) .

chalakmuhamad@gmail.com

# پشتگیری بانگەوازی کۆنگرەی فراوانی گەلی کوردستان

## ـ جەلال پێشرەو ـ

بانگەوازی کۆنگرەی فراوانی گەلی کوردستان لە مانگی حوزەیران و تەموزی ١٩٨٤دا بۆ پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستانی نێردرا ... داوامان کرد لەماوەی دوو مانگدا بە نووسین وەڵامان بدرێتەوە ... هەروەک چاوەڕێ دەکرا ، لە بێدەنگی نواندن و قڕو قاپ لێکردن بەرامبەر ئەو بانگەوازە چ وەڵامێکی دیکەمان نەدرایەوە ... بەڵام هەر زووـ ڕێکخراوی پارتی سۆشیالیستی کوردـ لقی ئەورووپاو ، ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی وڵات ـ ئەکسا ـ لقی بەریتانیاو ، دوایش مەکتەبی سیاسی پارتی سۆشیالیستی کورد ، هەڵوێستی ئازایانەو ئاشکرای خۆیان بەنامە دەربڕی... چەند خۆش دەبوو ئێستا هەموو یان زوربەی پارت و ڕێکخراوەکانی دی ئەو ( جورئەت )و هەستی ڕووناکبیرانەو لێپرسراوانەیان تێدا بایە هەڵوێستی ئایدۆلۆژیو سیاسی خۆیان بەرامبەر ئەم مەسەلە مێژوویـ یە گرنگە ڕوون بکردبایەوە... لەکاتێکدا ئێمە تەقدیری هەل و مەرجی بابەتیو سیاسی بزووتنەوەی کوردو هێزەکانی کوردستانی دەکەین، بەلای ئێمەوە ئەم هەڵوێستی بێدەنگیـ یە دوو دیاردەی زەق دەسەلمێنن :

یەکەم: دواکەوتنی فیکریو ڕووناکبیریو لە ئاستی

chalakmuhamad@gmail.com
((مەسئولیەت))دا نەبوونی سەرکردایەتی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان و جیاوازی گەورەی نێوان ئەو دروشمو ئامانجانەی بەرزدەکرێنەوە وەشێوەی کارپێکردنیان لە مەیدانی هەڵوێستی ڕاستەقینەو ڕێڕەوی مێژوویی بزووتنەوەی کوردایەتیدا ۰ بەواتایەکی دی، زۆر لە ڕێکخراوەکان دروشمی کوردستانێتیو مافی چارەنووس و یەکێتی خەباتی کوردایەتی بەرزدەکەنەوە، لەکاتێکدا نازانن ئەمانە لە هەڵوێستی سیاسی بەکردەوەدا چ دەگەیەنن و چۆن ستراتیژیەتی شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی سیاسەتی جیهانی ئەمڕۆدا دادەڕێژن . دەبێ ئەوەش بڵێین : ئەم دروشمانە لای هەندێکیان تەنها (مۆدیلە)و بۆ بازرگانی پێوەکردن و خۆدەرخستنەو کارپێکردن و دڵسۆزی بۆ ئەو دروشمانە لەگەڵ( گیرفان پڕبوون)دا کۆتایی دێ... هەندێکیش لەکاتێکدا دروشمی سۆشیالیزمو کرێکار بەرزدەکەنەوە بە عەقلیەتی عەشیرەتگەری سەدەی نۆزدە رەفتار دەکەن !! ۰

دووەم: نەبوونی خواست و ئیرادەی سەربەخۆ..پشت بەستن بە بێگانەو پایتەختەکانی پارە۰ دیارە مەرجی سەرەکی یارمەتی بێگانە بۆ هەرلایەک یەک نەبوونە بەتایبەتی لەنێوان هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەمڕۆدا ... بۆیە دەبینین ئەو هەموو بەرەو یەکیتییانەی سەرکاغەز کە زۆریان لە پایتەختی خەڵکیو بەقسەی خەڵکیو بۆ مەرامی جیاواز درووست بوون دەورێکی ئەوتۆیان نەبووەو لە ئاستی کوردستانیدا نەبوونو زۆر ڕێکخراوی کارتۆنیان لەسەر حسێبی خوێنو خەباتی جەنگاوەرانی کورد

chalakmuhamad@gmail.com

تێدا ڕاستکراونەتەوەو ئامانجی ڕاستەقینەی بزووتنـــــــەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان : کە مافی خۆبریاردانی چارەنووســـە دەستنیشـــان نەکردووە ..... بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ، سەیـر نییە کە زوربەی پارت و ڕێکخراوەکانی کورد بێدەنگی بەرامبـــەر بانگەوازێک بنوێنن کە لەپێویستی مێژوویی و ئاوات و ئـــازاری ڕاستەقینەی گەلەکەمانەوە ، سەری هەڵداوەو سەر بە هیچ هێزێـــکی بێگانە نییە .

هیوادارین ئەم تێبینیی و سەرنجانەمان ڕاستنەبن و حیـــزب و ڕێکخراوەکان ئەو جورئەتەیان تێدا بێ هەڵەو چەوتییەکانمـــان ڕاستکەنەوە . هەموومان شایانی هەڵەو کورتبینین . بەڵام بـــا بەڕۆحی لێپرسینەوەو خزمەتی نەتەوەو ئامانجی یەکێتی خەبـــات و چارەنووسەوە ، بەرەنگاریان بین .

xxxx

ئەمەش دەقی نامەکانی مەکتەبی سیاسی ( پاســۆک )و ، (ئەکسا )ن لەگەڵ سوپاس و ڕێزماندا بۆ بەتەنگەوە هاتنیان و هەڵوێســـتی ئاشـــکرایان .

( هەڵوێســت )

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستانێکی ئازاد — گەلێکی یەکسان

پارتی سۆشیالیستی کورد
" پاسۆک "
- مەکتەبی سیاسی -

ژمارە / ٨٦
ڕۆژی / ٢٥/٨/١٩٨٤

برای بەڕێز و هێژا کاکە ( ڕەوەند کوردستانی ) .
سڵاوی ئازادی و یەکسانی ...

بە هۆی هاوبیرانی ( سەرکردایەتی لقی ئەوروپا ) ی حیزبمانەوە ئەو بانگەوازەتانمان گەیشتێ کە لە حوزەیرانی ١٩٨٤ دا بڵاوتانەتە ( هەموو پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستان ، هەموو ڕووناکبیرانی کوردستان و هەموو کوردێك لە کوردستان و دەرەوەدا ) بۆ پێکهێنانی " کۆنگرەی گەلی کوردستان " ... پێشەکی دەستی ڕێز و قەدرزانین لەوگیان و هەست و هەوڵەتان دەنێین و بە کارێکی هێندە جوامێرانە و دڵسۆزانەی دەزانین کە دەشێ بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللیمان دەستنیشان کرێ و مژدەی ئاسۆی سەرفرازی نەتەوەکە مانی تێدا بخامینەوە ...

حەز دەکەین بەم خاڵانە لە ڕا و باری سەرنج و تێبینی خۆمان ئاگادارتان کەینەوە :

١ - ئامادەگی تەواو تەواوی خۆمان ، وەك لە وەڵامی هاوبیرانی " سەرکردایەتی لقی ئەوروپا "مان دا هاتووە دووبارە دەکەینەوە و بە ڕەسمی ئاگادارتان دەکەینەوە کە هەموو توانایەکمان دەخەینە سەر " زخم " ی ئەم کارە پیرۆزە . مەبەست و ئامانجی پێشنیارکراوی " کۆنگرە "مان لا پەسندە و بەلای ئێمەوە دەست بەدات بکرێتە بنکەی تێك گەیشتن و پێك گەیشتنی هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و سەرەتای کار و پاشان فراوان تر و دەوڵەمەند تر و لەبار تر و گەشەدار تریش کرێت .

٢ - لەبەر بار و هەلومەرجی تایبەتی نێو وڵات و خۆمان هاوبیرانی " سەرکردایەتی لقی ئەوروپا "مان بە دەسەڵات و " تخویل " ی تەواوەوە ڕادەسپێرین و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی کردنی سەرکردایەتی حیزبمانیان دەدەینێ کە بەشداری " کۆنگرە " کە بکەن و دەست لە هیچ و هیچ شتێ نەگێڕنەوە بۆ پێکهێنان و سەرکەوتنی " کۆنگرە " کە و خۆشمان هەر هەوڵ دەدەین - تا ئەوپەڕی توانامان - کە هاوبیرێکی ئەندامی ( مەکتەبی سیاسی ) لە نێو وڵاتەوە بۆ ئەم مەبەستە بنێرین .

٣ - لەبەر پەرۆشیمان بۆ مەسەلەکە و بە نیازی سەرکەوتنی ئەو هەوڵە ئەم تێبینی و سەرنجانەمان و ئەوانی دوا تریش دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان ...

ا - بەرلەم بانگەوازە و هەرلەم چەند ساڵەی دواییەدا چەند جارێك هەوڵی لەم چەشنە دراوە ، هەرچەندە زۆر بەداخەوە و لەگەڵ ڕێزمان دا بۆ ئەو برا و لایەنانەی بەم ئەرکە پیرۆزە هەستاون و هەمیشەش ئێمە ئامادە بووین ، ناچارین ئەوە بڵێین کە - ئەگەر نەڵێین هەمووی ! - بەشێکی زۆریان یان بۆ خۆڵ کردنە چاو و لەباربردنی زەمینە و باری ئەو پێویستی یە بووە کە دەمێکە کاتی ئەوەی هاتووە هەنگاوی بۆ بنرێت ... یان بەشێك بووە لە ( مزایدات ) ی سیاسی و وەتاق خستەوەی ئەم یان ئەو ناحەزە سیاسی یەی کوردی و کۆمەڵ و جەماعەتە ... یان هەر لە بنەرەتەوە هەستی ( هەست بە مەسئولیەت کردن ) و گومڕایی و بەرچاو تەنگی ی سیاسی هەوڵە خێرخواکانی هەر لەسەر لانکەوە تاساندووە !! ... دیارە باری زۆر ئاڵۆزی مەسەلەی کورد و کێشەی تیراوێی ناکۆکی و ناتەبایی و دوژمنایەتی شەخصی و حیزبی و بنەماڵەیی ناموزوعیانە و نادروست و ناشەریفانەی هێزە سیاسی کان بارێکی وایان پێش هێنابوو و هێناوە کە ئەم پێویستی و ئەرك و هەوڵە خێرخوایانە تەبەنە بەر و هەر داگیرکەر و ناحەز و گومڕا و دوژمنێکی نەتەوەکەمان بتوانن ئەو گۆڵە ئاڵێدا پێی مەلە بکەن .

ب - گەورەترین کۆسپ لەم سەرەڕێیەدا ( مەرج و مەرجکاریی ) و بەکارهێنانی مافی " ڤیتۆ " و داوای نارەوای دوور خستەوەی ئەم لایەن یان ئەو لایەنە بووە ، کە دەبێ بە هیچ جۆرێك لە کەسی نەسەلمێندرێ ... هەموو ئەوانەی لە بەرەی گەل و سەنگەری کوردایەتیدان ، جا هەر بیر و بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیەتێکیان هەبێ و چ گەورە و چ گچکە و لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش مافی چوون یەکی بەشداری کردنیان هەبێ و بە تەنیا ئەو مافە بەوانە نەدرێ کە چ وەك تاکە تاکە و چ وەك پارت و کۆمەڵە بەشێك بن لە داگیرکەران و لە سەنگەری دوژمنان دا بن ...

ج - زۆر جێی خۆیەتی و پێویستیشە کەس و کەس هەڵنەبوێردرێ و داوەتی هەموو پارت و ڕێکخراو و کەسێکی دڵسۆز بکرێ ، بەڵام هەرگیز مەرج نی یە هەمووان بەشدار بن یان یەکی کارێکی وا لەسەر نەهاتنی ئەم یان

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوبخرێت . ئەوانەی کە رێیان پێ نادرێ بەشداری بکەن [ و بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و حیزبایەتی و کەف و کولی دەروونی ی و زاتی ی خۆیان پێش سوود و ئەرکی میللی دەخەنەوە و دڵی ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستانیان پێ ئاشکێ ] و ئاین و ئوینی بێ سەر و پا قوت دەکەنەوە نابێ سەرو ئیرادەی جەمـــاوەر بکەونەوە و خەڵکانی دڵسۆز بچنە ژێر باریانەوە و بەربە ویست و بڕیاری بەرەی دڵسۆزان بگرن . هیچ گومـــان لەوەدا نی یە کە ممکن نی یە لە یەکەم هەنگاوەوە هەمووی رەگەڵ کاروانەکە کـەون . . . بۆیە نابێ کاروان لەسەر ئەوانە پەکی بکەوێت .

د ـ لەگەڵ ئەو راستیانەی سەرەوەشدا بەرێزتان لە زێدە دڵسۆزی و جوامێری و هەستی سەرهەڵکردوی رەوای کوردایەتیتانەوە ـ وکەمێ لەبەر دووریتان لە ساحەکەوە ـ لەوانەیە هەندێ کێشە و گرفت و کۆسپی ناچـــاری و خۆرسکی ی زادەی کەڵەکەبوونی ناکۆکی یەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بجۆرێک تر لەوەی هەیە ببینن ، بسان لە نێو حسێبانی نەخەن ، هەرچەندە بە رای ئێمە هیچ و هیچ شتێ سەرو ئەرک و پێویستی ی باڵای میللـــی ناکەوێتەوە کە ئەم کۆنگرەیە بەشێك و هەنگاوێکە لێ ی ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە شتەکان وەکو خواست و پێویست و بە " منطق " و " دەبێ و پێویستی " نایەنە پێش و لەبەر خاتری سەرکەوتنی ئەم هەوڵە و تا رۆژێ دێ پسارت و رێکخراو و خەڵکەکە دەق بە بارێکی گشتی و کاربەکۆمەڵ و ( سەرتاسەر بینی ) و " هەستی مەسئولیەتـــی کۆمەلا یەتی " ەوە دەگرن ، دەبێ ئەو ( خوردەوات ) انە [ بەرچاو بگیرێ و تا ئەو شوێنەی کار و ئەرکـــە سەرەکی و بنجیەکان پەك ناخەن پشوومان لە تەکیان دا درێژ بێ ، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە کارێکی وا مـەزن و پڕ ئەرك و ئاك و چارەنووس ساز بە تەنێ بە ( بانگەواز ) ێك و بەو پەلەیە پێك نایەت ، خوانەخواســـتە ـ و خوا بکات ئێمە لەمەدا بە هەڵەدا چووبین و لەمە ئاسان تر بێتە دەست ـ لەوانەیە کاری وا پەلە و پێش ئەوەی بناوانی چاك چاك هەڵبەستری سەرەنجامی " سلبی " یشی هەبێ . . . بۆیە زۆر بە پەرۆش و دڵسۆزی و لە رووی بەتەنگەوەهاتن و ویستی " جد " ی " یەوە پێشنیاری ئەوە دەکەیـــن :

١ ـ لیژنەیەك ، سێ چوار کەس ، کۆمیتەیەك لە کەسانی پاك داوێن و ناحیزبی و رەوش و ئایدیالی جیا جیا پێك بێت ـ هەر بۆ نموونە و روونکردنەوە ، نەك دانان و را لەسەردانی ئێمە ، دەڵێین وەکو برایان کـــاك " صەباحی غالبی ، کەمال میراودەلی ، دکتۆر کەمال عەلی ، ئەنوەر ( فەرهاد ) شاکەلی ، بۆزو ئەرسەلان ، موحەمەد رەسوڵ هاوار " و ئیدی . . . ـ و ئەمان ئەرکی ئامادەکردن و سازدان و زەمینە خۆش کردنی " کۆنگرە " کە بگرنە ئەستۆ .

٢ ـ سندوقێکی هەروا دەروێشانە لە پیتاك و یارمەتی و کۆمەکی پارت و رێکخراو و کەسانی خێرخوا دروست کرێ ، کە بەشی ئەوەندە بکات پێویستی ی ماددی ئەرکی راپەراندنی ئەم کارەی پێ مەیسەر بێ .

٣ ـ ئەم بانگەوازە بکرێتە تەختی رایەڵی بانگەوازێکی فراوان تـرکە ( قاسم المشترك ) ی بیروباوەڕ و فەلسەفە و ئایدیۆلوجی یە جیا جیاکان بێ و هەتا دەکرێ لە بیرو ئایدولوجیەت و زاراوە و رەوش و سیاسەتی " محـمـد " و رەنگ بۆ رێژراوی ئەم لایەن یان ئەو لایەن خۆی دوور راگرێ ، بە زمانی ماتماتیك دەبێ بە راســـــتی ( قاسم المشترك الاعظم ) ی هەمووان بێت .

٤ ـ ئەو لیژنە ، یا کۆمیتەیە هەموو پارت و رێکخراو و کۆمەڵە و کەسانەی دەستی پێدا دەگا بەسەر کاتەوە و لـــە نێزیکەوە را و بیرو رایان لەگەڵ دا ئاڵ و گۆڕ کات . . . ئەمەش هێندە سەخت نی یە لە خوارووی کوردستان بـــە کەمتر لە مانگێك ئەو لایەن و کەسانە بەسەر دەکرێنەوە ، لە سوریا و ئەورووپا و شوێنانی دی ش ـ کە بەشێکی زۆری ئەوانەی پێویستن بەشدار بن ـ وەگیر دێن .

٥ ـ بۆ بەرنامە و ( ورقة العمل ) ی کۆنگرە ئەوە بەرچاو بگیرێ کە لە کۆنگرەکەدا بڕیاری لەسەر بدرێ ، هـــەر پارت و کۆمەڵە و کەسێ مافی ئەوەی هەبێ پێشنیاری خۆی پێشکەش کا و پاشان بە ئسولی دیموکراسیتی بڕیار لەسەر ئەو پێشنیارانە بدرێ و بەرنامەی کۆنگرەکە دیاری بکرێ . . . بەرنامەی پێشنیارکراوی " کۆنگرە " لای بەرێزتانەوە ئەوەندە بێ کە ئەو خەڵکە لە ژێر خێوەتێك دا کۆبنەوە تا لێك بگەن و بۆ خزمەتی مەسەلەی رەوای نەتەوایەتیمان ، کە مەسەلەی گشتی و بنەرەتی و سەرەکی هەموولایەکە ، پێك بگەن و تا ئەو شوێنەی ئیمکـــان دەبێ توانای هەموو کورد لە سەرتاسەری کوردستان یەکخرێ و بۆ ( ئازادی و سەرفرازی ) نەتەوەکەمـــان بەگەڕ خرێ . . . لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، کە ئێمە تەنیا بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی ئەم هەوڵە مەردانەیە و بە نیازی روونکردنەوە و زێدە روشن کردنەوەی هەندێ لایەن ئەم پێشنیار و سەرنجانەتان دەخەینە پێش چاو ، ئەگینا پێشەکی را لەسەربوونی خۆمان و ئامادەگی تەواو تەواومان دەردەبڕین و جارێکی دی دەستی رێـز و قەدرزانین لەو گیان و هەست و هەوڵە دەنێین . . .

لەگەڵ ئەوپەری رێزمان دا . . .

هەرێژین بـبـۆ کـــورد . ٢٥ / ٨ / ١٩٨٤

مەکتەبی سیاسی
پارتی سۆشیالیستی کورد
( پاسۆك )

chalakmuhamad@gmail.com

ASSOCIATION OF KURDISTAN
STUDENTS ABROAD U.K. BRANCH

P.O. Box 8
Stretford
Manchester
M32 9NL

AKSA

Komeley Xwêndikarani
Kurdistan le
Derewey Welat
Liqi Beritanya

Our Ref. ٥٦ ب
Your Ref.
Date [illegible]/٨/٦

بەڕێز سەرۆکی نووسینی گۆڤاری ( هەڵوێست ) .

سەرکەوتوو بێت گۆڤاری هەڵوێستی خۆشەویست ..

بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ( ئاکسا ) لقی بەریتانیا وە سوپاسێکی بێ پایانتان دەکەین سەبارەت بەو بانگەوازە و داواکاریتان بۆ بەشدار بوونمان ..

ئاکسا ، وەکو ڕێکخراوێکی خوێندکاران لە دەرەوە ، کە خۆی بە نوێنەری بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خوێندکاران دەزانێ و هەردەم زەمینەیەک بووە بۆ ڕەنگدانەوەی شۆڕشی کوردستان و گەیاندنی دەنگی چەوساوەکان لە وڵاتەوە بە جیهان .. وە هەر لە ساڵی ١٩٥٦ وە تاکو ئێستە کە مێژوویەکی پڕ لە خەباتو جوڵانەوەی بە خۆیدا تەرخان کردووە ، توانیوویەتی خوێندکارانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ناو خۆیدا کۆبکاتەوە و کوردستانیەت ئامانجی بێت .. وە لە هەموو خۆنیشاندان و مەسەلەیەکدا کە خزمەتی گەلەکەمانی تیا بوو بێت هەڵوێستی گرتووە و دەوری بنچینەیی خۆی تیا دا بینیوە ....

کۆمەڵەمان بە هەموو توانایەکیەوە پشتگیری لەو بانگەوازە دەکات ( هەروەکو چۆن پشتگیری لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراسی دەکات ) وە هەردەم ئامادەین بۆ هەموو یارمەتی و دەست پێش خستنێک کە لە سنووری زیاتر گەیاندنی باری کۆمەڵایەتی، ئابوری ، سیاسی ، فەرهەنگی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکاندا ، بە گەلانی جیهان و بەهێزکردنی پەیوەندی بۆ خەباتی یەکگرتوو ....

ئیتر بۆ پێشەوە لە پێناو سەرکەوتنی کۆنگرەی گەلی کوردستان دا ..

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات
کۆمیتەی لقی بەریتانیا

AKSA

chalakmuhamad@gmail.com

# کۆنگرەی گەلی کورد ...
# چەند تێبینییەک

- ئاشتی -

بانگەوازی " هەڵوێستی" خۆشەویست ژمارە- ٢ - " لەپێنـاوی کۆنگرەی گەلی کوردستان...." سەرنجی ڕاکیشام و زۆرشتی هێنایەوە یادم کە لەم بارەیەوە ووتراوە، نووسراوەو کۆششی بۆ کـراوە. دەستەی نوسەرانی هەڵوێستی بەڕێز کە دووهەم ژمارەی گۆڤارەکەیان بەم بانگەوازە دەڕازێننەوە نەک هەر گرنگی ئەم دروشمە دەردەخەن بەڵکو دڵسۆزی بۆ هەستی خۆشیان دەردەبڕن و دیاری دەخەن کە ئـەم مەبەستە چەند پێویستەو چەند پەلەیـە.

خولیای بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەمێژەوە کەوتۆتە کەللـەی زۆر کەسان و ڕێکخراوانی ناو کوردستان هەرچەندە جۆرو نـاوو تا ڕادەیەکیش ئامانجیان بڕێک جیاواز بوون لەیەک، ئەویش بـە گوێرەی هەنگاو قۆناغی مێژوویی نەتەوەکەمان بووەو ڕیـزو چینەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستانیش لەم جیاوازیەدا بێگومـان دەسـتیان هەبووە.

لە نیوەی سەدەی ١٧ هەمەوە شاعیری نەمری کورد ئەحمـەدی خانی لە داستانی " مەم و زین"ی بەناوبانگدا چەندەها دێـڕی زێڕینی لەم بارەیەوە نوسیوە. ئایا مەبەستی چیبوە کە دەڵێت:

گەر دی هەبوا مە ئیتفاقێک فیگرا بکرامە ئینقیادێک
تەکمیل دەکرمە دین و دەوڵەت تەحسین دەکرمە علم و حیکمەت

chalakmuhamad@gmail.com

ئەی حاجی قادری کۆیی بلیمەت و دوور بین کە ۱۰۰ ساڵ لەمەوبەر بەگوێی کوردو سەروکەکانیدا دەچڕاندو دەیووت :

جۆشێک بدەن وەکو هەنگ

تەدبیر بکەن بەبێ دەنگ

یا : هەقیانە ئەرمەن غیرەتکێشن یەک و دوو

وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بەشیران

xxx

خۆئەگەر ئەم جۆرە ئامۆژگاریو بانگەوازانە بژمێردرێن، کە بە درێژایی ئەم سەدەیە لە ڕۆژی هەڵاتنی خۆریەوە تا ئێستە کەهێندەی نەماوە ئاوا بێت ، ئەوا دەبینین لە راستیدا کەس لە هۆشداران یا هیچ لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان نەماوە بۆ ئەم ئاواتە هاواری نەکردبێت . لەگەڵ ئەم هەموو تەقەلاو کۆششەشدا ، بەداخەوە ، هەر هەڵچونێک بووەو ووردە ووردە جۆشی کز بووەو زۆریشی نەخایاندوە بیرچۆتەوە . بۆچی؟

بۆچی سەرلەنوێ لایەنێک ـ ڕامیاری بێت یا ڕۆشنبیری خۆی لەم کێشەیە بدات " کێشەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد" ئەو هەموو لایەنانەی کە ، هەر یەکە بە تەنها لەوەبەر هەمان بانگەوازی دەردەکرد ، پشتی بانگەوازی نوێ ناگرن بەڵکو ئاوڕیشی لێنادەنەوە ؟

چیە کارێکی وای کردوە ئەم کێشەیە پتر لە ٣ سێ سەدە بخایەنێت و هێشتا بێ ئەنجام مابێتەوە ؟

ئەم مەبەستە لەگەڵ ئاسایی‌و ئاشکراییدا بۆتە " کێوی دەماوەند"و

chalakmuhamad@gmail.com

نوێنەرانی گەلێکی نەترس و کۆڵ نەدەرو نەبەزی وەکو کوردی بەم جۆرە نۆقاندوە، بۆیە تەنها بە بانگەوازێک وە چەند دێڕێکی پڕ بەزەیی‌و یا بە چەند دڵۆپێک یا بە ڕووبارێک فرمێسک ئاسان ناکرێت و بەدەست ناهێنرێت . پێویستە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەو کۆسپانە بکۆڵرێتەوە کە بەرهەڵستی دەکات، بەو ئومێدەی چارێکی بۆ بدۆزرێتەوە . ئەوسا ڕێگە خۆش دەکرێت و دەتوانرێت ئەم ئامانجە بهێنرێتە دی . هەڵوێستی خۆشەویست ڕەنگە کەم تەرخەمی نەکات لەوەی لە ژمارەکانیدا چەند لاپەڕەیەک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخان بکات بۆ هەموو لایەنێک کە هەستی خۆی تیا دەربڕێت .

بانگەوازەکەی هەڵوێست بێگومان زەمینەی پێویست و چەند کۆسپێکی ڕێگەگرو چەند ئامانجێکی کۆنگرەی ناوبراوی بەشێوەیەکی گشتی خستۆتە ڕوو . ئینجا با لێرەدا پەلێکی کەش بکوتین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لەسەرەوە کران .

<u>باری ناوخۆیی کێشەی کورد :</u>

١ ــ بە هەموو واتایەکی زانستی کوردستان لەژێردەستی ڕژێمی کۆنەپەرست و بە ئایین کوێرو دەرەبەگی عوسمانی گۆڕ بەگۆڕ بەزۆر کراوەتە ژێر دەستەی چەند دەسەڵاتێکی (ڕژێمێکی) بەرووکەش نوێو بەناوەرۆک هەر هەمان کەرەستەو بەشێوازو ڕەوشت ئیمپریالیستی . بە هەموو جۆرێک دانیشتوانی ئەچەوسێننەوەو بەرو بومی خاکی بە پیتی هەڵدەهێنجن لەپێناوی قازانجی چەپەڵی برێک جەتەو جەردە کە بەزەبری ئاگر سەپێنراون لەلایەن ئاغا تاوانبارە خوێنمژەکانی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوادا .

chalakmuhamad@gmail.com

زۆر نوسراوو کۆلینەوەو شیکردنەوەی ڕۆشنبیرانو زانایـــان ئەم راستییەیان پیشان داوە کە گەلی کورد دەستبەسەرەو نیشتمان داگیرکراوەو کراوە بە کۆلۆنیەکی سەیر ! سەیر چونکە داگیرکـەران خۆیان لە ولاتیکدا دەسەلاتیان هەیە کە بۆخۆی نیمچە کۆلۆنیـــەکە ∘ بەو جۆرە خەباتی نیشتمانی ئەم گەلە لە ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگـاری خوازی گەلانی ژیر دەستە دادەنریت ∘ وەبەپیی یاسای دەزگـــــا ناوچەییەکان و جیهانییەکان، وە بەپیی ڕیگاو شوینو پیناســینی زانستی کە (ژیانو کۆمەلگا ) ناسەکان دایان ناوە ، مافی چارەنـووس مافیکی سروشتیو ڕەواو یاسایی تیکڕایی نەتەوەی کوردیشـــــە ∘

نەبوونی" یەکسانی بیر" بەرامبەر ئەم مافە هۆیەکی ڕیگـــرە لە بەستنی کۆنگرەی ناوبراودا ∘

٢ ـ لە کاتی دابەشکردنی کوردستانەوە تا ئیستا چەند شـــت هاتونەتە کۆڕی ژیانەوە و چاویان بەم ڕووداوە تالەدا هەلهیناوە ∘ تادیت هەمەجۆر پەیوەندیو ئاموشۆ و ئاگاداری نیوان بەشەکانـــی کوردستان بە زەبرو زۆرداری داگیرکەران ڕوولە کزی دەنیو کەمتـر دەکریت ∘ شیوەی زمان و هەستو بیرو نەریتی هەر پارچەیـــــەک ووردە ووردە گۆڕانیان بەسەردا دەهینریت . ئەمەش بەگویـــــرەی پیلانیکە کە ڕەنگی لەلایەن دوژمنانەوە ڕیژراوە ، بۆ ئەو مەبەستەش کە لەلایەک بە تورک کردن و لەلایەک بە فارس کردن و لەلایـــــەک بە عەرەب کردنی کورد بە ئەنجام بهینن ∘

هەرچەندە ڕۆشنبیرانی نەتەوەکەمان لەم مەترسیە بیئـــاگا نینو توانیویانە تا ڕادەیەک بەرەنگاری ئەم پیلانە چەپەلانـــــە

chalakmuhamad@gmail.com

بوەستن، بەڵام نەیانتوانیوە کە هەستی هەرێمایەتی لەناو پارچەکاندا بوەستێنن چونکە ئەم هەستە ئاگرێکە لافاوی شۆڕشێکی بێ شوماری پێویستە کە بیکوژێنێتەوەو گەلی کورد جارێکی تر هۆشیارکاتەوەو لەتەڵەی دوژمنەکانی بیانپارێزێ .

راستە شۆڕشی ئەیلولی مەزن(١٩٦١– ١٩٧٥) لەگەڵ هەموو کەمو کوریەکیدا و لەگەڵ ئەو ئەنجامە کارەساتاویەیدا ، بومە لەرزەیەک بوو زۆر (نەک هەموو ) لە پیلانو کەلەک و نەخشەی داگیرکەرانی روخاندو سەرتاپا زەمینی کوردستانی لەژێر پێیاندا لەرزاند . ئەم شۆڕشە لەهەمان کاتدا بیرهێنەرەوەیەکی بە تەوژم بوو کەمافی نەتەوەی کورد یەکەو پارچە پارچە ناکرێت . بەو جۆرە سەرلەنوێ گیانێکی بەهیوا و ئومێدی داهێنایەوە بەڵام نەگەیشت بەو ئاواتەی کە هەستی هەرێمایەتی لە بنەڕەتا هەڵکێشێت کە ئەمەش کۆسپێکی تری گرنگە لەرێی بەستنی کۆنگرەدا .

٣ ـ داگیرکەرانی کوردستان نەک هەر لەرووی ئابووریو رامیاریەوە وەکو ئیمپریالیستە کلاسیکیەکان چەوسێنەرەوەن، بەڵکو ئەمانە لەجیاتی بەردێک هەزار بەردیان بە پشتی ئیمپریالیستە هەرە ئێسک گرانەکانی سەدەی ٢٠هەمدا داوە و گرەویان لە هەموو رەگەزپەرست و دڕندە رەوشت بردۆتەوە . هێزی بینینیان لە ئاستی دیمەنی جوانی کوردستاندا کوێرایی داهێناون، هێزی بیستنیان بەرامبەر ئاوازی شیرینی کوردی پڕ مس کراوە ، هێزی بەزەییو خۆشەویستیان بۆ کورد لەناو دڵی ڕزیویاندا بەتەواوی تاساوە ، بەجۆرێک ئەگەر بلوایە هەریەکە دەبووە " بۆکاسایەک"، بەڵام

chalakmuhamad@gmail.com

خواردنی پتر لە ٢٠ ملیون نە بەدەمی ئەمانە و نە لەگەڵ زاری ئاغاکانیشیان قووت نادرێت . لە ڕاستیدا داماون چۆن بتوانن کورد وەک نەتەوەیەک وەک خاوەن مافێک وەک خاوەنی کوردستان وەک خاوەنی کلتورێک لەناوبەرن .

فێڵی ئینگلیزە تاوانبارەکان ( سەرکاروانی ئیمپریالیزمی کۆن و نوێ) بۆ فەوتاندنی کوردو دابەشکردنی نیشتمانمان بووە هەروەک وەردی جوتیار بە پەرژینی خەونی خاکمانیان لەت لەت کردو هەر بەشەیان دایە دەم برسیترین و چاوچنۆکترین و گەوجترین کاربەدەستی ڕووی ئەم سەرزەمینە ، کەوەک جەندرمە دامەزران بۆ پاسەوانی دژی نەک هەر کورد بەڵکو دژی گەلە دراوسێکانیشمانە .

ئەم راستیانە ئەگەر کەسیش نەیزانێت ، یا باشترە بڵێین ئەگەر کەسیش خوی لێ گێل بکات ، کورد خۆی باشیان دەزانێت و بەهیچ جۆرێک ناتوانێت ئەگەر بۆ هەناسەیەکیش بێت لەبیری خۆی دەرکات . چونکە هەموو کوچەیەک و گوندێک و بازاڕێک ، هەموو دەشتێک و دۆڵێک و قەدپاڵی چیایەک هەموو ڕوبارێک و چەمێک و کانیەک لە هەموو خولێکدا ، چ ڕۆژبێت یا شەو ، زەبرو زەنگی دوژمنان دەبینن ، دەبیسن و هەستی پێدەکەن . کەچی سەیرئەوەیە هەر لەناو ئەم کوردە بەم دەردبراوەدا وا هەبووەو تا ئێستەش هەیە کە بەناوی ڕزگاریخوازیەوە" خەبات " دەکەن و دەستیش لەگەڵ ئەم کاربەدەستانەدا تێکەل دەکەن لەپێناوی پارێزگاری بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی خۆیاندا . ئەم جۆرە پەیوەندیە بۆ هەرج بیانوویەک بێت وە بەهەر ڕەنگێک بێت وە لە پێناوی

chalakmuhamad@gmail.com

هەرچ مەبەستێکدا بێت ، هەلوێستێکە ، ناگونجێت لەگەڵ ئومێدی بەستنی کۆنگرەیەک کە لە بنەرەتدا دژ بە پیلان و دەسەلات و زۆرداری دوژمنانە .

٤ ـ ئیمپریالیست و داگیرکەران بە گەماڕۆدانو بەش بەش کردنی کوردستان توانیویانە گەلێک پیلانیان ببەنەسەر ، وەک دابڕینی ڕێگەی خوێندەواریو تەندروستیو خۆشگوزەرانی کە بەهۆی پیشەسازیو ئاوەدانی وولات و پێشخستنی کشت و کاڵ... دێتە بەرهەم ، ئەوەشدە نەبێت کە پێویستیان پێیە کە چڵێسی خۆیانی پێ تێربکەن . ئەم کارە ناڕەوایە بەجۆرێکی ترسناک بۆتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگای کورد . پەیوەندی خێڵەکایەتیو دەسەڵاتداری ئاغاو شێخو بەگ لەزوربەی شوێنەکانی کوردستاندا هەروەکو جاران ماونەتەوە هەروەها گیانی ئەم جۆرە پەیوەندیەو ئەم شێوە دەسەڵاتداریە تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بە هۆش و گۆشی سەرکردەکانی زۆر ڕێکخراوو پارتیە کوردستانیەکانیش بوون . وە لەپێناوی" هەر خۆم گەورەم" چەندەها خەباتی پڕ هیوای گەلەکەمانیان گەندەڵ و پوچەڵ کردۆتەوە .

بڕوانە چەندەها کۆشش و چالاکی وولاتپارێزان لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابوردودا ، کە بەهۆی لەخۆبوردنو خەباتی ڕیزەکانی گەلەکەمان چەندەها جار ئامانجیان بەرهەم هێناوە ( هەلوێست هێندێک نموونەی لەم بارەیەوە خستۆتە بەرچاو ) ، هەرچەندە شێوەیەکی ناوچەییان وەرگرتبوو بەڵام بەردی بنچینەی ڕزگاری سەرانسەری نیشتمان بوون .کام لەمانە توانی پەرەبستێنێت و

chalakmuhamad@gmail.com

داخوازی گەلی کورد بەدەست بهێنێت ؟ کێ بووە دەستی خستە بینیاتو هەناسەی لێ بڕین؟ چەند کارەسات بوونەتە سەرگروشتەی سەرگەردانیو کوێرەوەری، وەک شەوچەرەی بەرئاگردانی زستان پشتاو پشتی ئەم گەلە هەژارە بۆ یەکتری دەگێڕێتەوە ؟ ئایا ئەم جۆرە گیانەو بەم شێوەیە خۆپەرستی لەگەڵ گیانو مەبەستەکانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتیدا دەگونجێت ؟

<u>باری دەرەوەی کێشەی کورد :</u>

١ ـ نەتەوەی کورد لەکۆڕی خەباتیدا تەنهاوبێ هاوڕی نیە ، بەڵکو چارەنوسیشی تا پلەیەک گرێدراوی چارەنوسی ئەم گەلانەیە کە پێکەوە لەگەڵ کوردا گیرۆدەی زۆرداری یەک ڕژێمی دەسەڵات پێ دراون، بەتایبەتی لە بزوتنەوەی گشتی دیموکراتی ناو ئەو وڵاتانەی کە هەریەکە بەشێکی کوردستانی پێدا لکێنراوە ، ئەمەش ڕاستیەکە دەیان ساڵی پاش لەت کردنمان ئاشکرایان کردوە ،

عێراقی کوردو عەرەب دیارترو ڕونترە ، پەیوەندی ئەم دوو نەتەوەیە زۆر کۆنەو ئایینی پیرۆزی ئیسلام پتەوتری کردوە ، زۆرو زۆرداریو دڕندەیی مەغۆل و تەتارو سەلجوق و تورک ڕەگ و ڕیشەی قوڵتر کردوە ، وە ئێستەش خەبات و ڕاپەڕینی ڕەوایان پێکەوە ئاراستەی ئەو جەندرمە دامەزراوانە دەکەن کە وەک سەگ پاسەوانی ویست و خواستی ئاغایانی ئیمپریالیستیان دەکەن . گەلی عەرەب بەتایبەتی لەلایەن کەسان و ڕێکخراوو دەزگا پێشکەوتنخوازەکانیان تەنها لایەنێکە ( دان بەمافی سەرانسەری گەلی ئێمەدا دەنێت و بگرە خەباتیشی لەپێناودا دەکات ، ئەم هەڵوێستەی گەلی عەرەبی

chalakmuhamad@gmail.com

تێکۆشەر پێویستە ببێتە ڕێ پیشاندەر بۆ ئەو گەلانەی تری هاو چارەنووس ،بێ ئەوە هیچ دەستکەوتێکیان پوخت و بێ گەردو بێ گومان نابێت ) ، هەستی تەریکیو خۆ دوورخستنەوە لەم پالپشتانە ، پشت کردنە لە یارمەتیەکی بێ شومار لە پێکهێنان و بە ئەنجامگەیاندنی کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی گەلی کورد .

٢ ـ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەناوەڕۆکدا و بە هەموو ڕەنگێکی دژ بە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرست و بۆ خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردە کە بەشێکە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی . کەواتە سەیر نیە ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەستەی تر لەهەرچ لایەک بێت یەک بگرێتەوە . هەروەها سەیر نیە کە لەگەڵ هەموو هێزێکی دادپەرست و ئاشتی خوازو پێشرەو و سۆشیالیست لە جیهاندا یەک بگرێتەوە ، بەڵکو هێزو توانایان لێ وەردەگرێت و خەباتی خۆی پێ بەهێز دەکات و گوڕی توندو بەئازارتر ئاراستەی دوژمنانی دەکات کە گرنگێتی پێکهێنان و بەئەنجام گەیاندنی کۆنگرەی ناوبراوە .

بەداخەوە زۆرجار بوەو ئێستەش ڕوودەدات کە خەباتی نەتەوەکەمان تەریک وەستێنراوە لەم هەموو دۆست و هاوڕێیانەو بۆتە یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی بەئامانج نەگەیشتن . دوژمن هەمیشە خەریکە کە دەنگمان هەر لەناو ئەو کۆمەڵە شاخو کێوانەدا وەک گێژەڵوکەی پایز لول بخوات تا لەپەل وپۆ دەکەوێت و گڤەو جوڵەی دادەمرکێتەوە . خۆئەگەر بۆ دەرمان یا ئەگەر بە ڕێکەوت نوزەیەکمان بەرگوێ بکەوێت ئەوا کوتوپڕ دوژمنی

chalakmuhamad@gmail.com

بەتوانا تر ( لەکورد ) چەند درۆو دەلەسەیەک ڕێک دەخات و ئەو نوزەیەش کپ دەکات ، کەرەنگ بوو ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی هیچ نەبێت لایەک لە کێشەی ئالۆزکاوی نەتەوەکەمان. بۆ نموونە تاوانی کوشتارەکانی گەلی ئەرمەن ، خرایە ئەستۆی کوردی بێ دەسەلاتی دەس بەسەر لەلایەن تورکە عوسمانلیەکانەوە، لەم سالانەی دوایی‌دا چەندەها فەلەی هاونیشتمانمان لە کوردستانی باکور دەربەدەر کران و بە پاساپۆرتی میری تورکی بەرەو ولاتە هاوپەیمانەکانیان لە"ناتۆدا" نێردران ، وەئەم ولاتانە پڕکران لە ئاوازی ناسازو گەرەلاوژیی تورک ئاسایی، گوایە ئەم هاوولاتیانە لەدەست زۆرو جەوری کورد ڕایان کردوە.... زۆر شتی دی .

بێگومان کەمو کوڕی ڕێکەگر لە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بەم چەند خالە دوایی نایەت .هەروەها خستنە بەرچاوو نوسینی ئەم خالانەو خالی کەش گیروگرفتەکە ئاسان ناکات ئەگەر بە کردار کۆشش بۆ لابردنی ئەم کۆسپانە نەکرێت ، بەتایبەتی لەم کاتە پڕ مەترسی‌یەی مێژوومان‌دا کە دڕندەترین دوژمن فاشیستیەتی تورکیای نۆکەری ئیمپریالیزمو ئەلقەلەگوێی پەیمانی ئەتلەسی باکور خەریکە نەک هەر کوردی کوردستانی باکوری ژێردەستی خۆی سەرکوت بکات بەلکو بێشەرمانەو بەبەر چاوی هەموو دەولەتانی سەرئەم زەمینەوە دەست درێژی دەکاتە سەرو پەلاماری دڕندانەی بێ ئابروی بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان دەدات ،بەو نیازەی کە هەموو کورد سەرکوت بکات و لاپەڕەیەکی تری خوێن ڕێژی لە مێژووی بۆگەنیدا بنووسێت . ئەگەر ئالەم کاتەدا هەرچ

chalakmuhamad@gmail.com

لایەنێک لە کوردستاندا کەم تەرخەمی بکات ، دەستی برایەتیو یەکێتی درێژ نەکات ، ئەبێت کەی بەتەما بین ؟ بەتەمای کێین لەم هێرشەی تورکیای بەدخوو ڕزگارمان بکات ئەگەر خۆمان بەرگریەکی دڵسۆزانە نەکەین؟ کێ هەیە نەزانێت کە ئەم جۆرە بەرگریە تەنها بە یەکێتی ئەبێت ؟ تەنانەت یارمەتیو پشتیوانی دۆست و هاوڕێیانیش تەنها بە یەکێتی ناوخۆمان دەست پێ ئەکات .

با بانگەوازی بەکۆمەڵمان ئاراستەی ئەو هێزە کوردستانیو دۆستانەمان بکەین کە بەهەستێکی بەرپرسیارەوە دەنگی خۆیان دەربڕیوەو بانگی هەموو گەلانی ئاشتیو ڕزگاریو دیموکراسی خواز دەکەن ، بانگی هەموو هێزێکی دژ بە چەوساندنەوەی ڕامیاریو نەتەوایەتی گەلان دەکەن، سەرنجی هەموو ڕێکخراوێکی پارێزگار لە مافی مرۆڤ ڕادەکێشن بۆ یارمەتی نەتەوەی کوردو پاراستنی لە هێرشی دڕندانەو ناڕەوای دیکتاتۆرە بێ ئابڕۆکانی تورک و کاربەدەستەکانی عێراق و ئێرانی ترسنۆک ، کە ببنە ڕێکخەرێکی ئامادەیی بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی داخواز .

نەتەوەی کوردی کۆڵنەدەر هەرچەندە بەشی خوراوو داگیرکراوە ، خاوەنی مافەو بڕوای بە مافی خۆی بەتینە . بەهێزو توانای ڕۆڵەی یەکگرتوویو بە یارمەتیو پاڵپشتی دۆست و هاوڕێیانی گەرەو دەباتەوەو دوژمن دەبەزێنیو هەر بە ئامانج دەگات .

****

chalakmuhamad@gmail.com

# بەرهەمی ڕووناکبیری کورد لە ئەوروپا

( شــۆڕش کوردســتانی )

نووسەران و ڕووناکبیرانی ئاوارەی کورد لە ئەورووپادا ،بەپێی توانا و دەرفەتی زەحمەتی چاپ و بڵاوکردنەوە ، ناو بەناو ، بەرهەمی بیرو خامەی خۆیان بە خوێندەوارانی کورد دەگەیەنن . هەڵوێست یش وەک گۆڤارێکی کوردی ئەورووپایی بە ئەرکی خۆی دەزانێ سەرنجی خوێنەرانی کورد بۆ ئەو بەرهەمانە ڕابکێشی و هەر لەو کاتیشدا ، بیانخاتە ژێر تیشکی لێکدانەوەو ڕەخنەوە... جێی خویەتی لێرەدا ، تکا لەهەر نووسەرو ڕوناکبیرو دەزگایەکی کورد لە ئەورووپادا بکەین کە چاپکراوەکانی خۆیانمان بۆ بنێرن تا ئێمەش بتوانین بەپێی دەرفەت و دەرەقەت هاتن بیانخەینە بەر چاوو لێیان بکۆڵینەوە . لەم ژمارەیەدا لەچەند بەرهەمێک دەکۆڵینەوە ، بەهیوای ئەوەی لە ژمارەکانی داهاتوودا چەند بەرهەمێکی تریش بە خوێنەرانی هەڵوێست ـ بناسێنین .

*************

سیاسەت و بێتاوانی لە (١)

( دەروێشەکان بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن )دا

ئەمە شانۆگەرییەکە لە نووسینی ( مستەفا حەلاج ) و مامۆستا محمود مەلا عزەت لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی و لە ساڵی

chalakmuhamad@gmail.com

١٩٨٣دا لە سوێد لە چاپخانەی ( شەهید جەمال تاهیر ) بە چاپی گەیاندووە . کاک محمود وەرگێڕانە کوردییەکە پێشکەش بەو سەربازە ونبووانە دەکا کە ( لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەی ناو زیندانی فاشیستەکاندا ووشەیەک لە دەمیان نەهاتە دەرێو ڕێگەی سەرفرازیو سەربەرزییان گرتەبەر بەرەو کاروانی شەهیدانیان کۆڕی خەبات ) لەم پێشکەش کردنەو پێشەکییەکەی وەرگێڕەوە ، خوێنەر بۆی روون دەبێتەوە شانوگەرییەکە سیاسییەو لەمەڕ ژیان و خۆڕاگرتنو بەرگری زیندانە سیاسییەکانە لەژێر ئەشکەنجەو فەلاقەو جەزرەبەدانی لەش و گیان کە فاشیستەکان دەرهەقیان ئەنجامی دەدەن ... هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ، پەیوەندی راستەوخوی بە تاقیکردنەوەی وەرگێر خۆیەوە هەیە . هەروەک خۆی دەنووسێ ( وەکو خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژی دووسەدو پێنج رۆژی ناو زیندانەکانی " هەیئەی تەحقیقی خاصە لە کەرکوک " رووداوەکانی ناو ئەم شانۆگەرییەم وەکو دیمەنێک لەو هەزارەها رووداوو کارەساتانەی ناو ئەو زیندانە هاتە پێش چاوو رووبەکی راستی ڕێگەو شوێنی فاشیستەکان ئەخاتە بەرچاو .

*******

سەرجەمی رووداوەکانی شانۆگەرییەکە لە دەوری یەک کەس دەخولێتەوە کە ناوی ( دەروێش )ەو بە ناهەق ، هەر لەبەر ئەوەی ناوی لە ناوی کەسێکی تری تاوانبار دەچێ ، گیراوەو خراوەتە ژێر ئەشکەنجەی جۆرا و جۆرەوە بۆ ئەوەی دانی پیا بنێ کە ئەو تاوانبارە راستەقینەکەیە ! بەلام مەسەلەکە هێندە ئاسان نیە . واتە هەر

chalakmuhamad@gmail.com

بە دان پێداهێنانێکی سووک کۆتایی نایە... دەبێ بەراستی ببێتە ئەو تاوانبارە وتە: لەژن و منداڵی خۆی بێ بەزەیی و هی ئەو بە هی خۆی بزانێ... دەبێ چیرۆکەکە هەمووی بگێڕێتەوەو ناوی چەندەها یاخی و سیاسی تر بڵێ: دەبێ قسە بکا، خۆی بگۆڕێ، ژیانێکی تر، هەویەتییەکی تر، بیر کردنەوەیەکی تر، خیزانێکی تر بۆ خۆی دروست کا. دەبی ببێتە دوو مرۆڤ، دوو کەسێتی دژ بەیەک، خۆی کە دەروێشە راستەکەیە، بخاتە ژێر (خۆ)یەکی ترەوە، دەروێشێکی تر کە نەیدیوەو نای ناسێ و ئاگای لە کەین و بەینەکانی نییە. کەچی دەبێ هەموو شتێکی دەربارە بزانی، ئەگینا (شتەکان، دوابراوەکان) کەرەسەو ئالەتەکانی ئەشکەنجە، ئامادەن پێست و مێشکی داماڵن و پێست و مێشکیکی تری بەبەردا بکەن !!

ئەمە نێوەندی دراما ی شانۆگەرییەکەیە.. لە جوڵاندن و درامی کردنی ئەم نێوەندەدا نووسەر زیرەکانە مەبەستەکانی خۆی دەپێکێ: واتە روونکردنەوەی ئاستی تاوانکاری و دڕندەیی سزا و ئەشکەنجەی فاشیستەکان و دەرخستنی ئەو راستییە کە لەژێر سایەی رژێمی فاشیستیدا کەس نییە بێ لایەن بێ، کەس نییە بتوانێ لە خۆی، لەژیان و کەرامەت و ئازادی خۆی دڵنیا بێ... کە (سیاسی نەبوون)گەمژەییەو سیاسی بوون: ئیختیارێک نییە لەبەردەم مرۆڤدا، بەڵکو لە ناو جەرگەی بەربەرەکانییە مێژووییەکانی ناو کۆمەڵەوە، لەناو جەرگەی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییەوەیە .

********

نووسەر لە سەرەتاوە کێشەی بەربەرەکانی مرۆڤ، لە نموونەی

chalakmuhamad@gmail.com

( دەروێش )داو ، هێزی دەسەڵاتدار ، لە نموونەی پیاوانی ئەمەندا ، وەک کێشەی: قسەو بەکارهێنانی زمان دەخاتە روو . دەروێش گیراوەو پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش مرۆڤەو زمانی هەیەو دەیەوێ بزانێ بۆ گیراوەو پرسیاریان لێ دەکاتەوە .. بەڵام ئەم وەزعە ئینسانییە سروشتییە هەر زوو کۆتایی پێ دەهێنرێ... دەروێش : نابێ پرسیار کا ، زیاد لەمەش دەبێ : ئەو شتانە بڵێ کە ئەوان دەیانەوێ... لێرەدا زمان و قسە دەوری نامێنێ . هێز هەموو شتێکە . هێز وشەو رستەو چیرۆکەکان دروست دەکا ... مەسەلەیەکەلای دەروێش زۆر سادەیە ، زور روونە ، دوو ناو لەیەک دەچن بەڵام ئەو خۆیەتی و کەسی تر نیە!! لای ئەوان: لەگەڵ هەزاران مەسەلەی تردا تێک هەڵکێش کراوە: مەسەلەی سیاسەتە ، حوکمە ، مانەوەی دەسەلاتە . لە ئاستی لێدان و زللەدا : زمانی دەروێش لەکارکردنی سروشتی خوی دەکەوێ، ئەوە دەڵێ کە دەیانەوێ ، ئەو چیرۆکەی ژیانی(ئەوەکەی)تر دووبارە دەکاتەوە کە (ئەوان) بۆی دەگێرنەوە .(ئەوان)هەموو شتێ دەربارەی مرۆڤە سیاسییە (تاوانبارەکە ) دەزانن . ئێستاش دەیانەوێ (دەروێش) لە شێوەو رەنگ و روخسارو دەنگ و مێژووی ئەودا دروست کەن.... ئالەتی ئەشکەنجە دەبێ بە سەرچاوەی دەنگ . دەروێش قسە ناکا ... ناتوانێ قسە بکا . بەڵام هەر کە ئالەتەکەی لێ وەکار خرا وەک _ تەسجیل _ چیرۆکە_ ساختەکە_ دەگێرێتەوە . دان بە هەموو ئەو شتانەدا دەنێ کە نەیکردوون.کە هیچیان لەبارەوە نازانێ .....

( هەر بۆ ئەوەی دوا بڕاوەکان بوەستن بڕیارم دا چیان ئەوێت و چۆنیان ئەوێت بیلێم .. ئیتر دەستیان کرد بە نووسین،

chalakmuhamad@gmail.com

چیان ویست وتمو نووسیان... ئیتر وام زانی مەسەلەکە بەتەواوی کۆتایی پێ هێنراو فایلەکەم داخرا.. کەچی لەپڕ.. شتێک لەناو سنگمدا هەڵقوڵا ). ( لا ١٩)

ئەو شتە ویژدانە . ویژدانی مرۆڤایەتی . مەسەلەکە دەبێ بەشتێک لە ناوەوەی دەروێش . لە هەست و بیرکردنەوەی ناخی.. لە تەبیعەتی گەردوونیانەی . ( لە خەمی خۆم بوومەوە، خەمی ئەوی ترم تێ ئالا). جارێکی تر ئینکارم کرد کەمن ئەوی تر بم... ئەقڵ نایگرێ ئەو خۆی نەبێو کەسی تر بێ . بەڵام وەک پاسەوانەکە دەڵێ ( راستە ئەقڵ نایگری... بەڵام بو نەگبەتی وا ئیستا ئەقڵ ئەیگرێ و ئەولاتریش ) ( لا — ٢٣) . ئەقل گرتنیش مەسەلەی هێزە، هێز ئەقڵ دروست دەکا . ئەقڵ ئەوەیە کە هێز دەیسەلمێنێ .لە فەرهەنگی فاشیستدا ئەقڵ و هێز بەیەکەوە گرێ دراون . هەر شتێکی دژی هێزی دەسەڵاتداربێ ، هێزی چینی چەوسێنەرە، منداڵانەو بێ ئاقلانەیە .هەرچی بو مانەوەی دەسەلاتی سەرمایەداریو فاشیزم بەکەڵک بێ‌گەرچی چەکی نێوترونی دنیا قڕان — تێخەریش بێ: ئاقڵانەو شارستانیانەیە !!.. قسەی هەق ، قسەی راستە داد، شێتیە..... نووسەر ئەم مەسەلەیە وەک کێشەی نێوان ئەقڵ و دڵ دەخاتە روو. ئەقڵ ، وەک هوشیاریيەکی دەرەوە، دەشێ لە مرۆڤ بسێندرێ . دەشێ ناچار بکرێ رەش بکاتە سپی . بەلام دڵ، هێزی ناوەوەی مرۆڤ ، هێزی مرۆڤایەتی — ناسینی خۆی ، ناشێ داگیر بکرێ.

( دڵم قسە بۆ میشکم ئەکات — دەروێش کوڕە ئەوە تۆ شێتیت چۆن ئەتوانی بڕوا بکەیت کە تۆ دەرویشێکی تری پێچەوانەی خوتیت ؟ مێشکم وەرام ئەداتەوە: ئەبم بەوی ترو خۆم رزگار ئەکەم. دڵم

chalakmuhamad@gmail.com

وەرام ئەداتەوە: تۆ چۆنت ئەوێ وا بکە بەڵام من ناتوانم ئــــەوە بـــکەم......هتد..)

بەڵام دڵیش، دڵی مرۆڤیش، گۆشت و خوێنە. تا چ ئاستێک دەتوانــێ بڕکا؟ (تواناﻡ نەماوەو ورەم رووخاوە ئیتر چیتر بەرگە ناگـرم ـ من چیمە بەسەر خەمەکانتەوە، پێستم شەقار بووە... ئــەوەی لــە فایلەکەدا نووسراوە هەموو شتێکەو بڕایەوە).

دەروێش بۆتە ژمارەیەک، پێناسەکەی و هاوکێشەکەی لە فایل دایە. مرۆڤایەتی لێ سەندراوە. لەشیها ڕدراوە. مێشکی سەندراوە. دڵــــی گوشراوە. تەڕایی تێدا نەماوە.. ئەویش لەبەر هۆیـــەک کە لـــە ئیختیاری خۆیدا نیە.. لەبەر ناوێک کە خۆی بۆ خۆی هەڵنەبژاردوە. بەڵام ئێستا ئەو ناوە کردوویەتی بە سیاسی، بە خەباتـــگێڕ. بـــە تاوانـــکار.

(تۆ دەروێش عبدالرحمن یت ـ کەوا بوو تۆ بازرگانەکەی نــاو قەیسەری وەسمان پاشایت و لە گەڕەکی سەرشەقام خانووی ژمـــارە ١١/٠ ت هەیە. ئەو پیاوەیت کە دەمێکە لەگەڵ سیاسەت خەریکی... نهێنگرو گەریدەی ناو شەوەزەنگ ـ تێکدەرو ئاژاوە چیت).

ئەم ناوە تەنها ناو نیە. کارە. کردەوەیە. بۆیە (دەرویش) بـــەوە رزگاری نابێ بڵێ من هەوم! دەبێ بشڵێ چ کارێکی ترسناکی کردووە؟ چونکە ئەوان نایانەوێ (ناو) بکوژن، بەڵکو لەو ناوەڕا ئـــەو کارانەی لێی دەترسن: کاری شۆڕشگیرانە.... بەڵام دەروێش لـــێرەدا دەوەستێ: لەوەی لە فایلەکەدا نووسراوە (واتە ئەوەی ئەمنـــەکان خۆیان دەیزانن) زیاتر، هیچ نازانێ، چونکە ئەوەی دەشـــیزانێ

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوان فێریان کردووە. ئای لەم نەگبەتییە؟

دەروێش خۆی چوار منداڵی هەیە. دەروێشەکەی تریان سێ. ئێستا دەبێ حاشا لەو منداڵەی تر بکا. دەبێ ناوەکانیان ناوی ئەو سێ منداڵەی تر بن. دەبێ دانی پێدا بنێ کە تەنیا وڕێنە دەکا: چوارەم منداڵ خەیاڵە، ئاواتێکی بەدی نەهاتووە گەرچی بەلای خۆیەوە راستییە، کەسێکە هەیەو دەژی، بەلای لێکۆڵەرەوەی ئەمنەوە خەوەو هیچی تر. خەونێکە لە مێشکدا شێوەی راستی وەرگرتووە..ئەمە قامچی دەیسەلمێنێ.

دەروێش خەریکە شێت بێ، داوا دەکا تەنیا رێگەی بدەن ناوی یەکێ لە منداڵەکانی وەک ناوی خۆی بڵێ، نەک وەک ناو و فایلەکە، بۆ ئەوەی توانای هەبێت خۆی بەسەر پێوە بگرێ! بەڵام نا- ئەمە شێتییە. دەبێ هوشیار بێ. بۆ ئەوەی هوشیار بێ دەبێ ناوەکانیان باش بزانێ، وەک (ئەوان) دەیانەوێ.

ئەمەش کارێکی سەخت نییە. دژوارییەکە ئەوسا دەست پێ دەکا، کەدەبێ باسی پیلانەکە بکا، باسی عەمەلیاتەکانی وەک پێشمەرگەیەک، چی کردووە، کێی لەگەڵ بووە، ئامانجیان چی بووە؟!... هەرچونێ بێ قامچیو ئەشکەنجە، مێشکی دەخاتە گەڕ، هەموو شتێکی پێ دروست دەکا. ئێستا وای لێ هاتووە: قسە لە زمانییەوەو لە سنگیەوە دەرناچن. قسەکان لە قامچییەکە هەڵدەوەرن. چاوی لەسەر قامچییەکەیە. دەزانێ قامچی چی دەڵێ، چی دەوێ، ئەوە درووست دەکا؟ خۆی لەبیر دەچێتەوە. خۆی نییە. مرۆڤێکە قامچی دروستی کردووە.. بەهەر شێوەیەک بیەوێ دایدەڕیژی، بەهەر ئاوازێک بیەوێ

chalakmuhamad@gmail.com

دەیخاتە گەڕ . خاوەنی ئەو مێژووەیە قامچی نووسیوێتی. کاتێ لەسەر وشە یەکی دەکەوێ ، تکایان لێ دەکا لێی نەگرن،هەر سەر رستەکانی بیر بێننەوە: هەموو شتێ دەڵێ ! بەڵام کە ناتوانێ هەموو شتێک بڵێ: زەماوەندەکەی بۆ سازدەکەنەوە. ساردا وەکە..... دۆزەخ .

( من دەروێش عبدالرحمن م ـ دڵە شێواوەکەم رایکێشامە ناو ئەم نەگبەتییەوە....من ئەو کەسەم ئێوە بەدوایا دەگەرێن.... من دەروێشم.دەروێش منم . ئەبم بە دەروێشەکەی تر ـ ئەبم بەدوو دەروێش . بەسیان ، بە هەزار بە چیتان ئەوێ ئەبم ) . (لا ـ ٥٣)

سەرلەنوێ: بەزمەکە دەست پێ دەکاتەوە. پرسیارو وەڵام . دەبێتەوە مرۆڤی ناو فایلەکە بێ زیاد و کەم.( ئەگەر هەڵەیشم کرد ئەوا فایلەکە راستی کردۆتەوە ).. دەبێ بە فایلێکی ئەمن و هیچی تر . کە ئەو بوو بە فایلەکەو فایلەکە بوو بە ئەو، ئەوسا ئەو دەورە دەبینێ کە بە فایلەکە سپێردراوە. بەڵام گیرو گرفتی زمان و قسەی هەیە: چونکە زمانی ئەو لە فایلەکە تێپەر ناکا . دەترسێ هەرچی بیلێ ـ خۆی وەک خۆی لێ بکاتەوە ـ لەگەڵ راستی ناو فایلەکەدا نەگونجێ . ئەوسا قامچی راستی دەکاتەوەو ساردا و سری دەکا .. بەڵام گۆرانە درامییە گەورەکە لێرەوە دەست پێ دەکا .دەبێ قسە بکا .دەبێ بزانێ قسە بکا . ئەو قسانەش لەدەرەوەی فایلەکەدا دەیکەنەوە بە مرۆڤی ئاسایی ، بە دەروێش عبدالرحمن ی کاسبکاری خاوەن ژنو منداڵ . ئێستا بەزۆر بەسەریا سەپێنراوە هەموو ژیانی خۆی وەک ژیانی سیاسییەک نیشان بدا .

پرسیارەکە خۆی گەڵاڵە دەکا : بۆ سیاسی نەبوو؟ چ جیاوازییەک دەبوو

chalakmuhamad@gmail.com

گەر سیاسی بایە؟ هەر ئەم ئەشکەنجەو ئازارەی تووش نەدەبوو؟ بۆیە سیاسی نەبووە! چونکە نەیزانیوە ئەم دڕندانە هەن و ئەمە کارو پیشەیانە. لێرەدا هۆشیاری سیاسی دەروێش دەتەقێتەوە. بەڕاستی هەموو ژیانی خۆی وەک سیاسەتێک دەداتەوە. دەتوانێ لە روانگەی تێگەیشتنی سیاسی تەبیعەتی حوکمو زۆرانبازی چیناتی ناو کۆمەڵ چیرۆکی ژیانی خۆی وەک سیاسییەک بگێڕێتەوە... دەزانێ لەدایک بوون: یانی هاتنە ناو جیهان، ( جیهانیش هەر خۆی پیلانە... هەر جیهان خۆی پیلانی لێ کردمو تووشی ئەم داوەی خۆی کردم... کردمی بە مێردو بە باوک.. رای کێشامو رای کێشام. تا بەشێک لە خۆیو ببمە بەشێک لێی. شلەقانمیو هەژانمی تا تێکەڵی یەکێکی تری کردم ... ناوو شوناسنامەو ماڵ و منداڵ و شوێن و شارو وڵاتی دامێو کردمی بە لێپرسراویان.)

کەوایە سیاسەت جیانییە لە ژیان، لە جیهان. ئەمە کاکڵی مەبەستی نووسەرە. ئەم مەبەستە لە چوارچێوەیەکی درامی، لەناو قەدی ناکۆکیو جیاوازی لێکدانەوەکانی ژیاندا، پەرە پێدەدا. مرۆڤ: تاکە کەسێک نییە لە کونجی قازانجی تایبەتی خۆیدا، ژیان بەسەر بەرێ. هەر یەک لەم شتانە: ناو، خێزان، هەوێتی، منداڵ، شار، وڵات... دەیخەنە ناو جەرگەی جیهانەوە: جیهانیش سیاسەتە. گەروا بیر نەکاتەوەگێلەو وەک دەروێش دەبێتە قوربانی گێلیو خۆپەرستی، ساوێلکەیی خۆی. جیهان هەمیشە لە تاکە کەس گەورەترە. مرۆڤ تێکەڵی یەک دەبن، بیانەوێو نەیانەوێ. درامی کردنی ئەم مەبەستە لەو خەونەدایە کە دەروێش دەیبینێ...

chalakmuhamad@gmail.com

لەخەوندا ، جیهانی مرۆڤ ، جیهانی سۆزو خۆشەویستی. هێشتا سەوزە ، گەرچی ئەو خۆی لە سەحراو بیابانی غوربەتدا دەبینێتەوە . دەنگی ئافرەتێکی دێتە گوێ . دەنگی مرۆڤ . دەنگی سۆزو عاتیفە . بەلام ئەو هێزو وزەی خۆشەویستی نەماوە.. لەبەری هەلدێ ... بوونی بە مرۆڤێکی تر ، لە خەونەکەشدا ڕەنگ دەداتەوە . دەنگەکە دەنگی ( شیرین )ی ژنیەتی . بەلام نابێ ژنە ڕاستەقینەکەی خۆی بناسێتەوە . نابێ وا نیشاندا دەنگەکەی بەگوێی ئاشنایە . دەبێ حاشا لە ئەوینەکەی بکا . درۆ لەگەل خۆیدا بکا .. دەیەوی سەیری نەکا . چاوی لە چاوی نەبڕێ، قسە نەکا . چونکە ( جەللادەکان ) ( هەموو نهێنییەک دەزانن . هەموو ڕازو نیازەکانی ناو دلیش ئەزانن). بەم جۆرە نووسەر نیشانی دەدا چۆن ترسان و تۆقین لە ئەشکەنجەو ئازاری فاشیزم دەبێتە بەشێک لە سایکۆلۆژی ناوەوەی مرۆڤ ، لە قوولایی دل و دەروون و مێشکدا ڕەگ دادەکوتێ . دەرویش نایەوێ تەنانەت باسی مندالەکانیشی ببیستێ . لێرەدا دەنگێکی تر دێ: دەنگی نەسرین ئەو ئافرەتە دەبێ بەپێی فایلەکە ژنی بێ. ئەویش هاوار لە دەرویش دەبەستێ بەجێیان نەهێلێ... بۆتە باوکی مندالانی بێ باوک . لێرەدا شیرین و نەسرین دەبن بە دوو ڕەمزو هەموو کێشەکە دەردەخەن ، ئەوە ئەو کێشە سیاسیە ـ فیکرییە ـ کۆمەلایەتییەیە نووسەر دەیەوێ لە شانوگەرییەکەیدا دەری بڕێ. شیرین دەبێتە ڕەمزی ئاوات و خواستی خیزانێکی بۆرژوازی کە دەیەوێ بۆ خۆی بژیاو بەس ، خەلکی چیان لێ دێ: چش ، دنیا بەرەو کوێ دەڕوا ، با بڕوا ، مال و حالو حەسانەوە . سیاسەت بقەیە . ئەو دەیەوێ ـ دەرویش ـ بگەڕێتەوەناو

chalakmuhamad@gmail.com

ماڵو منداڵەکانی خـــۆی .

بەڵام نەسرین رەمزی ژیانە وەک کێشە ، وەک مەسەلەی خەبـــات ، وەک مرۆڤایەتی، وەک جەنگان دژی چەوساندنەوەو زۆرداری چینایەتـــیو سیاسی. خـــۆ یانی چی؟ ئایا مرۆڤ سەر بە تاکە خێزانێکە ؟ـ دەروێش ناتوانێ ئەم بیرە قبوڵ کـا :

( بۆ هیچ کەسێک واز لە خۆم ناهێنم... من دەروێشێکی سادەو هەژارم. هیچ نازانمو هەر ناشزانم بەری سیاسەت لەکوێوەیە ، مـــن نامەوی کۆڵی ئەو هەموو خەڵکە بەم بەکۆڵما ).

بەڵام نەسرین بۆی روون دەکاتەوە کە مەسەلەکە : هەڵبژاردن ـ نیـە . ویستن نیە . ئەو هەڵبژێردراوە ئەو کارە بکا . مەسەلەکە جیـــهانە . دوو بەرە هەیە لە جیهاندا : ئەوانەی خاوەن سامان و سووپاو قامچیو زینداندن . ئەوانە لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بن پشتی یــــەک دەگرن. هێزن بۆ یەکتری، هاو سیاسەتن. هاو ئامانجن. تینـــووی خوێنو گۆشتن . دڕندەی جەنگەڵن . بەرامبەر ئەوانەش :

هەموو چەوساوەو بەشخوراوان و مرۆڤانی ئاسایی یەک بەرەن. بـــە خۆیان بزانن یان نەزانن، تا زۆردار بمێنێ، تا سەرمایەدار بمێنێ هەڕەشەی مەرگ و چەوساندنەوەو دیلێتی ژیانیان گەماڕۆ دەدا .

لێرەدا نووسەر هاوار دەکا : بێ تاوانی تاوانە . واتە ئەوانـــەی خۆیان بەبێ گوناحو ساوێلکەو بێ تاوان دەدەنە قەڵەم، ڕاستییەکەی ئەوان تاوانبارن ، چونکە ئەوان ڕێگا دەدەن تاوانبارەکان لـــە کوشتن و بڕین و دۆزەخاندنی دنیادا بەردەوام بن.... بۆیە دەروێش بە ترسنۆکی خۆی ، بە بەزین ، بە نەفامی ، وەک نەسرین دەڵێ لـە

chalakmuhamad@gmail.com

هێشتنەوەی تاواندا بەشدارە ..

نەسرین:- ( تۆش بڕۆیت هەر کە سێبەرەکەت ون بوو ، دەست ئەکەن بە گەڕان بۆ یەکێکی ترو یەکێکی تر. ئیتر بەو جۆرە جیهان هەروا لەناو تاوانو گەوجێتیو قوربانیدا ئەمێنێتەوە..... ئازاری مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێ.. دەرویش ... هەر بەردەوام ئەبێو ئەبێ هەمووشی هەر بە هۆی تۆوە ئەبێ ..)

دەروێش :.... خواو هەموو دنیاش ئەزانێ کەمن بێتاوانم. هیچ پەیوەندییەکم بە مەسەلەکەوە نییە ـ من بێ گوناهم،بێ گوناه .

نەسرین : هەموو مرۆڤی سەرانسەری ئەم زەمینە کە جوولەیان تیاما بێ ، بەو مەسەلەیەوە بەستراون ، بیانەوێ و نەیانەوێ لەناو کێشەکەدان ... بشڕۆیت لەوانەیە هەر لە یەکەم کۆڵاندا بکەویتە داوێیانەوە.

نەسرین ، ڕەمزی ئەوینی ژیانە، ڕەمزی مانای ژیانە ، کە ژیان خۆی هەڵی دەبژێرێ ، نەسرین ـ وەک تاکە کەس نەناسراوە. دەروێش پێی ئاشنا نەبووە. بەڵام وەک کێشە لەناخی ژیاندا هەڵقوڵیوەو باوەشی بە دەروێشدا کردووە. بەبێ ئەوەی بیناسێ لەسەری ئەشکەنجە دراوە. مێژووی ژیانی بەناوی ئەوەوە نووسراوەتەوە. دواڕۆژوچارەنووسی بە ئەوەوە بەستراوەتەوە. ئیدی چۆن دەشێ هێشتا ـ لەگەڵ ئەم هەموو قوربانییەشدا ـ واز لە نەسرین بێنێو بگەڕێتەوە بۆ شیرین؟!

دەرویش ورە بەردەدا ( با ئەم زەمینە چۆن دروستکراوەو چۆن ئەخولێتەوە، وەک خۆی بمێنێتەوە ). ژیان بە قەدەرو چارەنووسی نەگۆڕ تێدەگا ... دەیەوێ هەڵبێ، بەڵام بۆ کوێ ، خۆی، جیهان خۆی

chalakmuhamad@gmail.com

ئاشکرا دەکا ... هەست دەکا ( تاوان هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە ...روو بکەیتە هەر شوێنێک یەخەت دەگرێ) .

نەسرینیش پێی دەڵێ: تەنها یەک دەنگ لە هەموو جیهاندا دەنگ دەداتەوە : جیگەی بێ تاوانی نابێتەوە ). ئەی چار چیە ؟

چار ـ نەسرین دەڵێ ـ خەباتە ، چەکە ( جیهان سەرجەم چەوساوەیە . دیلی ئازارو ئەشکەنجەو برسێتی‌یە ... دەبگەڕێ بە دوای چەکاو بیکەرە شانت ).

شیرین ع دەیەوێ میردەکەی( دەروێش ) لە چەک دوورخاتەوە. ڕاستە جیهان پیس و گلاوە . بەڵام پیاو دەتوانێ فڕێی‌دا . بەڵام نەسرین دەری دەخا جیهان فڕێ نادرێ. پەیکەرێکە لەناو دڵا.. دەبێ چاک بکرێ. پاک بکرێتەوە . زەمانی گەڕانەوەبەسەرچووە... مرۆڤ تەنیا ملکی خۆیو ماڵ و منداڵی خۆی نیە .

نەسرین : ( هەموو ئافرەتە کۆستکەوتووەکان هی تۆن .

هەموو منداڵە بێتاوانە ئەشکەنجە دراوەکان بۆ تۆ ئەبن .

.. پشتت پشتی هەموانەو هەڵگری کۆڵی بێتاوانەکانە .

.. ترس بڵقی سەر ئاوەو ئەڕوا .. ئەوەی ئەمێنێ تەنها ئازایەتییە ).

شیرین بۆ ئەوەی دەروێش پەشیمان کاتەوە : مناڵەکانی بۆ دێنێ . لەبەر رووناکی سەیریان دەکا . بەڵام چاوی نایان بینێ. تازە ڕۆی . مرۆڤێکی ترە... تێکەڵ بە مرۆڤێکی تر بووە. تازە ئەو ئەو نەماوە. نەک هەر بەبیرو خەون... بەڵکو بە رەنگ و روخسار. چاویان بە سوژن هەڵکۆڵیوەو تاوانیان تیا چەندووە. منداڵەکانی نایناسنەوە. ( دایە ، دایە ئەم پیاوە چی لەمن دەوێ ، دەریکەـ دایە دەریکە ).

chalakmuhamad@gmail.com
تازە بشیەوێ نابێتەوە خاوەن ماڵ و حاڵ. بەشێکە لە کارەساتی جیهان .لە ناکۆکی ژیان . لە خەبات و بەربەرەکانی هێزی گەردوونی مرۆڤ و هێزی جەنگەڵ ... ئێستا ئەو بۆتە مس ، قوڕقوشم . دڵی نەماوە . مێشکی داماڵدراوە. نازانێ نە پێ بکەنێ نە بگری . ئەو باوکە نەماوە کە جاران هەبوو.ئێستا بێ ناونیشان . ژمارەیەکی ڕووتە... لە ژیان و سۆزو هەستی گەرم ڕووتکراوەتەوە. لە ڕوانین لە نیگا ، لە بریقەی فرمێسک لە نەوای خەندە. ئێستا ئەو ڕەمزو نیشانەیە. ژیانی یانی ئەو ڕەمزە. ڕەمزی کێشەی مرۆڤ . کێشەی جیهان . خۆ داب‌ڕانی لەو کێشەیە مەحاڵە. بۆتە خاڵێک لە بازنەی کێشەکەدا ... بۆیە هاوار دەکاتە نەسرین:( ئەی هاوژینی ئاوارەو لێقەوماوو زۆر لێکراوان . ئەی دایکی منداڵە هەتیوەکان . ئەی گیان و بێزاری دەنگی ئەم جیهانە سەرلێشیواوە. ئەوەی مەبەستت بوو هاتەدی ، ئیدی دوای ئەوە تۆش جێم دێڵی . وەرە... وەرەو نهێنییەکانی ئەم ڕوخسارە ووشک بووەم بۆ باس کە. وەرە پەنجەرەی گریان و پێکەنینم لێ بکەرەوە ).

ئەوسا لەگەڵ دەنگێکدا کە هاوار دەکا ( ڕێگەکە بازنەیەکەو زەمینیش داخراوە ). دەروێش خەبەری دەبێتەوە. پەنا دەباتە بەر پاسەوان لێی دەپرسێ سەیری بکا : بزانێ دەمو چاوی لە شوێنی خۆیەتی إ هەر وەک جاران گۆشت و خوێنە ؟إ نا . خۆی بۆتە شێوەی جیهان . شێوەی شێواوی جیهان . جیهانی ئاسن و قوڕقوشم. ئەو جیهانەی سەرمایەدارو فاشیستەکان دایان وەشاندووە... ئەو ئێستا لە راستی جیهان بە ئاگایە . لە مەحکەمەکەدا راستیە هەرە راستیەکە پێ لێ دەنێ :

chalakmuhamad@gmail.com

( من تەنها بێتاوانیم تاوانبارە. بێتاوانیم خۆی مەسەلەی ویژدان و ئازارە.. بناغەو بنچینەی ئەو مەسەلەیە لەبەردەمتانایە. بۆتە فەیلەسوف. لێی حاڵی بن. بەڵام سزادانی تاوانی بێتاوانی دەبێ جگە لە مردن چی بێ؟!. مەحکەمە بڕیار دەدا: مردن بۆ دەروێش.

********

ئەم شانۆگەرییەی مستەفا حەللاج لە سوریا لە ساڵی ١٩٧٢ دا، یەکەم خەڵاتی پێشبڕکەی درامی ئەنجومەنی بەرزی سەرپەرشتی هونەرو وێژەو زانیارییەکانی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، کاک مەحمودیش بە زمانێکی کوردی ڕەوان تەرجەمەی کردووەو هەوڵەکەی لەجێی خۆیدایەو شایانی ستایش و سوپاسە.

***********

( ٢ )

** ئاوازی گەروویەکی زیندوو.

** ڕۆشنایی لە دەنگەوە.

ئەمانە دوو کۆمەڵە هۆنراوەی پەخشانی کاک فریاد فاضل ـ ن، لەلایەن پەیمانگای زمانە ئێرانییەکانی زانستگای ئازاد لەبەرلینی ڕۆژاوادا یەکەمیان لەساڵی ١٩٨٢و دووەمیان لە ساڵی ١٩٨٣دا بڵاوکراونەوە. هۆنراوەکانی بەشی یەکەم هەندێکیان بۆ سەرەتای دەست بە شیعر نووسینی کاک فریاد لە سەرەتای حەفتادا دەگەڕێنەوە. بۆیە گەرچی زمانەکەشیان سادەو ڕوونە، بەڵام وێنەی کاڵ و کرچو نارێکی تێدان، هەروەک ئەم دیاردەیە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە شیعری کوردیدا باوبوو. بۆ نموونە شاعیر دەڵێ :

chalakmuhamad@gmail.com

ئەمەوێ لـــێت .....

( کام جیگایەی... کە زۆر چڕە .

کام لووتکەیە... کە ئێسکی تیادا پووا وە .

کام بن بەردەی کە مرۆڤـی تیا نەمـــاوە .

شـــــیعرەکانم ..

تۆو بن لەو ناوەدا ژێـــر بن ) .

ئایا ئێسک لەسەر لووتکەدا دەپوێ؟ یان بۆ دەبێ بن بەرد جێگای مـــرۆڤ بێ؟ یان چۆن تۆو ژێر دەبێ ؟

لە هەندێ هۆنراوەی تریشا هەندی جار وێنەو داڕشتنی شیعری تەواو هەست پێ دەکەین و هەندێ جاریش دەبینین شاعیر هەستەکانی خـــۆی لە قسەی ڕووت و ساکاردا دەردەبڕێ و لە تامو ئاهەنگی شــــیعر دادەبڕێن ... هەرچونێ بێ زۆربەی شیعرەکانی ئەم بەشە پەخشانن و باشتر وایە هەر بە حیسابی پەخشانیش هەڵیان سەنگێنین . ئەوسا زمان دەبێتە ئامرازیکی ڕاستەو خۆی دەربڕینی هەست و نەستڕازو نیازو خوازەکانی نووسەرو دەبینین توانیوێتی بەروونی و ڕەوانـی مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێ ... جا چ بابەتی خۆشەویستی و ئەویـــن بێ ، یان هەستی نیشتمان پەروەری یان خولیایەکی لامسەرلایی...... نووسەر تەنیا یەک دووری بە زمان دەدا : ڕاستەو خۆیی دەربـــڕین ، واتە وێنەی شیعری ، ئەگەر بەکاریش هاتبێ ، دەوری وەسف کـــردن دەبینێ و نابێتە ڕەمزی مانایەکی قووڵتر... ئەم وەسف کردنـــە لە شیعرەکانی بەرلینی دا ، ڕوونییەکەی تارادەی دەروشانـــەوە زیاد دەکا ـ( بۆ نموونە : پیانستیک ، دەرەنگانێک لە بەفــــرا ) .

chalakmuhamad@gmail.com

یا ن شێوەیەکی درامی وەردەگرێ( وەک ئەو شانۆیەی ئەکتەرەکانی بە سەربەرزی تیا ئەمرن." بەهەڵە تیایا "ی بەکارهێناوە- داستانی سێ نەوە-) ئەم هۆنراوەیان - وەسفێکی سەرنج راکێشی سێ پێشمەرگەیە کە عەمەلیاتێکی پارتیزانی ئازایانە لەناو شاردا ئەنجام دەدەن... بەم شێوەناسکە کۆتایی دێ:

بەیانی زوو ، کە شار هەستا
دیوارەکان ، بۆنی پێشمەرگەی لێ ئەهات
سێ جێ لێویش
بە سێ دەرگای ناو شارەوە
وەک ئالایەک
بو ساواکان ئەشنایەوە ،

لە ( ئاوازی گەرروویەکی زیندوودا ) هەست و خورپەی ناوەوەی شاعیر پەرە دەستێنن و چوارچێوەیەکی گێرانەوەیی/درامی بۆ خۆیان دروست دەکەن . جا چ بەگەڕانەوە بۆ تاقیکردنەوەکان و بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی یان بە هێنانە پێش چاوی کارەسات و رووداوەکانی شاری سلێمانی و خەباتی پێشمەرگەی کوردستان .

( ڕۆشنایی لە دەنگەوە ) هەروەها لەنێو ئەم دوو لایەنەدا خۆی دادەڕێژێ: هەست و خورپەو خواستی ( کاتی ) ئێستاو- تاقیکردنەوەو بیرەوەری وڵات . تیکەڵ کردنی هەست و بیرکردنەوەو روانگەی مناڵ لەگەڵ - تاڵی و دژواری واقیعی خوێناوی خەباتی پێشمەرگەدا لە هۆنراوەی( جەژنی لەدایک بوونی باوکێک ) و (هاتن.. پەڵە خوێنەکان لەسەر شەقامەکە بسڕنەوە )دا ، بەشێوەیەکی سەرنج

chalakmuhamad@gmail.com

راکێش ئەنجام دراوە .

وەک خاسیەتێکی جەوهەری رەسەنی شیعری کوردی ، هونراوەکانی کاک فریاد فاضل ـ یش بانگەوازێکن بۆ خۆشەویستی ، ئاشتی، ئازادیی مرۆڤ و ژیانێکی جوان ترو درەوشاوەتر ، بۆ هەموو مرۆڤایەتی . کاک فریاد تواینویێتی ئەو بیرو هەلوێستو ناوەرۆکە بەرزانە بە زمانێکی کوردی پەتی و راستو رەوان دابرێژێ. . ئەمەش نموونەی دوو کورتە هونراوەی شاعیرن .

ـ هێلانە ـ

جوانترین دار ـ لە باخێکی خوێناویا
ئەو دارەیە ،
گوڵی سووری لەخۆی دابێت
هەنگی دنیای تێ وروکابێت
لەسەر هەموو چڵێکی بەرز
باڵندەیەکی خۆشخوان ،
هێلانەیەکی دانابێت .

ـ جوانی ـ

جوانتر لە هەموو شتێکیت
لە شەوی تاریکا ڕوونیت
لە سروودی زیندان ئەچیت
کە پاسەوان و کەلەپچە
ڕاو ئەنێت و
لە زیندان تەرەیان ئەکات .

************

chalakmuhamad@gmail.com

( ٣ )

## گـۆڤـارى ( هـيوا )

( هيوا ) گوڤارێكى كوردييه ئەنستيتووى كورد له پاريس دەرى دەكا . ئەنستيتوو ( مەلبەندێكى كولتوورى سەربەخۆيە ) بە كۆششى چەندان رووناكبيرى هەموو بەشەكانى كوردستان لەسالى ١٩٨٣دا دامەزراوە . بێجگە له گۆڤارى هيوا ، گۆڤارى ( دراسات كرديە ـ مطالعات كردى) به عەرەبى و فارسى و ، گۆڤاريكى ترى لێكۆلینەوه به ئينگليزىو فەرەنسى دەردەكا .

ژمارەى يەكەمى( هيوا ) له تەشرينى يەكەمى ١٩٨٣دا دەرچوو ، له حوزەيرانى ئەمسالێشدا ژمارە دوويمان بەدەست گەيشت .

( هيوا ) پێشكەوتنێكى باشى بەدەست هێناوە .. ئەم ژمارەيە بەشێكى بۆ بيرەوەرى مامۆستا ( تۆفيق وەهبى ) تەرخان كراوە ... كاك ( هەڵكەوت حكيم ) باسێكى بەبۆنەى يادى دووسەدەمين سالەى درووست بوونى شارى سلێمانىـ يەوە نووسيوه كه تێيدا هەوڵ دەدا وەلامى ئەم دوو پرسيارە بداتەوه : بۆچى پايتەختى بابان له قەلاچوالانەوه گوازرايەوه بۆ سلێمانىو ، چى واى له ئيبراهيم پاشاى بابان كرد مەلكەندى بۆ دامەزراندنى پايتەختى نوێ هەلبژيرێ؟! كاك هەلكەوت زۆر سەرنجى ووردو زيرەكانه دەربارەى هۆيەكانى بازرگانىو سووپايى و شەخسى بۆ وەلامدانەوەى ئەو پرسيارانه پێشكەش دەكا .. كاك جەمشيد حەيدەرىـ يش له بەشێكى ترى لێكۆلينەوەكانى سەبارەت به چيرۆكى كوردى له عێراقدا باسى دوو بەرهەمى كولينەوەى حسێن عارف و مارف عمر بەرزنجى دەكا .

كاك سمكۆ ناكام باسێكى دەربارەى ( سەمبوليزم و رەمبۆ )نووسيوه

chalakmuhamad@gmail.com

که تێیدا سەمبولیزمی فەرەنسی لە ڕێگای بەرهەمەکانی ڕەمبـــۆوە دەناســێنێ .

بەشبـی کرمانجی ژووروو ، بەڵگە نامەیەکی ئیحسان نـــووری پاشای بڵاوکردۆتەوە ... کاک فەرهاد شاکەلیش ـ باسێکی دەربــارەی گیروگرفتەکانی درووست بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کـــورد نووسیوە .. چەند ووتارو هەڵبەستێکی تریش لەم بەشەدا چاپکراوە . لە بەشی دوملکی ( زازایی )شدا بەشی دووەمی فۆلکلوری کـــوردی بە زاری دوملکیو باسێک بەناوی ( زاری دوملیو مەولوودا عوسمان ئەفەندی ) لە نووسینی جەلادەت بەدرخان و چەند ووتارو هەڵبەستێکی تر بڵاوکراوەتەوە .. سووپاسی برایانی ( هیوا ) دەکەیـــن بـــۆ دیارییەکەیان و پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازیـــن . ئەوەمان لە بیرچـوو پێتان بڵێـــین کە مـــوژدەی ئەوەیان داوینێ ( هــــیوا ) بـــکەنـە چـــوار مانـگ جاریـــک .

************

chalakmuhamad@gmail.com

# ئاوا بوونی ئەستێرەیەک

ساڵی ١٩٨٤ بۆ مێژوو، هونەرو ئەدەبی کوردی ساڵێکی شووم و ڕەش بوو... کەم ساڵ وا لەسەر یەک پایزەکەی گەڵاڕێزانی بێ ووچان و غەمناک و پەست و دڵشکێن بوو... لە تۆفیق وەهبیی زمانەوان و مێژووناسەوە بۆ یەلماز گونی هونەرمەندو بلیمەت، لەوەوە بۆ جگەرخوێنی شاعیری ئاوارە... ئەوا لە کۆتایی پایزیشدا وەیشوومەی خەزانی گەڵایەکی بەنرخی دیکەی وەراند کە ماموستا عەلادین سەجادی بوو.

ووشەی "سەجادی" هەر لە فەقێیەتیو سەرەتای مەلایەتییەوە لە "ئیمامی سەجادە"وە وەری گرتووە کە خۆی بە موریدو دەروێشی ئەو داناوە.

ماموٚستا عەلادین لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩١٠دا لەدایک بووە.... بەڵام بەپێی دەفتەری نوفووس لە ساڵی ١٩١٥دا لە دایک بووەو بە نێوی دانیشتووی دێی "باراو"ەوە نێو نووس کراوە.

ماموٚستا عەلادین، کەی، لەکوێ، چۆن لەدایک بووەو کوڕی کێ بووە؟ ئەمانە زۆر گرنگ نین.... گرنگ ئەوەیە ئەو لەگوندێکی کوردستاندا لەدایک بووەو هەتا کۆچی دواییشی کرد خۆی و پێنووسەکەی لە پێناوی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی کوردیو مێژووی کورددا تەرخان کردووە.

chalakmuhamad@gmail.com

سەجادی یەکێکە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو نووسەرانەی چاکترین و زۆرترین بەرهەمی پێشکێش کتێبخانەی کوردی کردووە .

ئەو یەکەم کەسێک بووە هەوڵی مەردانەی نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی داوە . دە ساڵی ڕەبەقیش بە هاوکاری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڤاری گەلاوێژیان ۱۹۳۹- ۱۹٤۹ دەرکردووە . سەرنووسەرو خاوەنی گۆڤاری نزاریش بوو ۱۹٤۸- ۱۹٤۹ .

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی :

- مێژووی ئەدەبی کوردی
- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی .
- نرخ شوناسی .
- شۆڕشەکانی کورد ، کوردو کۆماری عێراق .
- گەشتێک لە کوردستاندا .
- هەمیشە بەهار .
- دەقەکانی ئەدەبی کوردی .
- ڕشتەی مرواری - هەشت بەرگ .
- فەرهەنگێکی کوردی ، عەرەبیو فارسی .

هەر لە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردەوە تا هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەزگا ئەکادیمییە گەورەیە ، ئەندامی کارا بوو .

سەجادی مێژوو نووس بوو ، چیرۆکنووس بوو ، پەخشان نووس بوو ، ڕۆژنامە نووس بوو .

لەڕۆژی ۱۲/۱٤/ ۱۹۸٤دا دڵی ئەو ئەدیبە گەورە لە لێدان کەوت و ماڵ ئاوایی وەفا و دڵسۆزی لەکوردو کوردستان کرد .

(( هەڵوێست ))

chalakmuhamad@gmail.com

****** پێڕســـــت ******


١ ـ ئامانجی سەرەکی شۆڕشـــی کوردان.... سکرتێری نووســـین ٣

٢ ـ چوارچـــێوەی ئیـــش .............. دۆســـــتی ٨

٣ ـ تێگەیشتنی یاسایی مافی خۆ- بڕیاردانی چارەنـــووس و

مەســـەلەی کـــورد......... دوکتۆر فوئاد محەمـــەد ٢٦

٤ ـ سیاسەتی پەروەردەیی لەنێو کورداندا ..... بالیســـان ٥١

٥ ـ شۆڕشەکانی ئازادیخوازی نەتەوەیی........ وەرگێـــڕان ٦٨

٦ ـ گەڕانەوەی پیرۆز" شیعر" ............. کەویـــار ٨٨

٧ ـ ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو" شیعر".... جەلال میـــرزا ٩١

٨ ـ دەفتەری خـــۆڵ " شـــیعر" ......... ڕەفیق ســـابیـــر ٩٥

٩ ـ ناوی تۆ تاوانـــی منە" شیعر" .....فەرهاد شاکەلـــی ٩٩

١٠ـ کۆرپەکانـــم " شـــیعر" ...... عیززەدیـــن ١٠٧

١١ـ ژانی بێ ســـارێژ" شـــیعر" ......... نامـــۆ ١٠٩

١٢ـ وتارێـــک دەربارەی کۆلۆنیالیزم...... وەرگێـــڕان ١١١

١٣ـ پشتگیری بانگەوازی کۆنگرەی فراوانـــی گەلـــی

کـــوردســـتان ................... هەڵوێســـت ١٢٠

١٤ـ نامەیەکی تایبەتی مەکتەبی سیاسی پاســـۆک ١٢٣

١٥ـ نامەیەکی تایبەتـــی ئەکســـا ............. ١٢٥

١٦ـ کۆنگرەی گەلـــی کورد.. چەند تێبینییەک... ئاشـــتی ١٢

١٧ـ بەرهەمی ڕووناکبیریی کورد لە ئەورووپا. شورش کوردستانی ١٣٧

١٨ـ ئاوابـــوونی ئەســـتێرەیەک ........ هەڵوێســـت ١٥٧

١٩ـ پێڕســـت ...................... ١٥٩

chalakmuhamad@gmail.com

( ناونیشانی گۆڤاری هەڵوێست )

HALWEST

P O BOX 114

COLCHESTER CO1 1FT

ENGLAND

ژمارەی بانک KSCS __ 0817791

نرخی (٣) پاوەندە / لە بریتانیا

نرخی ( ٣/٥ ) پاوەندە / لەدەرەوەی بریتانیا

chalakmuhamad@gmail.com

# HALWEST

A general cultural magazine in Kurdish_
published quarterly

No.4 1985